زنجیرە کتێبی سەرکەوتنی بێسنور

تواناکانت بەئاگا بێنەو

منتدى إقرأ الثقافي

ئاینده دروست بکە

www.iqra.ahlamontada.com



لەعەرەبییەوە:
جەبار تەنیا

نوسینی:
د. ئیبراهیم ئەلفەقی

تواناكانت بەئاگا بێنەو ئایندە دروست بكە

بلاوكراوەی خانەی چاپ و بلاوكردنەوەی چوارچرا

زنجیرەی (٢١٢)

ناونیشان / سلێمانی ـ سەرەتای شەقامی مەولەولەوی ـ بەرامبەر پالاس

مۆبایل ئاسیا ٠٧٧٠١٥٧٥٠٦٧ ـ سانا ٠٧٥٠١١٢٨٣٨٨

نرخی (٢٥٠٠) دینارە

دەروونناسی

تواناکانت بەئاگا بێنەو ئاییندە دروست بکە

نووسینی: د. ئیبراهیم ئەلفەقی

وەرگێڕانی: جەبارتەنیا

چاپی یەکەم

٢٠٠٩

پێناسی کتێب

ناوی کتێب: تواناکانت بەئاگا بێنەو ئاینده دروست بکە

نووسینی:ئیبراهیم ئەلفەقێ

بابەت:دەروونناسی

وەرگێڕانی: جەبار تەنیا

تایپ: وەرگێڕ

نۆبەتی چاپ: چاپی یەکەم ۲۰۰۹

چاپ: چاپخانەی چوارچرا

تیراژ: ۱۰۰۰دانە

ژمارەی سپاردنی (۱۳٥٦)

دەسپێك:

لەساڵی ١٩٤٨ کۆمەڵێك لەزانایانی پسپۆڕی چینەکانی زەوی، ڕۆشتن بۆ ئەفریقا بۆ گەڕان بەدوای ئەڵماس و بەردە نایابەکاندا، لەنێویاندا زانایەکی ژاپۆنی بەناوی(یوکی) تەمەن ٢٠ ساڵ پڕاوپڕ لەجۆش و خرۆش ناسراو بەکەسێکی بوێرو سەرەڕۆ.

بەیانیان زو لەخەون بێدار دەبویەوە بۆئەوەی دەستبکات بەگەشتە ڕۆژانەکەی بۆ گەڕان بەدوای ئەڵماس و بەردە نایابەکان ئێوارانیش کاتژێر دە دەگەڕایەوە بۆ هۆتێلەکەی.

ڕۆژان ڕۆشت و(یوکی) هیچ شتێکی دەسگیرنەبوو شایانی باسبێت، دوای دو هەفتە بڕیاری گەڕانەوەیدا بەرەو ژاپۆن، چونکە نائومێدیەکی زۆری توش بوبو، ئەمەش یەکەمین جارێك بوو لەژیانیدا دەست لەئامانجێك بشوات، کۆتا ڕۆژی لەکاتژێر پێنجی ئێوارەدا دەستی لەکار هەڵگرت، بڕیاریدا بگەڕێتەوە بۆ هۆتێلەکەی پێویستیەکانی ئامادە بکات بۆ گەڕانەوەی بەرەو وڵاتی خۆی، لەڕیگە چاوی بەمناڵێکی تەمەن شەش ساڵان کەوت، بەردێکی سورسورهێنەری جوانی بەدەست مناڵەکەوە بینی، دوایلێکرد بەرامبەر بەهەندێك شیرینی ئەو بەردەی بداتێ، مناڵەکەش قایل بوو بەردەکەی پێداو(یوکی) بەرەو هۆتێلەکەگەڕایەوە، لەوێ خستیە ژێر میکرسکۆبی تایبەتی ئەو بوارەو دەستیکردە لێکۆڵینەوە، چەند جارێك بڕوای بەچاوەکانی خۆی نەکرد، پشکنینەکانی تاقیکردەوە، دوای چەندین جار دوبارە کردنەوەی

بۆیدەرکەوت لەهەموو ژیانیدا شتێکی لەوجۆرەی نەبینیوەکەنرخەکەبگاتە دەملیون دۆلار.

پاشان لەتوێژینەوەکەیدا نوسی ئەو منالەخاوەنی گەورەترین سەروەت بوو، بەلام نرخەکەی نەدەزانی بەهەرزان فرۆشتی، ئەگەر دەرکی بەبەهای ئەو بەردە بکردایە هەرگیز بەو هەرزانیە نەیدەفرۆشت گەربیزانیبا بۆ هەتایی ڕزگاری دەبوو خۆیشیو بنەماڵەکەیشی لەهەژاریو نەداری ڕزگاریان دەبوو.

من خودی خۆم دەلێم:

زۆرێک لەخەڵکی پەی بەنرخی تواناکانیان نابەن ئەوەی خوای گەورە پێی بەخشیون، کاتیان بەهەدەر ئەدەن، یان ژیانیان یان خۆیان بەهەرزان دادەنێن، وەک ئەو منالەڕاستەقینەی ئەوەی ناودەستەکانی خۆی نەدەزانی.

ئەم ڕاستەقینەیە چیرۆکێکم بیردێنێتەوە کەبەرلەدوهەزار سال زیاتر ڕوویداوە، کاتێ هەندێك لەگەورە پیاوانی چینیەکان کۆبونەوە، بڕیاندا پەیکەرێکی ئالتونی دروست بکەن، کەکێشەکەی زیاتر لەپێنج تۆن ببێت، مەبەستیش لەدروستکردنی بێتە کەلتورێکی چینو مێژو لەبارەیەوە بدوێت، گەشتیاران بێن بۆسەیرکردنی لەهەموو شوێنەکانی جیهانەوە، بۆیە دەسبەکاربونو پەیکەرەکەیان دروستکرد.

دوای ئەوەی پەیکەرەکەیان تەواو کرد، سوپایەك بەناوی بێرمۆد هێرشی کردە سەر ئەوشارەی پەیکەرە ئالتونیەکەی تێدابوو، ئەوسوپایە بەسوپایەکی دڕندە ناوبانگی دەرکردبوو، گەر هێرشیان بۆ هەرگوندو شارێك بکردایە سەرجەمیان دەکوشتو خانو مالیان وێران

دەکـرد، بۆیــە ڕابــەرە چــینیەکان ترسـێکی گـەورەیان لێ نیــشت، بۆیــە بڕیارنـدا پەیکەرەکـەڕوپۆش بکـەن بـەقوڕ بۆئـەوەی نـەزانرێت ئـەم پەیکـەرە ئاڵتونیــــە، بۆیـــە دەســـبەکاربوون لەڕوکەشـــکردنی بـــەقوڕ، پاشـــان سوپاکەهێرشــی کـردە سـەرئەو شـوێنەو بـەلای پەیکەرەکـەدا نەچـوون، چـونکە دەیـانزانی ئـەوە پەیکـەرێکی قوڕینـەو هـیچ بایـەخێکی نیـە، ڕۆژان ڕۆشـــتو پەیکەرەکەبەشـێوەی قـوڕاوی خـۆی مایــەوە دوای ١٥٠ ســاڵ بەســەر ئــەو کــارەدا، دەســەڵاتدارانی چــین بڕیاریانــدا بیگوێزنــەوە بــۆ پــەکینی پایتــەخت، لــەوێ وەك کـەلتورێکی نەتـەوەیی پارێزگـاری لێبکـەن، بێئەوەی بزانن چی لەناواخنی ئەو پەیکەرەدایە.

بۆیــە کەرەســتەی بــەهێزیان بــۆ ئامــادەکردو بــەرزیان کــردەوە بۆســەر گوێزەرەوەیـەکی بـەهێز بۆئـەوەی بگەیەننـە پایتـەخت، ئـەزمونێکی قـورس بــوو بەلایانــەوە، کەشــو هەوایــەکی ســاردو بــارانێکی بــەخوڕ دایکــرد، پەیکەرەکـەی خوســاند، گەورەکـەیان فــەرمانی وەســتاندنی ئــەو کارەیـدا، وازیــان لێهێنــا بــۆڕۆژی دووەم، تــاکو بارانەکـەخۆش بکــان، ئــەم ڕابـەرە بەساڵاچــووە زۆر زرنــگ بــوو، بــۆی لایتێکــی هێنــاو لەوشــەوەدا بــەوردی تەماشــای پەیکەرەکــەی کــرد بــڕوای نــەدەکرد بــەخۆی چــی دەبینێــت، چـونکە قـوڕ بـەڕوناکی هـیچ تیـشکێك ناداتـەوە، بۆیـە چـەکوشو قەڵـەمێکی هێنــاو کەلەبەرکــەی گــەورەکردو بەمــەش بریــسکانەوەکەی زیــادی کــرد ئەمــەش وای لەڕابەرەکـەدەکرد زیـاتر سـوربێت لەسـەر داتاشـینی قوڕەکـە، دوایــی داوایکــرد ڕابــەرەکانی دیکــەش هاوکــاری بکــەن، بۆیــە هــەموویان هــاتنو پەیکەرەکـەیان بەتـەواوی لەقوڕەکـەن پــاککردەوە، دوای دە کاتــژێر لـــــەکارکردنو مانـــــدوبونێکی زۆر هـــــەموو بەسەرســــامیەوە ســــەیری

پەیکەرێکی ئاڵتونیان دەکرد، نرخەکەی لەهیچ ئەقڵێکدا جێی نەدەبویەوە، هیچ شتێکی هێندە نایاب و ئەنتیکەیان لەسەردەمی خۆیاندا نەدیتبوو.

پەیکەرێکی ئاڵتونیان لەناو بەرگێکی قوراویدا دۆزیبۆوە نرخەکەی بێسنور بوو، بۆیە هەموودەزگاکانی هەواڵیان لێ ئاگادار کردەوە کاربەدەستان هاتنە نێو مەسەلەکەوە، جەختیان لەوە کردەوە ببەن بۆ پایتەخت بۆئەوەی سەرنجی گەشتیاران کێش بکات، ئێستا ئەو پەیکەرە لەچیندا هەر ماوە، ئەم چیرۆکەپەندێکی چینی لەسەر دانراوە.

لەنێو قوڕدا گەنجینەی خشڵ هەیە.

منیش بەخەڵکی دەڵێم: لەناخی هەرکەسێکدا گەنجینەیەکی خشڵ هەیە لەتواناکانی خوای گەورە بۆی داناوە.

وەك خوای گەورە دەفەرموێت: وفي أنفسكم أفلا تبصرون

بەلام خەڵکی بەدوای ئەوەی ناخی خۆیاندا ناگەرێن بۆ ئەوەی توانا راستەقینەکانیان بدۆزنەوە، چونکە ژینگەکەیان دەوردراوە بەو زانیارانەی پێشتر بەرنامەرێژی کراوە لەجیهانە دەرەکیەکان، بیروڕاکانیان هەستە سلبیەکان، سەرەتای ئەم بەرنامە ریژیە(داتا) کردنەش لەباوانەوەیە، پاشان ژینگەی خێزانی، پاشان ژینگەی، کۆمەڵایەتی، پاشان ژینگە قوتابخانە، ئەنجا هاوڕێ، دوایش هۆکانی ڕاگەیاندن، وێڕای ئەمانەش بەها دینیو مێژوییو جوگرافیەکانە، زیاترلە٩٠٪ لەبەها سۆزداریەکانمان لەجیهانە دەرەکیەوە وەرمانگرتوە، بۆیە داتامان دەکات بەشێوازێکی نیگەتیڤانە، لەم سۆنگەیەشەوە

هەنـدێك توێـژەر لەكۆلێـژی پزیـشكی"سـان فـران سیـسكۆ" هەسـتان بەتوێژینەوەیـەك لەچـۆنیەتی داتـای مرۆیـی، بۆیاندەركـەوت زۆربـەیان نیگەتیڤـەو لـەدژمان كـار دەكـەن، هـیچ نـین جگـە لەڕوپۆشـێكی بـیروڕاو، هەسـتو، پـەیبردنو توانـا بێـسنورەكانمان، بەتـەواوی وەك پەیكـەرە چینیەكەی بەقوڕ سواغ درابوو كەلەناواخنیدا بەهایەكی بێسنوری هەیە.

بۆیە خوای گەورە دەفەرموێت: وفي أنفسكم أفلا تبصرون

خـوای گـەورە دەیـەوێت سـەرنج لـەناخی خۆمـان بـدەین، نەكەوینـە ژێـر كاریگـەری (داتـا)ی نیگەتیڤـەوە لـەجیاهنی دەرەكـی، پەیبـە بـەها جـوانو ڕاستەقینەكەمان بەرین.

خـوای گـەورە توانـای ئـەقڵی پـێ بەخـشیوین بـۆ توێژینـەوەو شـیكاركردن، داهێنـان، دۆزینـەوە بۆئـەوەی بـڕوای بتـەوی پـێ بێـنین، زیـاتر گوێڕایـەڵی فەرمانەكانی بین، زیاتر پەیوەست بین پێیەوە.

بائێـستا هەنـدێك لـەتواناكانمان بپـشكنین، بێگومـان تواناكانمـان لـەوە زیـاترن كـەدەركمان پێكـردوون، موداكانیـان نـازانین، هێنـدە نـەبێت خـوای گـەورە ئـەقڵی پـێ بەخـشیوین كـەتوانای ڕۆچـونو دۆزینـەوەو بەڵگەی بونیات نانی هەیە.

- بابـە ئـاوەزی مرۆیـی دەسـت پێبكـەین ئـەوەی خـوای گەرە بەهۆیەوە ڕیزی لێناوین:

ئـاوەزی مرۆیـی ١٥٠ ملیـار خانـەی ئـەقڵی لـەخۆگرتوە، دكتـۆر "هیربـیرت سبنـسر" لـەزانكۆی "هارفـارد" لەوڵاتـە یـەكگرتوەكانی ئـەمریكا لەتوێژینـەوەی ئـاوەزی مرۆیـداو لـەكتێبی" چـارەو توانـای بێـسنور" دەڵێ:

گەر دەست بکەین بەژماردنی ژمارە ١ تاکو دەگەینە ١٥٠ ملیار ئەوا پێویستمان بە ٥٠٠٠ ساڵە!!! بێنە بەرچاوی خۆت!!! ئاوەزی مرۆیی توانا کانی بێسوورن، زاناکان لەساڵەکانی پەنجاکانی ئەم سەدەیە وتیان: ئێمە وەك مرۆڤ ٥٠٪ لەتوانا ئاوەزیەکانمان بەگەڕخستوە، لەشەستەکاندا وتیان: ٢٠٪ وەگەڕخستوە، لەحەفتاکاندا وتیان: ١٠٪ وەگەڕخستوە، لەهەشتاکاندا وتیان٥٪ لەنەوەدەکاندا وتیان: ١٪، کەچی ئێستا، لەکتێبی یەکێك لەلێکۆڵەرە ئەمریکیەکان بەناوی The SIXE"F"s" نوسەر دەڵێت:ئێمە"١,٠٪" مان وەگەڕخستوە لەتواناکانی ئاوەزی مرۆیی.

بەڵام زاناکان کۆکنین لەسەر ئەورێژەیە دەڵێ١٠٪ مان وەگەڕخستوە.

گەر بێتو ڕای زاناکان وەرگرین بەوەیکە١٠٪ مان وەگەڕخستوە، بەرێژەیەش ئەم هەموو پێشکەتنە بەرچاویەیانەی هەموو بوارەکان پزیشکیو دەرونیو مرۆیی ئەلکترۆنیدا، ئەی چی دەڵێت گەر لە١٥٪ یان٢٠٪ یان چی دەبێت گەر ٥٠٪ بخەینە گەڕ لەتوانا ئەقلیەکان. یان ئەگەر ١٠٠٪ توانا ئەقلیەکانمان دۆزیەوەو پەیمان بەنهێنیەکانی بردو هەموو تواناکانمان دۆزیەوە.

ئەم بیرکردنەوەیە بۆخۆتی بەجێ دێلم، بەلام دلنیابە ڕێژەی بەکارهاتوی ئێمە لە١٪ تێپەڕ ناکات لەئێستادا!!!

دکتۆر هیربیرت بەردەوام دەبێت لەسەر توێژینەوەکانی لەئاوەزی مرۆڕیدا، دوپاتی دەکاتەوە کەئاوەزی مرۆیی دەتوانێت سەرنجی لەسەر حەوت زانیاری چڕ بکاتەوە جادانەیەك کەمتر بێت یان زیاتر، ئەقڵی نائاگا دەتوانێت پێشوازی بکات لەدوملیۆن زانیاری لەچرکەیەکدا،

---

١٠ د. ئیبراهیم ئەلفەقێ

چــــونکه خێرایـــــی بیرکردنـــــەوەی مـــــرۆڤ زیـــــاترە لــــەخێرایی تیـــشك کەخێراییەکەی لە١٨٦ هەزار میل زیاترە لەچرکەیەکدا.

بــەڵام لــەبارەی ئــەنبار کردنــی یــادەوەری مرۆییــەوە لەهــەموو خانەیــەکی ئەقڵیــدا ملیۆنێــك خانــەی بــچوکتر هەیــە پێــی دەوترێــت(ســـنابرز) لەهــەموو(ســنابرز) ێکـدا ملیۆنێـك خانـەی ئـەنبار کـردن هەیـە، گەربمانـەێت بیانژمێرین.

ملیۆنێـــك بـــدەین لـــەملیۆن پاشـــان کـــەرەتی ١٥٠ ملیـــاری بکـــەین ئەنجامەکــەی قــەبارەی یــادەوەری مرۆڤێکــی ئاســایی دەبێــت، ســەیریش لەوەدایــە هەنــدێك کــەس بــەخۆیان دەڵــێن: توانــای بیرکردەوەمــان لاوازە: بیرکردنــەوەی لاوازە !!! بــەڵکو نازانێــت بیرکردنــەوەی ئــاڵۆزەو بەشــپرزی بیرلەکۆمــەڵێك شــت دەکاتــەوە لەیــەك کــاتی دیــاریکراودا، نازانێــت ئــەقڵ مامەڵەلەگــەڵ تــەنها شــتێکدا دەکــات لەیــەك کاتــدا، دوای ئــەوە دانەیــەکیتر پاشــان دانەیــەکیتر، کەچــی ئــەم لەیــەك کاتــدا لەگــەڵ کۆمــەڵێك شــتدا تێهەڵدەچــێت، ئەمــەش دەبێتــە هــۆی ئــاڵۆزی، هاوکــات بیرکردنــەوە لــەم نێوەندەدا بێتاوانەی هیچی لەئەستۆدا نیە.

گــەر بمانــەوێ بەچــڕوپڕی بــاس لەئــەقڵی مــرۆڤ بکــەین پێویــستی بــەکتێبێکی گەورەیــە تــاکو وشــەکانی لــەخۆ بگرێــت بــەڵام لێــرەداو لــەم کتێبەدا هێندەمان بەسە.

👍 ئێستا گەر بمانەوێ لەچاوەکان وردبینەوە:

دەبیـــنین توانـــای ئـــەوەیان هەیـــە١٠ ملیـــۆن ڕەنـــگ جیـــا بکەنـــەوە بـــەبێ بیرلێکردنـــەوە، هـــەردوکیان لێـــك دەنـــرێن، دەکرێنـــەوە، نزیکـــەی ١٨٠٠٠جـــار

لەڕۆژێکـدا، بـۆ ئـەوەی ئـەو وزە کارۆموگناتیـسیەی هەیـەتی بپارێزێـت، لێرەشـەوە بەئاشـکرا دەبینرێـت، ئـەو ترشـەڵۆکەی دەریـدەدات لەشـێوەی فرمێـسکی سـوێردا بـۆ ئـەوەی بـەرگری بکـات لەهـەر میکرۆبێـك یـان زیندەوەرێك کەبیەوێت شاڵاوی بۆ ببات.

کەواتـە سـەرنجێك بـدە لـەو شـێوە ئەندازیاریـەی لەئەفرانـدنی تـۆدا خـوای گـەورە ئەفرانـدویەتی ئەمـەش شـتێکی سـادەیە لەچـاوەکانداو توانـا بێسنورەکانیان.

بابچینە سەرباسی(لوت):

ئـەمیش ئـەتوانێت جیاکـاری بکـات لـەنێوان ۲۰۰۰ بۆنـدا، هاوشـان توانایـەکی بێـسنوری هەیـە لـەپاڵاوتنی ئۆکـسجین لەهـەر پـیس بونێـك و گەیانـدنی بەهـەر شـوێنێکی پێویـستی لـەش، هـەروەها دەمو زمـان، تواناکانیـان لەناسـینەوەی تـامو چـێژی خـواردنو خواردنەوەکانـدا، ددانـەکان بۆشـت وردکـردنو جـوین، لیـك و هاوکاریـە نایابەکـەی لـەهاوکاری کردنـی کۆئەنـدامی هەرسـدا، هـەروەها دەنگـە ژێکـانو توانـای لەرینـەوەکانیان بۆئەوەی ووتەکانت بەشێوازێکی دروست لەگەروت بێنە دەر.

ئەمانـەش سـەرجەم پـەرجوی خـوای گـەورەن بـۆ بـەدیهێنراوەکانی، لەگـەڵ هـەموو ئەمانەشـدا باسمـان لەپێـستو مـوو نـەکرد....ڕونکردنـەوەکانی دیکـە... دڵ ۱۰۰۰۰جـار لەڕۆژێکـدا لێـدەدات بێنـەوەی تـۆ هەسـتی پێبکـەیت، جگـەرو، گورچـیلەکان، سـپڵ، گـەدە..هـەموو شـتێکی نـاوەکی پەرجویـەکی بێـسنورن، هەریەکـەو کـاری خـۆی ئـەنجام ئـەدات بەوردبینیـەکی تـەواوەوە، هـەروەها هـەموویان وەك

تیمێکی پێکەوە گرێدراو لەوردەکاریدان بەسیستمێکی گەورە کەبەڵگەی بەدیهێنەرێکی گەورەن.

گەرلەبارەی گەورەیی بەدیهێنەرەوە بدوێین هێشتا هیچمان پێناکرێت وەك خوی دەفەرموێت:

وإن تعدوا نعمة الله لاتحصوها

هەروەها خوای گەورە لەسەر جوانترین شێوە ئەفراندوینی، هەموو شتێکی گەردونی بۆ ملکەچ کردوین و کردوینی بەجێنشین لەسەرزەوی، لەڕۆحی خۆی تێکردوین، بەهەشتێکی بۆ ئامادە کردوین پانتاییەکەی هێندەی پانتایی ئاسمانەکان و زەویە، خۆشویستنی خوداش بیری مرۆڤ بەرەو باڵا دەبات.

هەموو ئەم قسانە هێشتا هەقی خۆتت نادەنێ تەنها بەشێکی کەمن لەجوانی ئەفراندنی تۆ توانا بێسنورەکانت، کەواتە شانبەشانم بیربکەرەوە:

سوپاس بۆخوا، سوپاس بۆخوا، سوپاس بۆخوا.

بڕیامدا بۆ نوسینی ئەم کتێبەو ناو بنێم: " تواکانت بەئاگا بێنە، ئایندەت دروست بکە"

کردمە بەدوبەشەوە:

بەشی یەکەم: تواکانت بەئاگا بێنە، تیایدا توانا بێسونەرەکانت ببینە خوای گەورە پێی بەخشیویت، بزانە تۆ گەورەو بەهێزیتریت لەو ئاستەنگو پێشهاتانەی لەژیاندا هەیە.

بەشی دووەم: ئایندەت دروستبکە...ئەم بەشە جەخت لەوەدەکاتەوە چۆن تواناکان بخەیتەگەڕ، بۆئەوەی ئامانجەکانت بپێکیتو ئایندەیەکی پرشنگدار دروست بکەیت.

بالێت بپرسم:

- ئایا کاتی ئەوە نەهاتوە لەو ڕاستەقینەیە تێبگەیت تۆ کێیت؟
- ئایا کاتی ئەوە نەهاتوە توانا بێسنورەکانی خۆت بزانیت؟
- ئایا کاتی ئەوە نەهاتوەدەست هەڵگریت لەگومانبونت بەرامبەر بەتواناکانت؟
- ئایا کاتی ئەوە نەهاتوەدەسبەرداری سکاڵاو لۆمەکردنو ڕەخنەو بەروارد بێنیت؟
- ئایا کاتی ئەوە نەهاتوەبزانیت چۆن مامەڵەلەگەڵ دزانی خەونەکانتدا دەکەیت؟
- ئایا کاتی ئەوە نەهاتوە بەوترسەی نێو چاوەکانت بڵێیت:چیتر بەسەو لێمگەڕێ باائامانجەکانم بەدی بێنم؟
- ئایا کاتی ئەوە نەهاتوە بەخوای گەورە بڵێیت: ئەی پەروەردگار لێم ببورە لەنەفامیەکانم ببورە، لەنەزانینم بە بەخشینەکانت، لەتواناو هێزە بێسنورەکەی تۆ بێئاگا بووم.
- بەڵێن بەخوای خۆت بدە، پەی بەتواناکانی خۆتبەریت، پەی بەخودی ڕاستەقینەی خۆت بەریت، پاشان بەڵێن بدە هەموتواناکانت بەگەڕبخەیت بەباشترین شێوە.
- ئایا کاتی ئەوە نەهاتوە ئەو قورەی پێی ڕوکەشکراویت لەخۆتی بکەیتەوە، واتە ئەو داتا سلبیەی لەکۆنەوە پێی داتا کراویت؟

لێبوردە بیت بەرامبەر بەخەڵکی؟

دێوە زمەکەی ناخت وەدەر بنێیت؟

- ئایا کاتی ئەوە نەهاتوە نرخی ئەو ئەڵماسەی نێو دەستەکانت بزانیت؟
- ئایا کاتی ئەوە نەهاتوە ئایندەیەك بۆ خۆت دابرێژیت؟

لەگەڵ مندا دوبارەی بکەرەوە:

هەر ئێستا...... هەرئێستا

لەگەڵ مندابە بۆئەوەی بابەقوولایی ناخی مرۆڤایەتیدا شۆڕبینەوە نایابیەکەی بدۆزینەوە.

لەگەڵ مندابە باگەشتێك بکەین بۆناوەوە، بۆئەوەی بینەری سەمەرەکانو پەرجوەکانی پەروەردگار بین.

وەرەو لەگەڵ منبە لەرێگەی ڕاپەڕین ...ڕێگەی سەربەستی.. ڕێگەی سەرکەوتنو کامەرانی.

دلنیابە:

کاتی ئەوەیە: تواناکانت ڕاچڵەکێنیت، داهاتویەك دروست بکەیت.

بەشی یەکەم :
تواکانت بەئاگا بێنە

بسم الله الرحمن الرحيم
وفي انفسكم أفلا تبصرون

تواناكانت بەئاگا بێنە

كاتێ دەرك بەتوانا بێسونەرەكانی مرۆڤ دەكەین، پاشان لەوە تێگەشتین گەر وەك پێویست بیانخەینە گەڕ، ئەوا بێگومان دەبین لەمسۆگەر كردنی ئامانجەكان، بەخەونەكانمان دەژین، گەشتی ژیانیش پڕ دەبێت لەخۆشیو كامەرانی.

بائێستا بپرسم:

گەر بەڕاستی خاوەنی ئەوتوانایانەبین، پاشان هەموو ئاواتەكانمان بەدیهێنا، لەناخەوە بەئاسودەیی ژیاین بەخۆشیو سەركەوتنی بەردەوام، گەر ئەمە ڕاستەقینەیەكی حاشاهەڵنەگربێت، بۆچی زۆربەی خەڵكی ئاواتەكانیان ناهێننەدی؟

بۆچی زۆربەی خەڵكی لەگێژاوی ئاستەنگەكاندا دەژین؟

بۆچی خۆیان بەهەرزانترین نرخ دەفرۆشن؟

وەلامیش بۆ ئەم پرسیارانە لەوشەیەكی كورتدا خۆی كۆدەكاتەوە ئەویش نەبونی تێگەیشتن.

تێنەگەشتنی مرۆڤ خۆی بەبەهێزترو باشتر لەوە دەزانێت كەبەبیریدا دێت. تێنەگەشتن لەوبەرنامەڕێژییە سلبیەی لەكۆنەوە بەرنامەڕێژی لەسەركراوە لەجیهانەكەی دەرەوە.

تێنەگەشتن لەوەیبەئاكارەكانی، بەڕەنگو شێوەی، بەپلەو پایەی، بەخێزانەكەی ناخەملێنرێت بەڵكو باشترین بەدیهێنراوی خوای پەروەردگارە.

بەکورتی: پەینەبردن بەنرخو بەهاڕاستەقینەکەی خۆی.

با لێرەدا چیرۆکێکی ڕاستەقینەت بۆبگێڕمەوە کەخۆم لەگەڵ ڕوداوەکانیدا ژیاوم ئەزمونێکی زۆرم لێوەرگرتوە لەبارەی پەیبردنەوە:

جارێکیان بانگهێش کرام بۆلێدوانێك لەمۆنتریال، کاتێ سواری ئۆتۆمبێلەکەم بووم ویستم بیخەمەگەڕ، لەجێی خۆی جوڵەی نەکرد، زیاتر گوشارم کردە سەر پێگازەکەی، بەڵام بێسود بوو، مەکینەکەی دەنگی زیاتر دەبوو بەڵام نەدەجولا، دابەزیمو پەیوەندیم بەپسپۆڕانی ئۆتۆمبێلەکەوە کرد، لەماوەی کەمتر لەنیو کاتژێر ئامادە بوون لەناکاو سەرنجی ئەوەیاندا من بریکم دانەدابویەوە، بۆیە ئۆتۆمبێلەکەنەدەجولا بەهۆی برێکێکەوە،کتومت وەك زۆرێك لەخەڵکی برێکی وەستاندنی ئاوەزیان بەکار بردوە، ئەقڵیان وەستاندوە لەئاستی بیرکردنەوەو تواناو ئەگەری پێشکەوتنو پەرەسەندن، ئەمەش بیرکردنەوەی سلبیو بنەمای سلبیە سەبارەت بەخۆییو خەڵکی تەنانەت سەبارەت بەهەموو دنیا، ئەمانە دەبنە ئاستەنگی پێشکەوتن.

بەڵام ئەوەی شایانی خۆشیە ئەمەیە منوتۆو هەموو خەڵکی سەر زەوی دەتوانێ ئەو ئاستەنگانە پوچەڵ بکاتەوەتواناکانی بەکاربیات، ئامانجەکانی بپێکێت.

بەر لەوەی باسی لەسەربکەین باجۆرەکانی ئەو ئاستەنگە خودیانە دیاریبکەین، کەدەبنە هۆی ئەوەی زۆربەی خەڵکی تواناکانی خۆیان نەخەنە گەڕ.


ئاستەنگی
بڕوبیانو
ئاستەنگی
داناوی پێشو
پێشو
ئاستەنگی
فاکتەرە
دەرەکیەکان
لەو ئاستەنگانە
ڕێگە لەبکاربردنی
تواناکان دەگرن
ئاستەنگی
نارەزایی
ئاستەنگی
خۆنرخاندن
ئاستەنگی
وێنەی خودی

ئاستەنگی بیانو:

ئاستەنگی حاڵەتی دەرونی:

لێرەدا چیرۆکی ئافرەتێك دەگێڕمەوە، مامۆستایەکی سەرکەوتو دڵخۆش بەکارەکەی، ژیانێکی ئاسایی‌و سەقامگیری تەواوی هەبوو، چوبویە هاوسەرگیریەوە خاوەنی سێ منداڵ بوو، پاشان ناکۆکیەکی ئاسایی رویدا لەنێوان خۆی‌و بەڕێوەبەرەکەیدا، تاوایلێهات توانای چونەوە سەرکاری نەما، هەموو تەرکیزەکانی چڕکردەوە لەسەر ئەم ناکۆکیەو بەدەست لەکارکێشانەوەی گەیاند، ئەمانەش هەمووی بەهۆی تاکەکەسێکەوە، بەڕێوەبەری قوتابخانەکەی. ! !

کاتێ دەست بەتاڵ بو لەماڵەوە مایەوە دڵخۆش بوو بەم بارو دۆخە نوێیە، گرنگی خستە سەر منداڵەکان‌و مێردەکەی، ماوەیەك بەردەوامی لەسەر ئەم حاڵەوەرگرت ئیدی وردە وردە هەستی بەبێزا بوون دەکردو تاکو گەیاندیە حاڵەتی خەمۆکی، چیتر نەیدەتوانی بچێتەوە سەرکارەکەی، واینەدەزانی هەرگیز ڕۆژێك لەڕۆژان کاری کردبێت، بەڵام ناکۆکیەکەی لەگەڵ کەسێکدا وایلێکرد بیر لەهیچ نەکاتەوە تەنها لەکێشەو تەنگەژەکان نەبێت، ئەم تەرکیزکردنە پەرێشانی کردو گۆڕیە سەر حاڵەتێکی دەرونی، پاشان بەحاڵەقایل بوو، دوایی دەقیگرت بەو حاڵەوەو کردیە بیانویەك بۆخۆی..بیانوی حاڵەتی دەرونی.

بیانوی بارودۆخی خێزانی:

زۆرێـك لەخـەڵكمان بیـستوە: بـاوكم هـەرگیز منـی خـۆش ناوێـت، دایكم هەرگیز ڕێزم لێناگرێت..یان..یان خوشكو براكانم گوێم پێنادەن.

هەنــدێك دەڵــێن: بــاكو دایكــم بەشــێوازێكی دروســت پــەروەردەی منالەكانیان نەكردوە.

منـیش دەڵـێم: تــەنها بــاوكو دایكــێكم نیـشانبدە ڕاهێنانیــان لەســەر پــەروەردەی منــاڵ كردبێــت، پەروەردەیــەكی دروســتی منالــەكانیان كردبێت.

لەوانەیــە هەنــدێك بڵــێن: بــارودۆخی خێزانــی مــن زۆر قــورس بــووە، پەروەروەدەیــەكی خــراپ كــراووم، تــێم هەڵــدراوە، ســوكایەتیم پێكراوە...هتد

كــچێكی تەمــەن ١٩ ســاڵ ســەردانی كــردم بــۆ نوســینگەی ڕاوێژكاریەكــەم، دەگریــا، گریــانێكی نائاســایی، كاتــێ باســی بــاوكی دەكــرد تەنانــەت وتــی: زۆر ڕقــم لێیــەتی، بەرگــەی نــاگرم، خۆكــوژیم پێباشــترە لــەم حاڵەم، زۆریش هەوڵی خۆكوژیداوە لەبەر توندو تیژی باوكی.

جارێكیــان چــاووم بــەباوكی ئــەو كــچە كــەوت لەیــەكێك لەكۆڕەكانمــدا، هەركــەبینیمی دەسپێــشخەری كــردو وتــی: زۆر پێویــستم بــەتۆ هەیــە بــۆ ئــەوەی هاوكــاریم بكــەیت لــەو كێــشەیەدا، مــن دەمــەوێ زیــاتر لەكــچەكەم نزیــك بمــەوە، بــەڵام ئــەو ڕوم تێناكــات منــیش نــاتوانم بــەوجۆرە مامەڵەی لەگەڵ بكەم.

بڕوانــە ئــەو دەیــەوێ بەپــەڕی توانایــەوە ئــەركی خــۆی جێبــەجێ بكــات لەهەموو حاڵەتێكیدا ئەو باوكە.

کچەکەش حەزی لەدورکەوتنەوەیە، حەزی بەچونەدەرەوەیە حەزدەکات درەنگ بچێتەوە بۆ ماڵ، بیری ڕاستەقینەی نەدەکردەوە، لەوانەکانیدا دەرنەدەچوو، چاوەڕوانی هیچ شتێکی ئەرێی نەدەکرد تەنها لەنەرێکان پێشوازی دەکرد، گوایە باوکی دەیەوێت کۆتو بەندی بکات، یان توندو تیژ بێت لەگەڵیدا.

پەنای بردویە بەر ئەم بیانوە وایدەبینی لەسەرکەوتن دوای دەخات لەژیانیدا ئەمەش بیانوی دۆخی خێزانیە.

بیانوی دۆخی کۆمەڵایەتی:

زۆرێک لەخەڵکی دەڵێن: من ناتوانم مامەڵەلەگەڵ خەڵکیدا بکەم.. یان کەسێك منی خۆش ناوێت..یان کەس بەهیچم نازانێت...هتد

بالێرەدا بپرسم:

ئایا تۆ کەسێکی کۆمەڵایەتیت؟

دەبینیت هەندێکجار دەڵێت: پێشتر کەسێکی کۆمەڵایەتی بووم، بەڵام ئێستا وانیم!

گەر لێیان بپرسیت: بۆچی؟

دەڵێت: پێشتر هەندێك لەهاوڕێکانی خیانەتیان لێکردوە، گاڵتەیان پێکردوە، سوکایەتیان پێکردوە، هاوشێوەی ئەم بیانوانە، بۆیە بڕیاری ئەوەی داوە پاشەکشێ بکات لەهەموو هاوڕێیەتیەکان، تاگەشتۆتە ئەوەی لەڕوبەڕو بونەوەی خەڵکی ئەترسێت.

تاکو گەشتۆتە ئەو قۆناغەی دوچاری ترسی کۆمەڵایەتی بوە، ئەم بیانوەشی کردۆتە بیانوی دۆخی کۆمەڵایەتیەوە هەمیشە ئاستەنگن لەبەردەم پێشکەوتنەکانیدا.

بیانوی دۆخی پیشەیی:

هەندێك كەس لەوبڕواخودیەدان لەكارەكەی دەردەكرێت، بۆیە لەسەر هیچ كارێك بەردەوام نابێت، هۆكارەكەشی هەستێكی وەهای لادروست بوە خۆی بەكەمبزانێت لەچاو ئەوانەی كاری لەگەڵدا دەكەن.

لەبری ئەوەی ئاستی خۆی باش بكات ئەمە دەكاتە دۆخێكی پیشەییو دەیكاتە ئاستەنگی پێشكەوتنەكانی.

بیانوی دۆخی دارایی:

لەوانەیە ئەمە سواوترین ووشەی سەرزاری خەڵكی بێت ئەویش: من پارەم نیە، هیچ توانایەكم نیە، گەر پارەم هەبوایە دەڕۆشتم، یان پارەم هەبوایە واو وام دەكرد.

هاوكات زۆرێك لەوانە ئێستا خاوەن پارەن ڕۆژگارێك خاوەنی هیچ نەبوون، بەڵكو ئامارە جیهانیەكان دوپاتی ئەوە دەكاتەوە، ئەوانەی سەروەتیان بە پشتاو پشت بۆ ماوەتەوەكەمترن لە٧٪ لەسەروەتمەندە جیهانیەكان، ٩٧٪ لەدەوڵەمەندەكان لەخاڵی سفرەوە دەستیان پێكردوەیان دەڵێن لەژێر سفرەوە.

سەرنجێكی ئەوانە بدە كەدەوڵەمەند بوون، ڕۆژێك لـ[illegible]ن خاوەنی هیچ نەبوون..بیل جیتز..جیس بنی..هیل سعید لەیەمەن.. سەرجەمیان لەخاڵی سفرەوە دەستبەكار بوون، هیچ كامێكیشیان لاوازبوونی دۆخی داراییان نەكردۆتە بەهانە، بەڵو لەكۆششی بەردەوامی ژیانیاندا بوون هەوڵیانداوە، بۆئەوەی ببنە خاوەنی سەروەت بونەتە خاوەنیشی.

بیانوی ترس:

کەسێك کاری لەبالویزخانەی ولاتەکەی خۆیدا دەکرد، پلەی بەرزبویەوەو بۆ سکرتێری یەکەمی بالۆێزخانەکە، رۆژێك لەکۆبونەوەیەکدا رای خۆی دەربڕی لەسەر کارێك، بەلام بەتوندی بەرپەرچی درایەوەو هێرش کرایە سەری بەهۆی بۆچونەکەیەوە، دەرەنجامێکی ترسناك بەرۆکی گرت، لەئەنجامی ڕوبەڕوبونەوەی هێرشکەران تاکو کار گەشت بەوەی کەولاتەکەی خۆیشی ئاگاداریەکیان بۆ نارد، توشی ترسانێکی بەتین بوو تەنانەت لەبەرامبەر خەلکیشدا نەیدەوێرا هیچ بلێت، چیتر نەیدەوێرا توخنی بیرو بۆچونەکانی خۆی بکەوێت، کاریگەریەکی نیگەتیڤانەی لەسەری دروست کرد، من زیاتر لەجارێك چاووم بەو کەسە کەوتوە، چونکە زۆرجار لەکۆڕو سیمینارەکانمدا ئامادە دەبوو، کاتێ لەبارەی چیرۆکەکەیەوە لێم پرسی بەمجۆرە هاتە ئاخاوتن‌و وتی: گەر لەئێستاوە بڕیار نەدەم‌و نەچمەوە سەر دۆخی جارانم، رای خۆم دەربڕم بۆخەلکی بەبێ ترس ئەوا لەناو دەچم و دوچاری نەخۆشی جەستەیی‌و دەرونی دەبم.

ماوەی دوسال بەوجۆرە مایەوە، کاتێ دەخرایە بەردەم هەلوێستێك کەدەبوو بڕیاری لەبارەوە بدات، بیری لەچارەسەر دەکردەوە، دۆخەکەلێرەدا گەلێك گران دەبوو، بەلام تاڕادەیەك ئێمە لەگەلیدا خەریك بوین، وێڕای ئەمەش لەگەل ترسەکەی ناخیدا بەردەوام بوو، وردە وردە خۆی لەو ترسە نەبان دەکرد، ڕوبەڕوی ئەو ئازارە بویەوە کەبەهۆی پیشەکەیەوە ترس بۆتە هاوڕێی هەمیشەیی، تاوایلێکرد دەستی لەو کارەی هەلگرت، پرۆژەیەکی دیکەی کردەوە،

تیایـدا سـەرکەوتو بـو، دوایـش ئەوترسـەی لـێ دورکەوتەوەئەوەیکـەڕێگری لێدەکرد لەبەرامبەر پێشکەوتنو سەرکەوتندا.

بیانوی نەریتەکان:

کاتـێ هەوڵـەکانت بۆکەسێکی جگـەرە کـێش دەخەیتـە گـەڕ تـاکو هانیبدەیت واز لەجگەرە کێشان بکات، دەبینیت دەڵێت:

ئەمـە یەکێکەلەوانـەی خـووم پێوەگرتـوە، نـاتوانم وازی لێبێـنم، گـەر وازی لێبێـنم توشـی توڕەبـونو هەڵـچون دەبـن، زۆرخـۆری دەکـەمو قەڵـەدەبم، ئەمـەو ئـەوەم بەسـەر دێـت، ئـەم خووخدانـە هـەمویان خـۆی ڕاهێنـاوە لەسـەری، بونەتـە بـاو، بـەڵام گـەربێتو بڕیـاری پاشەکـشێ کـردن بـدات دەتوانێت گۆڕانکارییان بەسەردا بێنێت.

بـەڵام هـەموو شـتەکانی خـستۆتە ژێربیـانوی خووەکانـەوە دەڵێـت: ئەمـە خـووە، پاشـان ئـەم خـووە دەبێتـە هۆکـاری بـەرگریکردنی لەپێـشکەوتن، تێکـچونی بـاری تەندروسـتی، توشـبون بەشـێرپەنجە زۆرێـك لەنەخۆشـیە کوشندەکان کەبەهۆی جگەرە کێشانەوە توشی دەبن.

بیانوی تەمەن:

ئایـا پێـشتر کەسـێك بیـانوی ئـەوەی بۆهێناویتـەوە گوایـە تەمـەنی بچوکە، یان بەساڵاچووە لەتەمەنیدا؟

بیرمـە جارێـك چـاوم بەکەسـێك کـەوت، تەمـەنی ٦٨ سـاڵ دەبـوو، دەیویـست نامـەی دکتـۆرا وەرگرێـت، لێـی پرسـیم: ئایـا لەتەمەنـەدام بتـوانم نامەی دکتۆرا لەفەرەنسا وەرگرم؟

پێم وت: ئایا ئەتوانیت بەفەرەنسی بەچاکی بدوێیت؟

وتی: بەڵێ.

وتم: ئەچــی ڕێگریــت لێئــەکات؟ پاشــان وتم دوای چــوار ســاڵی دیکەتەمــەنت ئەگاتە چەن؟

وتی: ٧٢ ساڵ .

وتم گەر دەسبەکاربیت تەمەنت دەگاتە چەن؟

وتی٧٢ ساڵ .

وتم: باجــارێکی دیکەپرســیارەکەت بــۆ دوبــارە بکەمــەوە، دوای چوارســاڵی دیکەتەمەنت دەگاتە چەن؟

وتی: ٧٢ ساڵ

وتم: گــەر نامــەی دکتــۆرا بــەماوەی ئەوچــوار ســالەوەرگریت دەبیتــە چــەن ساڵ؟

وتی: ٧٢ ساڵ .

چــەند جارێــك ئەمــەم بــۆ دوبــارە کــردەوە وتــی: مەبەســتت چــیە؟ ئایــا دەتەوێ دەسبەکاربم؟

وتم: گەر دەسبەکار نەبیت هەست بەچی دەکەیت؟

وتی: هەست بەنائومێدبون‌و دڵتەنگی‌و پەژارە دەکەم.

بۆیە پێشنیارم بۆکرد دەسبەکاربێت‌و بۆ دکتۆرا بخوێنێت.

دوای چــوار ســاڵ بەخۆشــیەك هاتــەوە بــۆلام‌و وتــی: کۆتــایم بەکارەکــەم هێنا‌و نامەی دکتۆرام وەرگرت.

ســوپاس بــۆ خــوای گــەورە مــن تــوانیم تێکەشــتنی بگــۆڕم لەپەککــەوتنی تەمەنەکەیەوە بۆپێشکەوتن‌و گەشەکردن.

زۆرێــك لەخــەڵکی دەڵــێن: مــن تەمــەنم بــچوکە، یــان مــن بەســاڵدا چووم، چیتر توانای ئەوەم نیە.

بۆیە بیانوی تەءەن ڕێگرە لەبەردەم پێشکەوتن و سەرکەوتندا.

بیانوی دۆخی جەستەیی:

زۆرێـــك بیـــانو بۆدۆخـــە جەســـتەییەکەیان دێننـــەوە دەڵێـــت: مـــن پـــەکم کەوتوە، یان من درێژم، یان کورتەبالآم، یان کەئەندامم،...هتد.

لەگـــەڵ ئەمانەشـــدا زۆرێـــك دەبیـــنین کەمئەنـــدامن و زۆریـــش لێهـــاتوون وەك(لـــویس بریـــل)داهێنـــانی خوێنـــدەوەی بەشـــێوەی بریـــل داهێنـــا بـــۆ نابینایـــان، هەرچـــەن خۆیـــشی نابینـــا بـــوو، دەیتـــوانی پەیامـــەکانی بگەیەنێتـــە خـــەڵکی، کەچـــی زۆرێکـــی تـــریش لەخـــەڵکی دەبینیـــن کەمئەندامێتیـــەکی سادەی هەیـــە کەچـــی ئـــەو کەمیـــە بـــەکاردێنێت بۆســـۆزو بـــەزەیی پێـــدا هاتنـــەوەی خـــەڵکی، بڕوایـــشی بـــەخۆی هێنـــاوە ئـــەم کەمئەندامیە ساکارە ڕێگرە لەبەردەم جوڵەو پێشکەوتنیدا.

سـەرنجێکی دکتـۆر (تـەها حـسەین) هەرچـەن نابینـا بـو کەچـی پێگەیـشت، هـەروەها هـیلین کیلـر تـەنها هـەر نابینـا نـەبوو، نەدەبیـست نـەدەیتوانی بـدوێت، کەچـی بەوپـەڕی لێهاتویـەوە تـوانی شـوێن پەنجـەی خـۆی بـۆ ئـەم چاخە دیاری بکات کەبەگرنگترین بیرمەندهەژمار دەکرێت تاکو ئێستا.

لەمـــەوە بۆماندەردەکـــەوێت بیانوەکـــانی پەککەوتـــەیی هـــیچ ڕێگرییەك ناکات لەبەردەم پێشکەوتن و سەرکەوتنی بەردەوامدا.

بیانوی جەختی بەتین:

دەبینیـــت کەســـێك دەڵێـــت: هـــەموو خـــەڵکی دڕنـــدەن، ناکرێـــت متمانـــە بـــەهیچ کەســـێك بکـــەیت، بۆیـــە لـــەناخی ئـــەو کەســـەدا ترســـێکی گەورەدروســـت دەبێـــت لەمامەڵـــەکردن لەگـــەڵ خـــەڵکی، بۆیـــە دەترســـێت لـەبزاڤو پێـشکەوتن، کـار لەخـەڵکی دەکـات و کاریـشی لێـدەکرێت، گـەر پێـی

بوترێت: وەرە باڵەپرۆژەیەکدا دەسبەکاربین، دەبینیت پێت دەڵێت: دەست لەکاری وامەدە، مامم ئاوای بەسەرهات، یان خاڵم هەروای لێ بەسەر هات، دەیەوێت و هەوڵئەدات کاریگەری لەسەرت هەبێت کاریگەریەکی سلبی، سووربوونو ترسی بەتینی زۆر بەسلبی کاری تێکردوون، وایلێدەکات نیگەرانە لەدۆخی هاوسەرداری، لەگەڵ منداڵەکانیدا هەمانجۆرە، تەنانەت لەژیانی کەسێتی خۆییو کۆمەڵایەتیشدا، هەرگیز بەرەو پێش ناچێت، هەموو پێشنیارێك بەرەو سەرکەوتنی ببات ڕەتی ئەکاتەوە، هەرکەسێك بناسێت پێی دەڵێت: وریابە، ئەوە قورسە، ئەوە کاریگەری لەسەرت دروست ئەکات، ئەم جەخت کردنە دەبێتە ئاستەنگێکی ئاوەز بۆییو، ڕێگری لێدەکات لەپێشکەوتنو سەرکەوتن نایەڵێت توانا لەبن نەهاتوەکانی بخاتە گەڕ لەهەرکارێك لەبەرژەوەندی ئەودا بێت.

کەواتە بائێستا بپرسین:

ئایا ئەم هەموو بڕوبیانو ئاستەنگە ئەقڵیانە کاردەکەنە سەر مرۆڤ؟

بێگومان کاریگەری تەواویان هەیە.

کاتێ مرۆڤ ئامادەیی خۆی دەردەبڕێت کەبڕو بیانوەکان بۆخۆی داتاشێت، جابیانوەکان جەستەیی بێت یان بیانوی دەرامەت بێت یان کۆمەڵایەتی یان ڕۆحانی، ئایا لەو باوەڕەدایت دوای ئەمانە سەرکەوتن بێتە یاوەری؟

لێرەدا خولێك هەیە ناومناوە(خول دەرونی بۆ نەخۆشیەکانی بیانو) ئەم خولەبێنەوەی کەسەکەهەست بەخۆی بکات ئەو دەست پێدەکات، بڕیار ئەدات بیانویەکی دیاریکراو داتاشێت بۆخۆی بۆئەوەی بەرگری

لێبکات لەبەرەو پێش چوون، بۆ ئەوەی گاڵتەی پێنەکرێتو نەبێتە گاڵتەجاڕی خەڵکی، خۆی دەکاتە یان پەککەوتەیەک، یان نەخۆشێک، یان هەرشێك شایانی پەکخستنی بێت، هەروەک ئەو پیاوەی دەیویست نامەی دکتۆرا وەرگرێت، نەیدەتوانی دەسبەکاربێت بەهەر هۆیەک بێت، بۆیە درۆیەک بۆ خەڵکی دێنێتەوە دەڵێت: پارەی تەواوی لەبەردەستدا نیە تاکو نامەیەکی دکتۆرا بێنێت، یاخود نەخۆشە، یان لەزانکۆ بەبێتاوان دەریانکردوەو ستەمیان لێکردوە، چونکە توانای بزاوتنی نییە، لەجیاتی ئەوەی بجولێتو پێش بکەوێت دەستدەکات بە دۆزینەوەی بروبیانوی جۆراوجۆر ڕێگرن لەبەردەم پێشکەوتنو سەرکەوتنەکانیدا.

لەقۆناغی یەکەمیدا بڕیارەکەی داوە، دوای ئەوە بیانویەکی دۆزیوەتەوە، قۆناغی سێیەمیش دەیخاتە مەیدانی کارپێکردنەوە.

ئیتر لەبەرئەوەی بیانویەکی دۆزیوەتەوە کاری پێدەکات، هەرکاتێك کاری پێدەکات هەموو جارێکیش لەدڵیدا گەورە دەبێتو لەگەڵ گەورە بونیدا زیاتر کاری پێدەکات، چونکە بەبەردەوامی دوبارەی دەکاتەوە ئیتر ئەبێت بەخوویەک تیایدا ئالودەی دەبێتو دەیکاتە بڕیار ..بۆهەڵبژاردن، بۆ کارپێکردن، بۆ دوپاتکردنەوە ئیدی دەبێتە خوو، هەرشتێ کارپێبکەین بۆیەکەمجار مێشك تۆماری دەکات لای خۆی، لەگەڵ هەموو دوبارە کردنەوەیەکیدا ئەویش جوانتر تۆماری دەکات.

بۆیە کاتێك مرۆڤ بڕیارێك ئەدات، بیانویەک ئەدۆزێتەوەو کاری پێدەکاتو دوبارەی ئەکاتەوە ئەوکاتە دەبێتە نەریتێك، لەگەڵ ئەم نەریتەدا گەورە

دەبێــت، هــەرکاتی بیــەوێت لەونەریتــە دورەپــەرێز بێــت ناتوانێــت، چــونکە بــڕوای بــەخۆی کــردوە بــەکاری ببــات، لــەبڕیارەوە بۆهەڵبــژاردن، پاشــان بۆبــەکاربردن،...پاشــان دوپاتکردنــەوە..بــۆ هــەموارکردن ئــەنجا بــۆ باوەڕپێکردن.

لەبیرمــە هــاوپۆلێکم هــەبوو لەپــەیمانگای هۆتێلــەکان، هەمیــشە بەخــەڵکی دەوت: ئــەو لەکاراتیــدا پــشتێنی ڕەشــی وەرگرتــوە، بەهــەموو بڕوایــەکی تەواویــەوە هــەرگیز یــاری کــاراتی نــەکردوە لەژیانیــدا، بــەڵام دەیوست ئەو بڕوایە بۆخەڵکی بچەسپێنێت کەلەکاراتیدا پاڵەوانە.

ئــەوجا هــەرکات لەوبارەیــەوە دەدوا بــڕوای بــەخۆی هێنــابوو کەپاڵەوانــە لەکاراتیــدا، پاشــان دەســتیکرد بەلاســایی کردنــەوەی بروســلی، هەنــدێك جوڵــەی کــاراتی لەبــەردەم خەڵکــدا ئــەنجام ئــەدا، کەچــی ســەرەنجامەکەی بەڕاســت گــەڕا، بــەڵام ترســێکی زۆری لەخــەڵکی هــەبووتا ئاســتێك دەیــوت: من نامەوێت ئازاری هیچ کەسێك بدەم!

ڕۆژێکیــان چــومە نێــو پــەیمانگاوە بــەڵام، لــەکاتی ئاســایی خــۆم دواکــەوتبوم، ئۆتــۆمبێلێکی جــۆری(ســبور) م لێــدەخوڕی، هەرکەچــومە ژورەوە کۆمــەڵێك لاووم بینــی لەهاوڕێکــەمیان ئــەدا، هــیچ ڕێگەیــەکی دەربــازکردنیم نــەدەزانی جگــە لــەوەی بەئۆتۆمبێلەکــەم شــاڵاووم بــۆ بــردن، بــەقایمی ئــستۆپێکم کــرد، هــەمویان ڕایــانکرد دوای ئــەوەی زۆریــان لێــدا بــوو، ئامۆژگارییــەکی زۆرم کــرد واز لــەو درۆیانــەی بینێــت یــان بەڕاســتی لەکاراتیدا دەسبەکاربێت.

تــۆ هەرشــتێك بــسپێریتە مێــشکت ئــەویش بەڕاســت وەریــدەگرێت، دوای ئەوە دەیکاتــە بابــەتو بەشــێك لــەتۆ، گــەر مــرۆڤ بیانویــەك بۆخــۆی داتاشــێت

بـڕوای پێـدێنێت، بۆنمونـە گـەر بـڕوا بـەخۆی بێنێـت نەخۆشـە بـەخۆی دەڵێـت هـەر دەبێـت سـەردانی پزیـشك بكـەم، مـن نەخۆشـم نـاتوانم بجـوڵێم یـان كارێـك ئـەنجام بـدەم، كـەبڕوای بەمحاڵـەی خـۆی هێنـا دەیكاتـە پیـشەی ڕۆژانـەی خـۆیو دەیـەوێت چارەسـەری شـتێك لەخۆیـدا بكـات كـەبونێكی ڕاستەقینەی نییە.

بەڵگـەش بـۆ ئـەم ئامـارە یـەكێك لـەزانكۆكان پێـی هەسـتاوون سـەلماندویانە لـەنێوان هـەر دەكـسێكدا نـۆ كەسـیان دەچـن سـەردانی پزیـشك دەكـەن بۆنەخۆشـیەكی سـاختە تـەنها بـۆ دڵنیاكردنـەوەی خۆیـان، یان لەگومانی ئەوەدان گوایە نەخۆش بن كەچی نەخۆشیش نین.

ئەوكەسـەی دەڵێـت: نەخۆشـیەكی دەرونـی هەیـە هیـچی لەدەسـت نایـەت بیكـات تـەنها ئاسـتەنگی نەخۆشـی ئـەبێت بۆخـۆی دابنێـت... بیـانوی دۆخـی دەرونـی.. لـەم حاڵەتەشـدا دەگاتـە ئـەوەی قۆنـاغی خـولی دەرونـی بـۆ نەخۆشـی بڕوبیـانو، دوای نەخۆشـی بڕوبیـانو، دوای ئـەو قۆناغـەش خـۆی دەگەیەنێتـە قۆنـاغی هاوكـاری، ئـەنجا دەسـتدەكاتە هاوكـاری كردنـی خـۆی، تـاكو كەسـێكی لێهەڵدەكـەوێتو پێـی دەڵێـت: تۆكـاتی خـۆت بـەفیڕۆ ئـەدەیت، ..یـان تـۆ درۆزنیـت، ئـەویش پێـی دەڵێـت: تـۆ ئاگـات لەچـیە؟ نازانیت من چیمە، من نەخۆشم، ئەمەو ئەوەمە.

مـادام بیـانو بۆخـۆی دێنێتـەوە دیـارە بەرگریـشی لێـدەكات، مـادام بـڕوا بـەخۆی دێنێـت بەكاریـشی دەبـات، هـەمواری دەكـات دوبـارەی دەكاتـەوە هاوكـاری ئـەوبیانوەش دەكـات، دەگاتـە دوایـن قۆنـاغ، لەخولەدەرونیـەكان، ئـەویش خـوو پێـوەگرتن، مـادام هاوكـاری ئـەو بیـانوە دەكـات ئـەوا تیایـدا ڕەنـگ ئەداتـەوە، بۆیـە دەسـت بـۆ هـەركارێك ببـات

بیانوەکانی بۆ خەڵکی باس دەکات دوای ئەمانە ئایا پێت وایە کەسێکی بەمجۆرە پێش دەکەوێت؟! گەشە دەکات؟! سەردەکەوێت؟! ئامانجەکانی بەدی دێنێت؟! هەرگیز.

ئەوە تواناکانی پتر نابن هێزەکانیشی تەنها لەبرەودانی بیانوەکانیدایە، بۆیە تواناکانی بەکاردەبات لەدژی خۆی بێئەوەی هەست بە خەمۆکی بکات، بۆیە لەکۆنەوە وتراوە: خۆتان نەخۆش مەخەن، نەخۆش دەکەوون، دەمرن.

تۆ خۆت نەخۆش دەخەیت، خەڵکی دێن بۆلات سەردانت ئەکەن، بەزەییان پێتدا دێتەوە، ووتەی بەزەیی و شەفەقەت لەخەڵکی دەبیستیت سەبارەت بەخۆت، پاشان دوای ڕۆشتنی خەڵکی ئایا دڵت بەم قسانەیان خۆشە؟

ئێستا چی بەخۆت دەڵێیت؟ چاوەڕوانی بەیانی دەکەیت دیسان بێنەوە بۆلات و هەمان قسەت بۆدوبارە بکەنەوە؟ دوای ئەوە لەوبڕوایەدایت بەڕاستی نەخۆش بیت، گوایە ئاوەزی مرۆیی هاوکاریت بکات کەبەڕاستی نەخۆش بیت.

ئەمەش خولی نەخۆشی بیانوەکانە، بڕیاردان، هەڵبژاردن، پاشان بەکاربردن، پاشان هەموارکردن، پاشان دوبارە کردنەوە، پاشان بڕوا بەخۆهێنان، پاشان هاوکاریکردن، پاشان خوو پێوە گرتن.

بیانووەکەدەبێتە ئاستەنگێکی تەواو بەهەموو هێزە ژیانت ئەوەستێنێت لەپێشکەوتن و گەشەکردن، وابزانە دەچیت بۆ سورابوونی شەمەندەفەر، پاشان لەڕێگە دوادەکەویت لەوادەی دیاریکراوی دەرچوونی شەمەندەفەرەکە، ئایا شەمەندەفەرەکەچاوەڕوانی تۆ دەکات؟!

بێگومـان ..نـا شەمەندەفەرەکەپێـشکەوتنو گەشـەکردنە گـەر دوا بکـەویت ناتوانیـت پـێش بکـەویت، زەمـەن دەڕواتو چـاوەڕوانی تـۆ ناکـات، گۆڕانکـاریش بەڕاسـتی ڕوودەدات جـا تـۆ بتـەوێ یـان نەتـەوێ، گـەر تـۆش نـەگۆڕێیت، ئـەوا گۆڕانکـاری هـەر ڕوودەدات، زەمـەن دەڕوات، تـۆ بجوڵێیـت یـان نـەجوڵێیت، ئەوشـەمەندەفەرەی ڕێـدەکات ئـەوە تەمـەنی تۆیـە دەڕواتو گەڕانـەوەی نیـە جـارێکیتر، ئێـستا کـاتی ئەوەیـە دەسـبەرداری نەخۆشـیەکانی بیـانو بیـتو بـەکاریان نەبـەیت، چـونکە نەخۆشـی بیـانو قۆناغێکی دیکەبەدوای خۆیدا کێشدەکات ئەویش خولی ئازارەکانە.

ئـەو داتـا کۆنـەی خۆتـت لەسـەر ڕاهێنـاوەو لـەدنیای دەرەکیـەوە وەرتگرتـوە بـڕوات پـێ هێنـاوە، نەخۆشـیەکانی بیـانوی پێبـەکار دەبـەیت ئەوانـە لەداتاکۆنەکـەوە سەرچـاوەیان گرتـوە...بۆدوپاتکردنـەوە..بـۆ ناوچەی ئارامیو ئاسودەیی.

نمونەیەکی زۆر سادەت بۆ دێنمەوە:

بۆقێکیـان خـستە نـاو قاپێـك ئـاوی گەرمـەوە، هەرکەخـستیانە نێـو ئاوەکـەوە، یەکـسەر بـازێکی بـۆ دەرەوەدا، چـونکە هەسـتی بـەگۆڕینێکی لـەناکاو کـرد، کـەمێك ئـاوی گـەرمیان هێنـا هـەمان بۆقیـان تێکـردەوە، سـەرقاپە شوشـەکەیان لێداخـست، ئـەمجارەیان هـەوڵی بـازدانی دایـەوە، بـەڵام توانـای دەربـاز بـوونی نـەبوو، چـونکە قاپەکەبەبتـەوی داخـرا بـوو، چـەنجارێکی دیکەهـەوڵی دایـەوە بـەڵام پوچـەڵ بـوو، لەئاوەکـەدا مایـەوە، ئاوەکـەیان بـۆ زیـادکرد، پاشـان ئاوەکـەیان خـستە سـەر ئـاگرێکی هێـواش، پلـەی گـەرمی ئاوەکەبـەرز بویـەوە، بۆقەکەلەگـەڵ پلـەی گەرمیەکـەدا

ئالودە بوو، پلەی گەرمیەکەی زیاتر بوو، جارێکیتریش لەگەڵ ئەو پلەی گەرمیە ڕاهات، تاکو بۆقەکیان بەپێست داماڵراوی دەرهێنا.

ئەمەش نمونەی زۆرێك لەخەڵکیە، هەرهێندەی بخرێنە جێگەیەکی دیاریکراو یەکسەر خووی پێوە دەگرن، خوو بەبیانویەکەوە دەگرن، ئەو بەرنامەڕێژیەی پێشو دوبارە دەکەنەوە، خۆیشیو خەڵکیش بڕوا پێدێنێت، تادەگاتە ناوچەی ئارامی، تاکو دەبینیت وەکو بۆقەکەی لێهاتوە، ئیتر لێروە خووەکان ڕودەدەن، ئازارەکان پێکدێن، ئەمانە ئازاری خودین، بەهۆی ئاستەنگە ئاوەزیەکانەوە، هەروەك برێکی ئۆتۆمبێل کەڕێگری دەکات لەڕۆشتنی بەرەو پێش، لەگەڵ ئازاردا پنتێکی گرنگ دێتە کایە، لەزانستی"دینامیکی گونجاندنی دەماردا" باسم کردوە، سوپاس بۆ پەروەدگار ئەو زانستە لەلایەن خۆمەوە دامەزرێنراوە، ئەوخاڵەم بە(ساتی ژیان) ئەویش مرۆڤ کاتێ لەدایك دەبێت پاکوبێگەردە، پاشان دەستدەکات بەململانێی ئاستەنگەکانی ژیان، وەك نەخۆشکەوتن، یان ترسی کەوتنە سەرزەوی، یان هەستی تەنیایی، هەمیشە دەیەوێ دایکی لەلابێت، ئاستەنگی دوایەك، هەتاکو گەورەبێت ئاستەنگەکان بەگوێرەی ئەو دەگۆڕێنو بەبەردەوامی لەگەڵ ساتەکانی ژیانیدان، دوای ئەوە خاڵی گۆڕان ڕوئەدات ئەویش کاتێکەمرۆڤ دەگاتە قۆناغی پەیبردن، دەرکی تەواو دەکات بەقۆناغێکی قورسدا دەڕوات ئەنجا ئاستەنگە ئەقلیەکانی دەخاتە گەڕ، دەرك بەوەدەکات دەبێت نەخۆشی بیانوەکانی بەکارببات، وەك نەخۆشی دەرونی، یان نەخۆشی دۆخی دارایی، یان کۆمەڵایەتی، وەك پێشتر ئاماژەمان پێکرد، هەرکەمرۆڤ پەی بەوە برد شتێکی نائاسایی هەیە

دەبێت بیگۆڕێت چیتر ئازارەکانی دەگۆڕێت بۆهێزو تواناکان، وەك ئەوەی کەسێك دەڵێت: من لەمڕۆ بەدواوە ناتوانم بەوجۆرە بژیم، هەردەبێت بیگۆڕم، بۆیە بڕیار ئەدات بەرەو باشتر بچێت، گەرکەسێك هەبێت بتوانێت هەرشتێك بکات، ئەی من بۆنەتوانم بیکەم، بەمجۆرە بەدەم ئازارەوە ئەتلێتەوە، ئەم ئازارەش لەناخیدا ئەتەقێتەوەو دەردەچێت، وەك ئەوەی برێکی ئۆتۆمبێلەکەراکێشیتو ئەنجا پێ بنێیت بەپێ گازدا بەتوندی، ئەنجا لەپڕ دایبدەیتەوە دەبینیت ئۆتۆمبێلەکەباز ئەدات بەرەو پێش وئەداتەوە بەزەویدا وەك پێی دەڵێن(دەرچونی ئەمریکیانە) ئیدی ئەوکەسە دەبێت ژیان مافی خۆیەتی، دەیەوێ بەختەوەر بێت، دەستدەکات بەگەران، بلیمەتەکان دەبینێت سنورێك نیە بۆ بلیمەتییان، یان زاناکان، یان سەرجەم سەرکەوتوەکان، ئەوانیش هەموو کوسپە ئاستەنگێکیان هەبوە بۆدەسبەردار بوون لەئامانجەکانیان، بەڵام بریاری بوێرانەیان داوە کەهێزو تواناکانیان بخەنەگەڕ بۆبەدیهێنانی ئامانجەکانیان.

کەسێك بەناوی(لی ئایاکوکا) ئەم کەسەی لای(هنری فۆرد) کاریدەکرد، پاشان ڕۆژێ لەساڵی ١٩٦٢ ناکۆکیەك کەوتە نێوانیانو (هنری فۆرد) ئەم کەسەی لەکارەکەی دەرکرد، کابرا لەدڵی خۆیدا سوێندی خوارد کەدەبێت ڕۆژێك لەڕۆژان بێتە خاوەنی کۆمپانیایەك گەورەترو بەهێزتربێت لەکۆمپانیاکەی فۆرد، تەنانەت فۆرد لەچاو خۆیدا بێتە گرگنێکی چکۆلانە.

دوای ئەوە کۆمپانیای (کرایزلر) پێشنیاری بۆکرد لای ئەوان کار بکات، ئەمیش دەبو پەسەندی بکات چونکە شانەکانی لەژێرباری قەرزدا

چەمیبوون دەگەشتنە ٤٠ ملیۆن دۆلار، هاوکات هەموو سەروەتی لە٦٥٠ ملیۆن تێپەڕی نەدەکرد، خاوەنی ٢٢ لقی کۆمپانیا بوون لەجیهاندا، ٦٥٠٠٠کرێکارو کارمەند دەبوو بکەوتنایەتە سەرشەقامەکان، (لی ئایاکوکا) بیریکردەوە، چۆن بەشێوازێکی دروست مامەڵەبکات، بیرکردنەوەکانی هانیاندا کەسانی پسپۆڕ بێنێتە ئەم کایەیەوە بۆیە ونبوەکەی خۆی لەکەسێکدا بینیەوە ناوی(مایل لی) بوو ئەم پیاو پسپۆڕبوو لەمامەڵەکردنی ئەمجۆرە کارەساتانەدا.

یەکەمین کارێك (مایکل لی) دەسبەکاربوو تێیدا ڕاگرتنو داخستنی بەشە ماندوو لەکارکەوتوەکان بوو گرنگیدا بەبەشە کاراکان بەشێوازێکی دروست.

دەبو جارێکی دیکەڕێگە چارەیەکیتر بدۆزێتەوە بۆوەدەست هێنانی سەرمایەیەك، چونکە هیچ کامێك لەبانکەکان قەرزیان پێنەدەدا بەهۆی دۆخی خراپی داراییەوە، لێرەدا(لی کوکا) بەجۆرێکی دیکەبیری کردەوە، بۆیە ڕاستەخۆ پەنای بردە کۆنگریسی ئەمریکی بۆوەرگرتنی قەرز، ئەوکاتە رۆناڵد ریگان سەرۆکی ئەمریکا بوو، وتی یان ئەوەتا دەبێت ٦٥٠٠٠کەس بکەونە سەرشەقامەکانو ئێوە موچەیان بدەنێ یان ئەوەتا ٥ملیۆن دۆلارم بەقەرز بدەنێ، حکومەت هیچ پەنایەکی نەما بۆیە قەرزەکەیان پێدا، ئەمیش هەستا بەجێبەجێ کردنی نەخشەکەی بەشێوازێکی دروست، لەسەرەتاوە ئەو بەشانەی داخست کەهیچ گرنگیان نەبوو، بینی سەرۆکی ئەنجومەنی بەرێوەبردن ١٢هەزار یاریدەدەری هەیە هیچیان کارێکی ئەوتۆیان نیە دەستی کردە کەمکردنەوەیان، ئەنجا کەوتە نەخشەکێشانی کاروبارە ناوخۆ، بیریان

لـــەداهێنانی شـــتێکی نـــوێ کـــردەوە، بۆئـــەوەی کڕیـــار بـــەلای خۆیانـــدا کێـــشبکەن هەســـتان بەدروســـتکردنی یەکـــەمین ئۆتـــۆمبێلی قـــسەکەر ناویـــان لێنـــا(E-CLASS ئـــەم ئۆتۆمبێلەلەســـەر ١٢جـــۆر قـــسەی دەکـــرد: بۆنمونـــە دەیـــوت بـــەنزینت پێنـــەماوە، یـــان وریابـــە دەرگایـــەك کراوەتـــەوە، سەرەنجامەکەشـــی خـــەڵکی بەپەرۆشـــەوە پێـــشوازیان لێکـــرد نزیکـــەی ١٤ ملیـــۆنی لێفرۆشـــرا لەماوەی ســـێ مانگـــدا، لـــەماوەی کـــەمتریش لـــە٥ســـاڵدا قەرزەکانی دایەوە.

پاشـــان لەلایـــەن (ســـی ئـــێن ئـــێن)ەوە بـــانگهێش کـــراو لێیـــان پرســـی چـــۆن توانیت ئەمانە بکەییت؟

وتـــی: وتـــی یەکـــەمین شـــت دەرککـــردن، پـــەیبردنێکی تـــەوام هـــەبوو بەهـــەبونی شـــــتێکی ناسروشـــــتی ئـــــەوەش وایلێکـــــردم نەخـــــشەکەم بکێـــــشم و هەڵـــسەنگاندنی بۆبکـــەم پاشـــان هـــەمواری بکـــەم، هەســـتام بەدامەزرانـــدنی کەسانێکی شایـــستەو گونجـاو بۆئـــەوەی هاوکـاریم بکـــەن لەجێبـــەجێ کردنـــی نەخـــشەکەمدا، ئـــەنجا داهێنـــان، ئـــەنجا کـــاری ســـتراتیژی، ئـــەزمونو دەســـبەکاربوون، هەڵـــسەنگاندن، هـــەموارکردن، ئـــەنجا بـــەردەوامی لەبەشـــە ناوخۆییـــەکان، بەشـــە دەرەکیـــەکان پاشـــان خزمـــەتگوزاری بـــۆ کڕیارەکـــان، چـــــۆنیەتی بەدەســـــتهێنانی متمانـــــەی کڕیارەکـــــان بەوەیکەهـــــەردەم نوێگەرییان پێشکەش دەکرێت.

بەمرێکەیـــە بویـــە بـــەهێزترینو گـــەورەترین کۆمپانیـــا لـــەریزی ٥ کۆمپانیـــا بەناوبانگەکـــەی جیهـــان، ئـــیتر ئـــەم کەســـە لـــەوێ نـــەما، کەســـێکی هاتـــە شـــوێنەکەی بـــۆ بـــەڕێوەبردنی کۆمپانیـــا، ئاســـتی لەپلـــە٥ هاتـــە پلـــەی٣٦

لەسەر ئاستی جیهانی هۆکارەکەشی دەگەڕێتەوە بۆتەنگەوە نەبونی بەردەوامی و نوێکاری.

حەزی ئاگرین هەمیشە لەچاوانی کەسی سەرکەوتودا ئەدرەوشێتەوە، هەموشمان ئەتوانین بینە خاوەنی ئەو سەرکەوتنە گەر بتوانین هۆکارەکانی جێبەجێ بکەین...

باسەرنجێك بدەین لەچیرۆکی (محمد علی کلای)

لاوێکی چکۆلانە لەولاتێکدا دەژیا پڕبوو لەرەگەزپەرستی، خەونی بەوە دەبینی بێتە پالەوانی جیهان لەملاکەمەدا، هاوکات هەموو خەلکی گالتەیان پێدەکرد، بەلام ئەم هەولی خۆی ئەداو پشتی سارد نەدەبویەوە، سەرنجی جولەی یاریزانەکانی ئەدا، جولەی قاچەکانیان، دەستیان، چاوەکانیان، هەناسەکانیان، زیاتر لەجارێکیش دۆڕاندی، بەلام دوای ئەوە توانی سەرکەوێت، تاکار گەشتە ئەوەی ڕکابەری لەگەل (جۆرج فۆرمان)دا بکات. ئەو کەسەی هەموان لێی دەترسان، لێدانو زەبری ئەوپیاوە بەهێزتر بوو لەلێدانی ئەسپ، محمد علی کلای زۆر دەترسا لەبەردەم ئەم پیاوەدا یاری بکات لەگەل ئەمەشدا بەگژیدا چویەوەو یاری لەگەلدا کرد، بەلام دۆڕاندی، جۆرج فۆرمان توانی ١٢ زەبری پێ بگەیەنێت بەدەمو چاوی و بالێکی بشکێنێت بردیانە نەخۆشخانەو خالێکی زۆر ناهەمواری هەبوو، خەلکی پێیان دەوت جارێکیتر توخنی ئەو جۆرە یارییە نەکەوێت، بەلام بۆجارێکیتر هەستایەوە دوبارە دەستیپێکردەوە نەك تەنها هەر ئەمەبەلکو بڕیاریدا لەبەرامبەر جورج فۆرماندا جارێکیتریش بۆستێتەوە ئەمجارە دەستیکردە سەیرکردنی ئەو فیلمە تۆمارکراوانەی لەگەل جۆرج

فۆرماندا یاریدەکرد بۆئەوەی لێوەی فێر بێت، تاکو بەتەواوی چویە ناخیەوە، دوای ئەوەی لەنەخۆشخانە دەرچوو دەستیکردە مەشقکردنێکی چڕو پڕ شەوو ڕۆژ خەریك بوو، بۆیە جارێکیتر ململانێی لەگەل جورجدا کردەوە دوایئەوەی جۆرج هەواڵەکەی پێگەشت بەخەڵکی وت: بەڕاستی دەبێت تامەزرۆی بینینەوەی ئەو پیاوەبن چونکە پێدەچێت ئەمە دواین بینینەوەی بێت، ماڵاوایی تەواوی لەگەڵ بکەن چونکە من بەتەواوی ڕزگارتان ئەکەم.

ئەم پاڵەوانێتیە لەئەفریقا بەڕێوەچوو، بەمانگێك پێش سازکردنی پاڵەوانێتیەکەمحمد علی کلای خۆی بەخەڵکی ناساندو خەڵکیش خۆشەویستیەکی زۆریان بۆدەربڕی، دەهاتە نێوشەقامەکان‌و تێکەڵی خەڵکی دەبوو، خەڵکەکەش بەناوی ئەوەوە هیتافیان بۆ دەکێشاو هانیان ئەدا، هاواریاندەکرد محمد براوەیە، محمد پێشەوایە دوای ماوەیەکی کەم جۆج فۆرمان دابەزی لەگەڵ سەگێکی پۆلیسی دڕندەدا لەگەڵ ئەوەی هیچ کەسێك خۆشەویستی بۆ دەرنەدەبڕی‌و لێیدور دەکەوتنەوە.

جۆرج فۆرمان وتبوی یەکەم کارێك بیکەم ئەمەیە هەڵدەکوتمە سەر قەپۆزی محمد علی کلای‌و تێکی دەشکێنم، زمانی ئەبڕم، بۆئەوەی جارێکیتر نەوێرێت قسە بێت بەزاریدا، سێ ڕۆژ بەرلەدەسپێکردنی یاریەکەفۆرمان بریندار بوو، یاریەکەدواخرا بۆ سێ هەفتەی دیکە، کلای لەڕوی دەرونیەوە دارما، بەلام سەرلەنوێ دەستی کردەوە بەڕاهێنانەکانی و شانی دایە بەر دۆخەکەوەکخۆی، پاشان کاتێ یاریەکەدەستی پێکرد، ویستی ئەوەبڕوایە بۆ فۆرمان دروست بکات

هەرچەندە لێدانەکانی بەزەبر بن ئەوا کار لەم ناکەن، هاوکات هەر یاریزانێك دەترسا لەلێدانەکانی فۆرمان، هیچ بۆکس وەشێنێك نەیدەتوانی دو یان سێ خول زیاتر خۆی لەبەردەم لێدانەکانی فۆرماندا بگرێت، بەلام کلای توانی ١٢جار خۆیبگرێت لەکۆتایشدا بۆسێکی یەکلایی کەرەوەی تێسرەواند، بەهۆی ئەو بۆکسەوە توانی بەسەریدا سەرکەوێت، پاشان موسلمان بوونی خۆی ڕاگەیاندو بەخەلکی وت بەکۆمەکی خوای تاکو تەنیا هەولو کۆششی خۆم تەقالاو سوربوونم توانیم ئامانجەکەبەدی بێنم.

ئەمەش نمونەیەکی تری هەولو تێکۆشانە بۆ سەرکەوتن پیاوێك لەسوریا بەناوی(سعید معصرانی) لەمنالیەوە توشی ئیفلیجی بوبو، بەهەموو جیهاندا دەگەڕاو توانی سەردانی ٢٨ ولات بکاتو هاوکاری منالانی توش بوو بەئیفلیجی بکات لەپیاوێکی ئیفلیجی سادەوە گۆڕا بۆ پیاوێك هەلگری پەیامێك بۆ ئەو نەخۆشانە، بۆ ئەوەی سەر لەنوێ دەروازیەکیان بۆ والاکات دەیوت: نا بۆئیفلیجی، نا بۆ پەککەوتویی، نا بۆشێرپەنجە، ئەمە دروشمەکانی ئەو پیاوە بوو، خەلکی لەدوایەوە دەڕۆشتن و گومانیان لەوتەکانی دەکرد کەدەیوت: نا بۆ ئیفلیجی، نا بۆ کەمئەندامی، نا بۆ شێرپەنجە، ئەمەش نمونەیەکی دیکەی هێزە، هەرکەسێکی تر بوایە لەجیاتی ئەو دادەنیشتو جولەیەکی بۆنەدەکردو هیچی لێ نەدەوەشایەوەو دەیوت: من دوچاری نەخۆشی ئیفلیجی بووم ناتوانم هیچ کارێك بکەم، بەلام ئەم پیاوە کۆلی نەئەداو دەبزواو تەپوتۆزو غوباری لەخۆی ئەتەکاند.

منو تۆش پێویستە وابکەین، بەلام گەر هەولی بۆ بدەین...

منالێـــك لـــەدايك بـــوو نـــاوی(رۆن ســـكالين) خـــەونی ئـــەم منالەئەمـــەبو دەيويـــست بێتـــە يـــەكێك لەپاڵەوانـــەكانی كـــاراتی لەجيهانـــدا، بـــەڵام هـــەردو قاچـــەكانی قرتـــا بـــوون، بـــاوكی خۆشەويـــستيەكی زۆری بـــۆی هـــەبوو، بـــردی بۆيـــەكێك لەيانـــە وەرزشـــيەكانی هونـــەری كـــاراتی، لەيانەكـــەدا پياوێـــك هـــەبوو نـــاوی(ليـــزلی) يـــەكێك بـــو لەپاڵەوانـــەكانی يـــاری كـــاراتی، ئـــەم كـــوڕەی وەك وەرزشـــوانێك پـــەروەردە كـــرد، فێريكـــرد چـــون كورســـيەكەی بـــەكاربێنێت لـــەكاتی ڕوبەڕوبونـــەوەدا، بەڕاســـتی دەســـبەكاربوو تـــاكو پـــشتێنی ڕەشـــی بەدەســـت هێنـــا لـــەماوەی كـــەمتر لەچوارســـاڵدا لـــەوەش ســـەيرتر ئـــەوەبو لەئـــەمريكای باشـــور پاشـــان لەئـــەمريكای بـــاكور، پاشـــان پاڵـــەوانێتی جيهـــانی، ئێـــستا خـــاوەنی١٢ جۆدۆيـــە، وشـــەی جـــۆدو واتـــە يـــەكێك لـــەو يانانـــەی فێربـــونی هونـــەری كـــاراتی تێـــدا ئـــەنجام ئـــەدرێت، ١٢هـــەزار يـــاريزان لەژێردەستی ئەودان.

ئـەوەی وتمـان نمونـەی ئـەو پيـاوە بـوو كـەخۆڵو تـۆزی ناتوانـايی لـەخۆيان ئەتـــەكێنن، تواناكانيـــان بـــەئاگا دێـــنن، مـــنو تـــۆيش ئـــەتوانين وابـــين بەمەرجێك هەوڵی بۆ بدەين.

تاكـــەی زەقـــەی چـــاوومان بێـــتو جوڵەيـــەكی بـــۆ نەكـــەين، خەونـــەكان لەبەردەممانـــدان، كەســـێك خـــاوەنی ئۆتۆمبێلێكـــە، كەســـێكيتر خـــاوەنی كۆشـــكێك، كەســـێكيتر كـــارێكی چـــاكی هەيـــە، منـــيش ئـــەتوانم هـــەمانجۆربم بـــەڵام بـــەو مەرجـــەی هـــەوڵی بـــۆ بخەمەگـــەڕ، تـــەنها جياوازيـــەك لەونێوەنـــدەدا جوڵەيـــە، كەســـانێك لەبزاڤـــدانو كەســـانێكی ديكـــەهيچ بزاڤێكيـــان نييـــە، كەســـێك دەوڵەمەنـــدەو خـــاوەنی كۆشـــكو تـــەلارە، خـــاوەنی بڕوانامـــەی

دکتۆرایــە، بــەڵام هــیچ دڵخــۆش نیــە بــەو ژیانــەی، چــونکە نازانێــت چــۆن مامەڵەلەگەڵ خەڵکیدا بکات، ئەوە کەسێکی زۆر لاوازە.

لــەنێو یــەکێك لــە٥٠٠ کۆمپانیــا ســەرکەوتوەکانی جیهانــدا، پیاوێــك کاریــدەکرد لــەبواری ڕاوێــژکاری کارگێریــدا، ســەرۆکی ئەنجومــەنی کــارگێڕی ئەو کۆمپانیایە زۆر هاوڕێمە.

پێی وتم: ئەمەوێ ئەم پیاوە دەرکەم.

وتم: بۆچی؟

وتــی: پیــاوێکی چــاکە، ڕوێــژکارێکی بێوێنەیــە، بــەڵام نــاتوانین لەگەڵیــدا بگــونجێین، ناتوانێــت زاڵبێــت بەســەر خۆیــدا، زۆر زو هەڵدەچــێتو تــوڕە دەبێــت، بۆیــە بەرلــەوەی دەریبکــەین بڕیارمانــدا کەســێکی پــسپۆڕ لەگەشەی مرۆیی لەگەڵیدا بدوێت.

کاتــێ لەگــەڵ ئــەولاوەدا قــسەم کــرد، بیــنم بەڕاســتی توڕەیــە، ســەرەتا پرســیارم لێکــرد لــەبارەی بــەهاوە، پــێم وت چــی بــەلای تــۆوە گرنگە؟چــی بــەلای ژیــانی هاوســەرداریو کەســێتی تــۆوە گرنگــە؟ بیــنم ژمــارە ٢٤ لــەزنجیرەی بەهاکانیــدا ئــەویش متمانەیــە، ئــەو متمانــەی بــەهیچ کەســێك نییــە تەنانــەت بــەخودی خۆیــشی، هەرلەمناڵیــەو ڕاهــاتوە متمانــەی بەکــەس نــەبێت، پێــی وتــراوە، پێداگریــە، چــونکە خــەڵکی دڕنــدەنو متمانــە بەکــەس نەکــەیت، هــەمو کەســێکی ڕەت ئــەکردەوە کەبیــەوێ لێــی نزیــك بێتــەوە، ئەوکەسەشی دەرئەکرد بیویستایە دەستوەرداتە ژیانی.

هەوڵمــدا لەگــەڵی تــاکو تــوانیم متمانەکــەی بخەمــە پلــە١٠ لــەزنجیرەی بــەهاکانی، پــێم وت: ئــەو کەســەی متمانــەی بەخــەڵکی نییــە بێگومــان متمانــەی بــەخودی خۆشــی نییــە، بــەڵام هــەردەبێت شــتێك

لەکەسـێکدا بدۆزیتـەوەو متمانـەی پێبکـەیت، پاشـان دەسـتبکەیت بەمامەڵـەکردن لەگەڵیـدا، دەبێـت گیـانی لێبوردنـت هـەبێت لەبەرامبـەر هەڵەیـەك یـان تاوانێکیـدا، لەڕێگـەی ئـەم لێبوردەییـەوە بەرامبـەر بـەو کەسـە ئـەوا بـەرەو ڕێگـەی چاکەدەچێت، بـەڵام مـادام تـۆ دەرگـا بەڕویـدا دادەخەیتـەوە ئـەوا خـوای گـەورەش دەرگاکـان بـەڕوی تـۆدا دادەخاتـەوە، چـونکە یـەکێك لـەدەرگاکانی خێـرت داخـستوە، یاسـایەکی شـەرعی دەڵێـت: پاداشـت بـەپێی جنسی کارەکەیـە، گـەر بەچـاکەڕوبەڕوی خـەڵکی بیتـەوە دڵنیابـە چـاکەش بـەرۆکت پێدەگرێتـەوە، گـەر بـەڕق و قینـەوە ڕوبـەڕویان بیتـەوە دوبـارە هەمانـشت بـەرۆکت پێدەگرێتـەوە، گـەر بـەبێ متمانەییـەوە ڕوبـەڕویان بیتـەوە هەمانـشێوە بـەرۆکت پێدەگرێتـەوە، ئەمانـەش سـەرجەمیان بونـە هـۆی گۆڕانکـاری لـەو پیـاوەدا، بـەڵام گۆڕانکاریەکەنەگەیشتە ئـەو ئاسـتەی بتوانێـت مامەڵـەی لەگـەڵ خەڵکیـدا پێبکات، سەرەنجامەکەی دەرکردنی بوو لەکارەکەی.

بـەڵام ئێـستا ئـەو پیاوەبۆتـە سـەرۆکی ئەنجومـەنی کـارگێڕی کۆمپانیایـەکی ئـەمریکی لەکەنـەدا، ئەمـەش بـەهۆی ئـەوەی تواناکـانی ڕاپەڕانـد دەرکـی بـەوەکرد متمانـە بـەخۆبوون و متمانـە بەخـەڵکی بـوون دەبێـت هـەبێت لەگـەڵ پێداگریـدا، ئـەوکات هاوسـەنگیەکی تـەواو دێتـە گـۆڕێ، دەسـتدەکاتە کـارلێککردن لەگـەڵ خـەڵکی لەگەڵیانـدا لەبرەودایـە، هاوکاریان دەکات.

مـن کـاتی سـەرکەوتنی بێـسنورم نوسـی کەتوێژینەوەیەکەوەرگێڕاوەتـە سـەر سـێ زمـان، لیپێـچینەوەم لەسـەر ژیـانی سـەرکەوتوەکانی جیهانـدا کـردوە، کاتـێ هاتمـە جیـانی عەرەبیـەوە بینـیم هێزێکـی نـەبڕاوەمان هەیـەو

پەککەوتوەکانمان گەشتونەتە بالآترین پۆستی جیهان تەنانەت نابینامان هەیە بۆتە ڕاگری ئەدەبی عەرەبی.

کاتێ من لەکەنەدا بووم لێکۆڵینەوەی ژیانی سەرکەوتوەکانم کرد، لەنێویاندا (هینری فۆرد) لەگەشتەکانی بەرەو سەرکەوتنیدا حەوت کەرەت بەچۆکدا هاتوە، بەلآم ماندونەناسانە تواناکانی خستۆتەوەگەڕو تەپو تۆزی ناتوانایی لەخۆی کردۆتەوە، توانیویەتی سەرکەوتو بێت، گروپی ئەندازیارانی پێك هێناوە، شتی نوێیان داهێناوە، لەبازاڕەکانی جیهاندا نمایشیان کردوە، سەرکەوتووش بوون، ئەوەش لەقەیرانی ڕاستیەکاندا، حەوت کەرەت توشی شکست بوە، هەرکەرەتەو ٥ ساڵی خایاندوە قەرزێکی زۆریشی لەسەربوە، بەلآم نائومێد نەبووە، تواناکانیان خستۆتە گەڕو کاریان پێکردوە.

پیاوێکی تر بەناوی(کولونیل ساندرز) پیاوێکی بەتەمەن گەیشتبویە ٧٠ ساڵان خانەنشین کرابوو، هەرچیەکی هەبوو هەمووی شتی سادەو ساکاربوون، یەکەمین چەکی خانەنشین کردنەکەی کەمتر لە١٠٠ دۆلار بوو، بۆیە لەداخاندا ئەوچەکەی وەرگرتو دڕاندی، وتی من ناتوانم بەمشێوەیە بژیم، هەستا بە ئامادەکردنی لیستی ئەو خۆراکانە خۆی دروستی کردبوون ئەویش بیرۆکەی چێشتخانەکانی(کنتاکی) پێکەشی زۆرێك لەچێشتخانەکانی کرد، زۆریان ڕەتیان کردەوە، بەلآم دوای دان بەخۆدا گرتنێکی زۆر بویە خاوەنی بەناوبانگترین چێشتخانەی جیهانی کەتیایدا ١٢٠٠٠ کارمەند کاری تێدا دەکات لەسەر ئاستی جیهانی، هۆکارەکەی دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی ئەم پیاوە توانی خەونەکانی بژیەنێتەوە ئامانجەکانی بەدی بێنێت.

ئێستا حاڵی تۆ چۆنە..هەوڵبدە لەگەڵ مندا بیربکەیتەوە لەهەر چیرۆکێك بۆت ئەگێڕمەوە، هەرلەئێستاوە بڕیار بدە، ببزوە، دورنیە ئەمڕۆت دوایین ڕۆژی ژیانت بێت.

دوبارە (توماس ئەدیسۆن) ئەم پیاوە زۆر سەرنجی منی کێشکردوە کاتێ بەدوادا چونم بۆ کەسایەتیە ناوداروسەرکەوتوەکان ردوە، نزیکەی ٢٠٠٠ داهێنانی کردوە، هیچ کامێکیش لەو داهێنانانەی بەئاسانی نەهاتونەتە گۆڕێ، کاتێ هەوڵیداوە بۆ بەدیهێنانی گڵۆپی کارەبایی ٩٩٩٩ شکستی خواردوە، خەڵکیش پێیان وتوە، کەسێکی دۆڕاوە، ئەمیش وتویەتی: من نادۆڕێم، چونکە٩٩٩٩ جار هەوڵمداوە لەهەوڵی١٠٠٠٠دا سەرکەوتنم بەدەست هێنا.

هەروەها (هیلین کیلر)و(توماس ئەدیسۆن)و(هینری فۆرد)و(لویس بریل) و(رون سکاین) ئەمانە سەرجەم تواناکانیان خستۆتەگەڕ خۆڵ‌و تۆزی نەتواناییان لەخۆیان تەکاندوەو سەرکەوتنی ڕاستەقینەیان بەدیهێناوە.

ئەمەش (لیت هۆندا) لەژاپۆن، ئەوانە تەنگەژەو سەختێ لەدنیادا بەسەر ئەم پیاوەدا هاتوە، کاتێ منداڵ بوو خەونی دەبینی بەوەی کەگەورە بوو ببێتە شتێکی گەورە، ئێستا خاوەنی گەورەترین کۆمپانیای(هۆندا)ی ئۆتۆمبێلە، ئاواتی ئەوەبوو ئۆتۆمبێلێك بەناوی خۆیەوە بێت (هۆندا) هاوکات ئۆتۆمبێلەکانی (تویۆتا) سەرکەوتنێکی بەرچاوییان بەخۆیە دەبینی، ئەویش بەردەوام لزانکۆدا دەیخوێند، هاوکات کچێکی دەستنیشان کردبوو دەبوو بەوزوانە بچێتە هاوسەرگیریەوە، پێشنیارکرا ماتۆڕێك دروست بکات، بۆیە دانەیەکی

دروست کرد، بەڵام بەدڵیان نەبوو، دیسان گەڕایەوە بۆ خوێندن، تاکو دانەیەکیتری دروستکرد، تاسەرەنجام لێی وەرگیرا، بەڵام حکومەتی ژاپۆنی ئەویشی ڕەتکردەوە، پاشان سێساڵی تریش بەردەوام خوێندی بەخۆڕاگریەو کاریدەکرد، تاکو ڕەزامەندی حکومەتی ژاپۆنی بەدەست هێنا، بەڵام خاوەنی ئەو داراییە نەبوون تاکو کارگەیەکی بۆ دامەزرێنن، بەڵام هەرچۆنێك بوو کارگەیەکیان بۆ دروستکرد، کەچی لەکاتی جەنگی جیهانی دووەمدا کارگەکەی خاپورکرا، چوار ساڵی تری خایاند تاکو کارگەیەکی دیکەی دروستکرد، ئەویش بەر زەمین لەرزەیەکی بەهێزکەوتو خاپور بویەوە، گەر هەرکەسێکی تر لەجیاتی ئەو بوایە دەیوت ئەم هەموو بەدبەختیە چیە ڕوی لەمن کردوە، بۆ بەتەنها کارگەکەی من دەبێت وێران بێت، بەڵام نەیهێشت نائومێدی ڕوی تێبکات، بەردەوام بوو لەدروستکردنی ماتۆڕەکانی، کەخەڵکی دەیانبینی سەرسام دەبوون، دوایەکاریەکی زۆری خەڵکی ڕویتێکرد بۆ ماتۆڕەکانی لەهەفتەیەکدا ٢٨ داواکاری ماتۆڕ ڕویتێکرد، پاشان هەواڵی داهێنانەکەی بەسەر کۆمپانیاکانی ژاپۆندا بڵاوەیکرد، داواکاریکان لەسەری کەڵەکەبوون، سەرەنجامیش یەکەمین مۆتۆسکێلی لەجیهاندا هێنایە کایەوە، باشترین خەڵاتی ئیمبراتۆری ژاپۆنی لەسەر وەرگرت، دوای ئەمە دەسبەکار بوو لەدروستکردنی ئۆتۆمبێلی هۆندا کەبەسەرتاسەری جیهاندا بڵاوەیکردوە، ئاواتەی هاتە دی، ئەمەش هێزی سەرکەوتنە.

ئەمەش نمونەی کەسێکەتواناکانی بەئاگا هێنابێت داهاتویەکی پرشنگداری بۆخۆی دابین کردبێت،هەموو هیواو ئاسۆکانی واڵابن بۆ

خەڵکی، دوایی بڵاوبونەوەو فراوانبونی هۆندا تەشەنەی کرد، گەر هۆندا بەمجۆرە بێت ئەی منو تۆ بۆ وەك هۆندا نەبین.. ئاخر بۆ؟

ئێستا وەرەو بادەست بکەین بەیەکەم هەنگاو بۆئەوەی تۆزو غوباری نەتوانایی بتەکێنین تواناکانمان بەئاگا بێنین، ئەودێوەزمەیەی ناخمان راچڵەکێنینو چالاکی بکەین....

راچڵەکاندنی تواناکان:

راچڵەکاندنی تواناکان بەپەیبردن، بەپەیبردن دەست پێدەکات یەکەمجار بزانە تۆ کێیت؟ پاشان هەربەو شێوەیەی کەهەیت خۆتت پێ قبوڵ بێت، چونکە پێباش بونی خودی بەشێکەلەخۆنرخاندن کەواتە هەردەبێت خودی خۆتت پێ پەسەند بێت

خۆنرخاندنیش لەم سیانە پێك دێت:

یەکەم:قبوڵ کردن..خودی خۆتت پێ قبوڵ بێت هەرچۆنێك کەهەیت.

دووەم:خۆنرخاندن..بەهای خۆتو ئەزمونەکانت، بیرۆکەکانت، تاقی کردنەوەکانت بزانیت.

سێیەم: خۆشەویست خود: مادام خوای گەورەت خۆش دەوێت بێگومان دەبێت بەخشینەکانیت خۆش بوێت، تۆ خۆتت خۆش دەوێت، خۆتت پێ پەسەندە، رەنگت، بەژنو بالآت، باكو داکت پێ قبوڵ بێت، ناوی خۆتت پێ پەسەند بێت، گەر ئەم پێ پەسەند بوونو نرخاندنە نەبێت، ئەوا لاوازی لەوێنەی خودیدا دروست دەبێت، لاوازی لەبەدیهێنانی خودیدا، لاوازی لەخۆنرخاندندا دێتە کایەوە.

دەبێت دوای پەیبردنی راستەخۆی خۆ پێپەسەند بوون، تۆ باشترین بەدیهێنراوی خوای پەروەردگاریت، پێویستە جیاوازی بکەیت لەنێوان

خـۆتو ڕەفتارەکانتـــدا، دەبێــت خۆتــت پـــێ پەســـەند بێــت وەك ئـــەوەی هـــەیت بەدرێـــژیو پـــانی و ڕەنـــگو شـــێوەو جـــۆر، چـــونکە خـــوای گـــەورە گـــەوردونی بـــۆ ملکـــەچ کردویـــت، ئاسمانـــەکانو زەوی، هەرچـــیەك لەنێوانیاندایـــە، زۆرجـــار دەبینیـــت کەســـێك ئەنـــدامێکی بـــەزکماك ناتـــەواوە بـــەڵام، زۆر هۆشـــیارو زرنگـــە (جیمـــالا بیزانـــی) کەمئەندامێکـــەو ١٢٠٠ کەمئەنـدامی وەك خـۆی بـەڕێوە ئـەبات، ئـەم خۆپـێ پەسـەند بوونـە بـەرەو پێـشت ئـەبات، چـونکە هـیچ گرێیـەکی دەرەونیـت بـۆ ناهێڵێتـەوە، گـەر کەسـێك تانـەت لێبـدا لەبـەر ئـەوەی پـان یـان درێـژ یـان کورتـە باڵایـت یـان لەبـەر ناوەکـەت یـان لەبـەر نـاوی دایکـت یـان باوکـت یـان خێزانەکـەت، ئەمانەهیـچیان کاریگـەری لەسـەرت نابێـت، بـەڵکو بـەخۆت ئـەڵێیت: ئـەوە دەگـۆڕم کەشـیاوی گۆڕینـە، ئـەوەی شـیاوی گـۆڕین نیـە، یـان وازی لێـدێنم یان پەسەندی ئەکەم.

لـەم ڕوەوەوتەیـەك دەڵێـت:االهـم اعـني علـى تغـيير مـا أسـتطيع تغـييره وتقبل مالااستطيع تغييره ومعرفة الفرق بينهما

هاوڕێیـەکم هـەبوو خـاوەنی نوسـینگەیەکی پـارێزەری بـوو لـەمۆنتریال لـەم نوسـینگەیەدا ٣٢ پـارێزەر کاریـان دەکـرد، پاشـان ١٠ سـکرتێریان هێنـا هـەموو ئـامێرێکی پێـشکەوتویان بـۆ دەسـتەبەرکردن، پاشـان مەشـقیان پێکـردن لەسـەر کـارپێکردنی ئامێرەکـان، بـەردەوام لەگەڵیانـدا خـەریك بـوون بـۆ مـاوەی شـەش مـانگ، لـەدوای ڕاهـاتنی سـکرتێرەکان دوایـەکی زۆری کاریـان لەسـەر بـوو، کەچـی یـەك لـەدوای یـەك دەسـتیان لەکارکێـشایەوە، پاشـان کارمەنـدی نوێیـان دامەزرانـد بـەڵام کـاتی پێویـستیان نـەبوو بـۆ ڕاهێنـانی ئـەم سـکرتێرە نوێیانـە، ئـەوان

کۆمپیوتـەریان وەك چاپکەرێك بـەکاردێنا، چـونکە دەرکیـان بـەتوانای ئـەم ئـامێرە نـەکردبوو، بـەلام گـەر شـارەزاییان هەبوایـە بـەهێزو توانـای کۆمپیوتـەر ئـەوا بەشـێوازێکی دروسـت بـەکاریان دەبـرد، هـەروەك ئـامێری چـاپکردن چـۆن یەکـەمجار بەیـەك پەنجـە کەسەکەچـاپدەکات، پاشـان دوای ئـەوە هـەموو پەنجـەکانی بـەکار دێنێـت، گـەر بێـت و هـەر دەپەنجەکـەی بـەکار ببـات ئـەوا زۆر بـەخێرایی ئـەتوانێت بنوسـێت هەرچـەن لەسـەرەتاوە کـارێکی گرانـە بـەلام دوایـی لەگەڵیـدا ڕادێـت تـاکو ئـەتوانێ لەخولەکێکـدا ۱۰۰ووشـە بنوسـێت، بـەلام گـەر بـەردەوام بێـت لەسـەر بـەکاربردنی تـەنها پەنجەیـەکی ئـەوا مەحالـەبتوانێت لـە۳۰ ووشـە زیـاتر تێپـەڕ بکـات ئەمـەش پێیـدەوترێت پـەیبردن، گـەر پـەی بـەتواناکانت نەبـەیت هیـچی لێنـەزانیت ئـەوا ئـیتر چۆنیان بـەکار ببـەیتو مامەڵـەی پێـوە بکەیت؟

لـەدەمێك سـاڵەوە چـاوپێکەوتنم لەگـەڵ پیاوێکـدا کـرد، پێـی وتم: کـوڕی خـۆم، تۆزۆرشـتت پـێ وتوین،بـەلام ئـەم دنیایـە تـەنها ووشـەیەکەئەویش(پـەیبردن) منـیش کەوتمـە لێکۆڵینـەوەی ووشـەی(پـەیبردن) نزیکـەی سـێ سـاڵ گەشـتمە ئـەوەی بـەبێ پـەیبردن هـیچ شـتێك گۆڕانکـاری نایـەت بەسـەریدا، گـەر پـەی بـەوە نەبـەیت تـۆ زۆر ئـەخۆیت ئاگـات لـەزۆرخۆری خـۆت نیـە، گـەر پـەی بەوە نـەیت تـۆ کەسـێکی توڕەیـت، ئـەوا گۆڕانکـاری بەسـەر خۆتـدا ناهێنیـت، گـەر پـەی بـەوە نەبـەیت تواناکانـت بـەکار نـەهێناوە هەسـت بەبـەکارهێنانیان ناکـەیت، گـەر پـەی بـەوە نەبـەیت جگەرەکێـشان مەترسـیدارە بـۆدین و تەندروسـتیت ئـەوا هـەوڵی ئـەوە نادەیـت لێـی دور بکەویتـەوە، کەواتـە پـەیبردن هـەموو

شـــتێکه، بۆیـــه بۆمدەرکـــەوت گـــرنگترین شـــتە، پـــەیبردن ســـەرەتای گۆڕانکاریـــە، گۆڕانکـــاری ســـەرەتای گەشـــەکردنە، گەشـــەکردن ســـەرەتای پێـــشکەوتنە، پێـــشکەوتن بـــەبێ پـــەیبردن بـــەدی نایـــەت، گـــەر پـــەی بـــەتواناکانت نەبـــەیت ناتوانیـــت بـــەکاریان ببـــەیت، چـــونکە ئاســـتەنگو پێشهاتەکان لەگۆڕێن ئێمەش بەوانە فێردەبین‌و گەورە دەبین.

گـــەر مـــرۆڤ بەئاســـانی ســـەرکەوتن بەدەســـت بێنێـــت بـــەبێ هـــیچ ئاســـتەنگێك ئەوابـــەزۆری نیگـــەرانی ڕوبتێـــدەکات ئەمـــەش زاناکـــانی زانکـــۆی (هارفـــارد) ســـەلماندویانە مـــرۆڤ گـــەر بـــەردەوام لەخۆیـــدا بێتێـــەوا بێگومـــان دوچاری خەمۆکی ئەبێت.

گـــەر بەلگـــەت ئـــەوێ لەســـەر ئـــەم بیروڕایـــە ســـەیرێکی دەوڵەمەنـــدەکانی جیهـــان بکەئەوانـــەی مانـــدو نـــەبوون بەبەدەســـت هێنـــانی ســـەروەتەکانیانەوە دەبینیـــت٩٢٪ بەدەســـت نیگەرانیـــەوە ئـــەناڵێنن، چـــونکە خـــاوەنی هـــیچ ئـــەزمون‌و تاقیکردنەوەیـــەك نـــین، هـــیچ فێـــر نـــەبوون، لـــەهیچ شـــتێکدا مانـــدوو نەبوون وەك موتەنەبی ئەڵێت:

بقدر الجد تكتسب المعالي   ومن طلب العلا سهر الليالي

ومن طلب العلا بغير جد   اضاع العمر في ظل المحال

مـــن لـــەبارەی ئـــەو دەوڵەمەندانـــەوە ئـــەدوێم کـــەخاوەنی ســـەروەت‌و ســـامانن لەڕێگـــەی میراتـــەوەیان بـــاوك‌و دایکـــەوە بۆیـــان جێمـــاوە، هـــیچ مانـــدو بونێکیـــان پێـــوە نەکێـــشاوە، شکـــستیان نـــەخواردوە هەڵنەســـاونەتەوە، هـــیچ دەســـکەوتێکی خودییـــان نیـــە، ســـەرەنجامیش هەرنیگـــەرانی دەبێتـــە پـــشکیان، گـــەر کـــات بـــەفیڕۆ بـــدەیت چـــاوەڕوانی هـــاتنی بـــەختو ئیقبـــاڵ بکـــەیت خۆیـــت بۆبکـــات بـــەزۆردا ئـــەوا بەتـــەمای مەبـــە هـــەرگیز، مـــن دڵنیـــات

ئەکەمەوە، تۆ دەڵێیت: ئەی بۆ ئەوانە خاوەنی بەختو شانسن؟ منیش پێت ئەڵێم: چونکە گەر توشی شکست بوون ئەتوانن جارێکیتر سەرپێی خۆیان بکەونەوە، خوای گەورەش ئەفەرموێت:

إنا لانضيع أجر من احسن عملا

ئەوانە شارەزاییەکی تەواویان هەیە بۆیە خاوەنی ئەو شانسەن چونکە گەشبینن، مادام ئەوانە هێندە گەشبینن بەختیش بەلای ئەواندا خۆی دەکوتێ ئەوانیش بەلای بەختدا خۆیان ئەکوتن.

کەواتە هیوای خێربخوازە باخێرت دەسگیربێت:

وەك خوای گەورە لەقورئانی پیرۆزدا فێرمان دەکات(اقرأ) ئەمە یەکەمین ئایەتی قورئانی پیرۆزە، فەرمانێکی ڕاستەخۆیە بۆئەوەی هێزی ئەقڵت بخەیتەگەڕ.

دەڵێم گەشبینبە، ئەمەش فەرمانی داخوازیە، ڕاستەوخۆیە بەردەوامە لەکاتداواتە خێر هۆکارێکە، ئەی ئەنجام؟! ئەویش دەسگیربوونە، هیواخوازی خێربە بادەسگیرت بێت، هەرکات گەشبین بیت بەهەرشتێك ئەوەت دەسگیر دەبێت، ئەمەش لەیاساکانی چالاکی ئەقڵی ناوەکیە دەڵێت: بیر لەهەرشتێك بکەیتەوە تەشەنە دەکاتو فراوانی بەوجۆرە وەردەگرێت، گەر بیرلەگەشبینی بکەیتەوە خۆی بەرەولای تۆ کێش دەکات بەجۆرەی تۆ بیرت لێکردۆتەوە، بۆیە بیرلەچاکەبکەنەوە بادەسگیرتان بێت، بەمەش پێ دەنێیتە یاسای کێش کردنو یاسای گەڕانەوە..یاسای لایەنە مەترسیدارەکان.

خوای گەورە فەرمان بەهەرشتێك بکات ببە دەبێت، کەواتە دەبێت گوێڕایەڵی خوای پەروەدگاربیت، خۆشت بوێت ئەمەکداربیت، خوای

گەورەش هەرچیت بوێ بۆت فەراهەم دێنێت، کەواتە دەبێت لەخوای گەورە نزیک بیتەوە، خەڵکیت خۆشبوێت دەستی هاوکاریان بۆدرێژ بکەیت وەک دەفەرموێت:إنا لانضیع أجر من احسن عملا...وبشر الصابرین

ئێستاکاتی ئەوە هاتوە بڵێیت: من خۆمم پێ قبوڵە وەک ئەوەی کەهەم.

گەر سەرنجێکی سێ براکەبدەین دەیانوت ڕۆژێک لەڕۆژان دەتوانین فڕۆکەدروست بکەین، لەوکاتەدا هەرگیز فڕۆکەلەئارادا نەبوو، یەکێکیان پەڕی لەبەرکردو سەرکەوتە سەر شاخێك، وایدەزانی گەر پەڕ لەبەربکات دەتوانێ وەک باڵندەکان بفڕێت، هەرکەلەسەر شاخەکەوە خۆی هەڵدا کەوتە خوار، چونکە یاسای کێشکردنی لەبیرکردبوو، بۆیە کەوتو بردیانە نەخۆشخانە، کەدووەمیان سەرکەوتە سەر شاخەکە ئەویش هەمانشێوەی بەسەر هات، خەڵکی پێی دەوتن برا شێتەکان، چونکە هەوڵێکی زۆریان دا، هەوڵی گۆڕینی پەڕەکانیاندا هەرجارەو جۆرێکیان بەکاردێنا، هەموو جارێکیش شکستیان دەخوارد، دوای ئەوە ڕێیان کەوت لەیاسای سەرئاو کەوتن کاتێ ئەم یاسایەیان دۆزیەوە وتیان: یاسای کێشکردنی زەوی دەڵێت: هەرشتێکك لەهەوا قورستر بێت نافڕێت بەلام، توانیان لەڕێگەی یاسای سەرئاو کەوتنەوە بفڕن، بەڵگەش فڕۆکە لەهەوا قورسترەو دەشفڕێت، پاپۆڕیش ناتوانێ سەرئاو کەوێت مەگەر لەتەختە دروستکرابێت بەلام لەڕێگەی یاسای سەرئاوکەوتنەوە دەتوانێت سەرئاوکەوێت هەرچەن لەئاسنیش دروستکرابێت.

ئیتر ئەو خەڵکەی گاڵتەی پێدەکردن ڕیزیان گرتوە وەستاوون دەیانەوێ بەو فڕۆکەیە گەشتبکەن کەئەو سێ برایە دایان هێنا.

ئایا کاتی ئەوە نەهاتوە تواناکانت بەکاربێنیت، ئەو دێوەزمەیەی ناخت ڕاچڵەکێنیت، لەمەبەستەکەدا چڕبیتەوە، ئامانجەکەت بدەرەوە دەست خوای گەورە، ئێمە زۆر بەدرێژی لەوبارەیەوە دواین، ئیتر باباسێکیش لەبارەی (چۆن ئایندە دروست ئەکەیت)

یەکەمین شت پەیبردنە، پەی بەوە بەریت تواناکانت بێسنورن، دوای ئەوە خودی خۆتت پێقبوڵ بێت، هەرچەن خەڵکی گاڵتەت پێبکەن، ئەمەت لەبیرنەچێت، بەخۆت بڵێ: تۆ باشترین بەدیهێنراوی خوای پەروەردگاریت، وەك وتەیەکی ئینگلیزی دەڵێت: ئەوزەبرەی نەمکوژێت بەهێزم دەکات...

هیچ کەسێك ناتوانێت کاریگەری لەسەر تۆ هەبێت بەبێ خواستی خۆت، هیچ کەس ناتوانێت وات لێبکات هەستی هیچ شتێك بکەیت بەبێ خواستی خۆت، هەر فاکتەرێکی دەرەکی بیەوێت کاریگەری لەسەر تۆ دروست بکات حەتمەن خواستی خۆتی لەسەرە، تەنها خودی تۆیە بیری لێدەکاتەوە بۆیە ئەویش کاریگەری لەسەرت دەبێت، تەنها هەرتۆیت هەستی خۆتی بۆ تەرخان ئەکەیت، پەرچەکرداری لەبەرامبەردا ئەنوێنیت، کەواتە بەدوربە لەکارتێکەرە دەرەکیەکان، تۆکەسێکی ڕێكو پێكو تەواویت، دڵنیابە ئەوەی گاڵتەت پێدەکات، ڕۆژێك دێت لەبەردەمتا دەوەستێت پێویستی پێت ئەبێت ئەمەش یاسای بوونی گەردونە، هەرکەسێك تواناو ئامانجی هەبێت دەبێت دەسبەکاربێت بۆ بەدیهێنانی.

خوێندکارێکی زانکۆی (بین) ناوی(ڕۆجەر بانستر) پاڵەوانی ئۆلۆمپیاتی١٠٠مەتری ٢٠٠مەتری ٢٠٠ مەتری کاتێ خوێندکار بوو

بـەهاوڕێکانی دەوت:ئایـا دەزانــن مــرۆڤ ئــەتوانێت یــەك میــل لــەماوەی ٤ خولەکـدا ببڕێـت، هەنـدێك سـەیری ئـەویتریان دەکـردو هەنـدێکیتر گاڵتـەیان پێـدەکرد پێیـان دەوت، هـیچ جەسـتەیەکی مرۆیـی ناتوانێـت ئـەو ماوەیـە بە ٤ خولـەك ببڕێـت، بەئـەقڵی هـیچ کەسێکیـشدا نایـەت، بـەڵام خـۆی خـەریك نەکرد بەو قسانەوە بۆی دەرچوو.

گـوێی نـەدا بەقـسەی ئەوانـەی جوڵەیـەکیان لـەباردا نـەبوو، شکـستی بـۆ دۆڕاوەکـان بـەجێ هێـشت، بـزواو تـوانی میلێـك لـەماوەی ٤خولەکـدا ببڕێـت، پێیـان ووت دوبـارەی بکـەرەوە، دوبـارەی کـردەوە، پێیـانوت جـارێکیتریش دوبـارەی بکــەرەوە ئــەویش ١٤جــاری بــۆ دوبــارە کردنــەوە، بۆهــۆی تواناکانـە بیروراکـان لەبـەین دەچـن، هەرلـەو سـاڵەدا ١٦ کەسـیتریش هاتنـە ریــزەوە، ئێــستا زیــاتر لــە٢٢٠٠٠خوێنــدکار زۆر لێهــاتوون لــەوبوارەدا، هۆکـاری ئەمــەش تــەنها کەسـێکی بڕیـاردەر بـوو، لەناخـەوە خـۆی پـێ پەسـەند بـو، توانـا بێـسنورەکانی خـستەگەڕ، گـەر ئـەم خوێنـدکارە گـوێی بـۆ قـسەی خـەڵکی بگرتایـە نەیـدەتوانی ئـەوەی لێ بوەشـێتەوە، چـونکە کـارێکی گرانــە یــان مەحاڵــە، ئەوتوانایــەی نــەبوو ئــەوە بکــات کــەتوانی میلێك لەماوەی چوارخولەکدا ببڕێت.

دەبێـت پـەی بـەریت بـەهێزو تواناکانـت، گـوێ بـۆ قـسەی هـیچ کەسـێك نـەگریت، چـونکە تـۆ لـەوە گـەورەترو بـەهێزتریت کـەبیری لێدەکەیتـەوە، کەواتـە دەبێـت تـەرکیز بکەیتـە سـەر توانـا بێـسنورەکانت، پـشت بـەخوای گـەورە ببەسـتیت، دڵنیابیـت لـەوەی خـوای گـەورە چـاکەی چـاکەکاران وون ناکات، خوای گەورە لەگەڵ خۆڕاگراندایە.

کەواتــە یەکــەمین شــت پــەیبردن، پاشــان خۆپێپەســەند بــوون، دوایــش بڕیار.

ئێستا لەگەڵ مندا ئەم ووتەیە بنوسە:

بڕیارمــدا پــەی بــەتواناکانی خــۆم ببــەم، بڕیارمــدا بــەکاری بێــنم، بڕیارمــدا شــوێن پەنجــەی خــۆم لــەدنیادا بــەجێ بــێڵم بــەو ڕەوشــەی خــۆم، نــەك بــەو ڕەوشـــەی بەســـــەرمدا ســــەپێنراوە لەمناڵیمــــەوە، بــــەڵام بڕیارەکـــەم بەوشێوازەبێت کەخۆم دەمەوێت بەڕەوشی خۆم بێت.

کاتێـك مـن منــاڵ بــووم زۆرێـك پێیـان دەوتم: تـۆ سـەرکەوتو نابیـت، هــەرگیز پێیـان نــەدەوتم دەبیتــە پاڵــەوانی جیهــانی، یــان بەڕێوەبــەرێکی ســەرکەوتو، یــان کەســێکی وتاربێــژی جیهــانی، ئەمانــە هــەمووی لــەجیهانێکی نادیــاردا بــوون، خــوای گــەورە ئیلهامــەکانی پێبەخــشیم، گــۆڕان بــەهێزترە لــەبیرو بــاوەڕ، چــونکە بــیرو بــاوەڕ لەکەســوکارەوە یــان لــەجیهانی دەرەکیــەوە وەرمــانگرتوە، بــەڵام لەناخــدا دەنگێــك پێــت دەڵێــت: تــۆ ســەرکەوتو دەبیــت، منــیش هەســتمدەکرد دەبمــە بەڕێوەبــەرێکی ســەرکەوتو، دەبمــە پاڵــەوانی یــاری تێــنس، هەرچــەن گاڵتــەیان پێــدەکردم، بــەڵام لەناخمــدا ئیلــهامێکی خوداوەنــدی هــەبوو هــانی ئــەدام بــۆ ســەرکەوتن، ئــەو ئیلهامــە دەتبزوێنێت، یان هەرشتێکت تێدا بێت دەیخاتە بزاڤ.

وەك شاعیر دەڵێت:

كان حلما فخاطرا فاحتمالا ثم اصبح حقيقة لاخيال

تـۆ خــەونێکت هەیــە، پاشــان بــیری لێبکــەوە دوایــی دەبێتــە ئەندێــشە ئــەوجا دەبێتە کردار دوایش دەبێتە ڕاستەقینە نەك خەیاڵ.

هــەموو ڕاســتەقینەو داهێنانــەکان ڕۆژێــك لــەڕۆژان خــەون بــوون، دوایــی بڕیــان لێکراوەتــەوە، بۆتــە ڕاســتەقینەیەکی نــاوەکی، کاتــێ خاوەنەکــەی ســەیری ئەوڕاســتەقینە ناوەکیــەی کــردوە وێنەیــەکی ڕاســتەقینەی بینیــوە، ئــەنجا دەســتی کردۆتــە بیرلێکردنــەوەی، ئــەم وێنەیــەی گــەورە کردوەتــاکو هێناویەتــە زەمینەیــەکی کــردارەوە، دوایــش کردوێتــی بەڕاســتەقینەو نەیهێــشتوە هــەروا بەخــەیاڵ بمێنێتــەوە، هــەروەك ئــەو ســێ برایــەی فرۆکــەیان داهێنــا، وەك ئەوانــەی ڕۆکێتیــان داهێنــا، یــان هــەموو داهێنــەرانی بوارە ئەلیکترۆنیەکان.

(بلــن) ئــەوەی پێنوســی جــافی داهێنــا، ئــەوەی خــاوەنی جــوانترین پێنوســە، ئــەو کــاری دەکــرد لەیــەکێك لــەکۆمپانیاکانی بیمــەدا لەفەرەنــسا، کڕیارێکیــشی لەگەڵــدا بــوو ڕکابــەرێکیش دەیوســت کــارتی بیمــە بفرۆشــێتە ئــەو کڕیــارە، (بلــن) دانیــشت لەگــەڵ کڕیارەکــەدا لــەکاتی نوســینی گرێبەســتەکەدا بەپێنوســێکی مەرەکــەبی تــەڕ کەئێــستاش بــەکار دەبرێــت دەینوســی پەڕەکــەی هــەموپیس کــرد،(بلــن) پۆزشــی بــۆ هێنایــەوە ڕۆشــت پەڕەیــەکی تــری هێنــاو بۆئــەوەی گرێبەســتێکی تــر بنوســن، کاتــێ گەڕایــەوە کڕیارەکــەی لێنــەمابوو، ڕۆشــتبو بــۆلای ڕکابەرەکــەی تــر، بۆیــە (بلــن) زۆر ســەری ســوڕ دەمێنێــت، دەڵێــت چــۆن وادەبێــت، بــەخۆی دەڵێــت: دەبێــت بیربکەمــەوە لەشــتێکی نــوێ مەرەکەبەکــەی لــەناو خۆیــدا بێــت بــۆ ئــەوەی جارێکیتر ئەمە ڕونەداتەوە.

بۆیــە بەڕاســتی بــیری کــردەوە تــاکو تــوانی پێنوســی جــاف داهێنێــت، نــاوی لێنــا(مــون بلــن) ووشــەی مــون بــەزمانی فەرەنــسی واتــە: تایبــەت بــەخۆم،

یـان هـی خۆم،یـان مـن ئـەم داهێنانـەم داهێنابویـە (مـونبلن)بەشـۆرەت ترینو باشترین پێنوسە لەجیهاندا.

گـەر بێـتو گرێبەسـتی لەگـەڵ کڕیارێکـدا پێـی بنوسـرێت، چـیتر مەرەکەبەکـەی ناڕژێـت، ئـیتر ئـەوە ڕوناداتەوەبۆیـە بـیری لـەداهێنانی پێنوسێکی نوێ کردەوە.

یەکـەمین شـت ئەمەیـە پەیبـەریت بـەتوانا بێـسنورەکانت، خۆتـت پـێ قبـوڵ بێـت لەناخـەوە، دوای ئـەوە بڕیـار بـدەیت کـەتواناکانت بەکاربیـەیت بیخەیتـە مەیـدانی کرداریـەوە، گـەر بڕیـار بـدەیت خـۆت فێـری زمانێـك بکـەیت تەلەفۆنەکـەت بـەرز دەکەیتەوەپەیوەنـدی دەکـەیت و پرسـیاری پـەیمانگا یـان دامەزراوەیـەکی ئـەو بـوارە دەکـەیت، کەواتـە دەسـبەکاربە فەرهـەنگێك ئامـادە بکـە، ڕۆژانـە هەنـدێك لـەو ووشـانەی ئـەو زمانـە لەبەربکە، سەیری بەرنامەی کەناڵەکانی تایبەت بەو زمانە بکە.

ئەمـە دکتـۆر(زکـی عوسمـان) کـەتوانی خـۆی فێـری زمـانی ئینگلیـزی بکـات لەڕێی ڕادیۆوە هەرچەند پەککەوتەو کویرو ئیفلیج بوو.

چیرۆکی دکتۆر زەکی:

لـــەمانگی ٢ ی١٩٥٢لەگونـــدی الرزیقـــات، مەڵبەنـــدی ئـــەرمنت، ســـەر بـــەپارێزگای قنـــا، منـــاڵێکی نائاســـایی هاتـــە دنیـــاوە، بـــاوکی کابرایـــەکی سـادەی دینـدار بـوو، چـوار بـراو سـێ خوشـکی هـەبوو، لـەدوای تێپـەڕینی دوسـاڵ بەسـەر لـەدایك بـونی ئـەم مناڵـە توشـی تایـەکی بـەتین بـوو توشـی ئیفلیجـی منـاڵانی کـرد، چـاوەکانی لەدەسـتدا، هـەموو کـارو پیـشەی خێزانەکـەی گـەڕان بـوو بـەدوای چـارەی مناڵەکـەیان، پزیـشکەکان گەشـتنە ئـەو بڕوایـەی هـیچ چـارەیەکیان پـێ نیـە بـۆ ئـەو مناڵـە، خێزانـەی زۆر

دڵگـران بـوون بەقـسەی پزیـشکەکان، بـەڵام ورەیـان بەرنـەدا، بۆچـونەکان لەوخێزانـەدا بـوون بەدووبەشـەوە، بەشـێکیان پێـان بـاش بـوو بیخەنـە نێـو ئاشـێکەوە تـاکو ڕزگاریـان بێـت، بـەڵام بـاوکو دایکـی ئـەو بۆچـونەیان پـێ بـاش نـەبوو، وتیـان بیخەینـە بـەر خوێنـدن، دوای تێپـەڕینی سـاڵێك، بـەهۆی کـاری باوکیانــەوە ئەوخێزانـە گواسـتیانەوە بـۆ ناوچـەی (منـشیه الـصدر) بردیـــان بـــۆلای مامۆســـتایەکی خزمیـــان وانـــەی لەبـــەرکردنی قورئـــانی دەوتـــەوە، تاوایلێهـــات منالەکەهـــەموو قورئـــانی لەبـــەرکرد فێـــری مانـــاو گـەورەیی قورئـان بـوو. هـەموو پەیوەندیـەکی بـە(صـعید)ەوە بـچڕان وەکـو بەنـدێك لەماڵـەوە مایـەوە تـاکو تەمـەنی گەشـتە ١٦ سـاڵ بـەبێ ئـەوەی بـچێتە هـیچ خوێندنگەیـەك یـان هـیچ دامەزراوەیـەکی فێرکـاری، لـەو ماوەیـەدا تـەنها خـەریکی قورئـان و لەبـەرکردنی بـوو ڕادیـۆ هـاوڕێی هەمیشەیی بـوو، بەدرێـژایی ئـەو چـەند ساڵەی وەك بەنـدێك لـەماڵی باوکیـدا لـەڕادیۆوە فێـری ڕۆشـنبیریو سیاسـەت، ئـابوریو پـەروەردەو چـەندین زانیاری تر بوو.

بەڵام لەبارەی خەونەکانی.. ئایا خەونی هەبوو؟!!

کەسێکی کوێرو ئیفلیج دەبێت خەونی چی هەبێت؟

ڕۆژانـە لـەڕادیۆوە گـوێی لـەزنجیرەی(ڕۆژگارەکـان) دەگـرت، ئاواتـەخواز بـوو وەکـو دکتـۆر(تـەها حـسەین) کەسـێکی چاوسـاغ ڕۆمـانی(ڕەگـەکان) دکتـۆر تـەهای بـۆ خوێندبویـەوە، ئـەمیش بەهـەموو هەسـتەکانیەوە گـوێی بۆشـل کردبـوو، ئاواتـەخواز بـوو بێتـە وتاربێـژو، ئیمـام،واعیز، لـەڕادیۆوە فێـری زمـانی ئینگلیـزی بـوو، گـوێی لەبەرنامـە ئەوروپیـەکان دەگـرت، ئاواتەخواز بوو بێتە کەسێکی ناودارو لەناو خەڵکیدا.

لەهـەموی سـەیرتر ئـەوە بـوو لەتەمـەنی پێـنج سـاڵیدا دەچـویە سـەردیواری ماڵەکـەی خۆیـانو بـەدەنگی بـەرز قورئـانی دەخوێنـد، وتـاری ئـەدا وایـدەزانی وتـار بۆخـەڵکی ئـەدات، ڕۆژانـە ئەمـەی دوبـارە ئـەکردەوەتاکو وایلێهات بیە وتاربێژو ئیمام و خەڵکی لێی کۆدەبونەوە.

هەنـدێك سەرسـام بـوون بـە دەنگـی، هێـزی کەسـێتی، هەنـدێکی تـر دەیـانوت ئـەقڵی لەدەسـتداوە، گەشـتی خوێنـدنی دەسـتی پێکـرد لەتەمـەنی ١٦ سـاڵیدا، لـەپۆلی یەکـەمی ئامـادەیی پـەیمانگای عوسمـان مـاهر بـەبێ ئـەوەی قۆنـاغی سـەرەتایی بخوێنێـت، چـونکە هـەموو قورئـانی پـیرۆزی لەبـەر بـوو، ئـەم لاوە سـەرکەوتنێکی بەرچـاوی بەدەسـت هێنـا، پاشـان پەیوەنـدیکرد بەپـەیمانگای دواناوەنـدی قـاهرەوە لـەوێش چوارساڵی خوێنـد، کەدەچـو بـۆ قوتابخانـە یـان لـەکۆڵ دەکـرا یـان بەسـنگە خـشێ دەڕۆشـت ئـیتر زسـتان بوایـە یـان هـاوین، بـەلام گەرزسـتان بوایـە حـاڵێکی خراپـی هـەبوو، کاتـێ بـاران دەبـاری ئـەو بـەناو قـوڕو چڵپاودا خـۆی کێشدەکرد.

ئەم لاوە دو هەڵوێستی لەبیر نەکرد:

هەڵوێـستی یەکـەم: ڕۆژێکـی سـەختی بـاران کابرایـەك لـەوقوڕو چـڵپاوە هەڵیـدەگرێتو سـواری پاسـێکی ئـەکاتو داوا لەشـۆفێرەکە ئـەکات هاوکـاری بکات.

هەڵوێـستی دووەم: کاتێـك قوتـابی دواناوەنـدی دەبێـت، لەمزگـەتی ئەزهـەر دێتـە دەرو هاوڕێکـانی لـەدەوری دەبـن،، ئافرەتێـك تاکـسیەکی بۆدەگرێتـو دەیگەیەنێتـە ماڵـەوە، بـۆ ڕۆژی دواتـر هاتـەوە چـاوەڕوانی کـرد هەرپێویـستیەکی هـەبێت بـۆی جێبـەجێ بکـات، ماوەیـەك مایـەوە پرسـیاری

بۆکرد لەبەر ئەوەی سۆزدارییەکی زۆری بۆی هەبوو، داوایلێکرد، فێری خوێندنەوەی بریلی بکات یان بۆی بخوێنێتەوە، بەلام ئەم خۆی لێدەرباز کرد، چونکە حەزینەدەکرد خۆی بکات بەبار بەسەرهیچ کەسێکەوە.

لەدواناوەندیدا پیان وت کەوتوە، بۆی بوبە راچڵەکینێك، بەلام بەخەندەوە پێشوازی لەو هەواڵەکرد، بەلام بۆیانکرد بەشتێکی کتوپڕو پێیان وت کەدەرچوە، لەدوای تەواوکردنی قۆناغی دواناوەندی پەیوەندیکرد بەکۆلێژی زمانو وەرگێرانەوە، بەلام دوای گۆرینی مەودای بیرکردنەوەکانی بۆچونی گۆرا، بۆیە پەیوەندیکرد بەکۆلێژی ئوسولی دینیەوە، دوبڕوانامەی لیسانسی وەرگرت لەکۆلێژی ئوسولی دین، لیسانس لەبانگەوازو ڕۆشنبیری ئیسلامی لەساڵی ١٩٧٩ لیسانس لەتەفسیر ساڵی ١٩٨٣ دامەزرێنرا لەوەزارەتی ئەوقاف بۆماوەی حەوت ساڵ لەساڵی ١٩٨٠ بۆ ساڵی ١٩٨٧ بەمەشەوە نەوەستا، ماجستێری لەساڵی ١٩٨٦دا وەرگرت بەپلەی زۆرباش، بابەتەکەی" مناهج الاسلام في تنمية الاقتصادية".

پاشان لەزانکۆ کرایە مامۆستای یاریدەدەر لەکۆلێژی بانگخوازی، بەمەشەوە نەوەستا خوێندنی دکتۆرای تۆمار کرد لەساڵی ١٩٨٥دا نامەی دکتۆرای بەدەست هێنا لەسەر بابەتی" الدعوة الاسلامية في القرن السادس الهجري"

ئەمەش بەپلەی زۆرباشە لەگەڵ مەرتەبەی شەرەفی یەکەم، پاشان بویە قسەکەری ڕادیۆیی، لەپلەدا بەرزبویەوە بویە سەرۆکی بەشی ڕۆشنبیری

ئیسلامی لەکۆلێژدا، ٢٤ دانراوی هەیە لەبواری بانگەوازو تەفسیر ڕۆشنبیری و کۆمەڵایەتی.

جگە لەمانەش سەرپەرشتی ١٧ نامەی دکتۆرای کرد لەوانە:

- منهج الاسلام في تحقيق الامن.
- اسباب الارهاب ومظاهر علاجه.
- عوامل التفكك الاسري.
- مجلةالبيان ودورها في نشر الثقافة الاسلامية.
- ذووالاحتياجات الخاصة وموقف الاسلام منهم.

پێت خۆشە ئەوکەسە بلیمەتە بناسیت؟

ئەو کەسە دکتۆر زەکی عوسمانە، ئەوپیاوە ئیفلیج و نابینایەی توانی هەموو قورئان لەبەر بکات، ئەوکەسەی لەماڵەوە بەند بوو، بەدەست هێنەری دوو بڕوانامەی لیسانس و ماجستێرو دکتۆرا، ئەم دکتۆرە نەکەوتە ژێر کاریگەری ئەو داخ لەدڵانەی نەخشەی شکستیان لەخوێندنی باڵادا بۆ دەکێشا، بەڵکو ورەو تینی لەزیادبووندا بوو، نەکەوتە ژێرکاریگەری گاڵتەجاڕی ئەوانە ئەیانویست گاڵتەی پێبکەن، نەکەوتە ژێر کاریگەری هیچ شتێکی سلبیەوە بەڵکو هەموو سلبیەکانی گۆڕی بۆ هێزو تواناو ئەزمون و تاقیکردنەوەکان.

چویە قۆناغی هاوسەر گیری و سەرکەوتوش بوو لەگەڵ کەسێکی تێگەشتو، لەنێوانیاندا خۆشەویستی پەرەی سەندو خۆشەویستیەك بوو لەپێناوی خوای گەورەدا.

منداڵێکی نابینای ئیفلیج توانی تواناکانی بخاتە گەڕو ئایندەیەکی پرشنگدار دروست بکات، بەخەڵکیش بڵێت:

لەدودڵی بەدوربە لەئێستاوە بژی، ئەگەر زیندویت ژیانت نوێ بکەرەوە، گەر دڵتەنگیت پەیوەندی بەخوای گەورەوە بکە، باخوایش لەگەڵت بێت، بەپێداگری و ورەو تینەوە.

کاتێك دیمانەم لەگەڵدا سازکرد لەبەرنامەیەکی تەلەفزیۆنیدابەناوی:

چاوپێکەوتن لەگەڵ کەسایەتیەکی سەرکەوتودا:

سەرسامی کردم بزەو خەندەکانی سەرلێوی، خەونە قەشەنگەکانی، هێزی بڕوا بەخۆبونەکەی، خوێن گەرمیەکەی، داوالێکرد بەشێك لەقورئانی پیرۆزم بۆبخوێنێت، دەنگێکی بێوێنە تەنانەت من کۆنترۆڵی خۆمم بۆنەدەکرا، دەستم کردە گریان لەترسی خوای پەروەدگار، دوای ئەوە داوام لێکرد هەندێك لەسروده ئاینیەکانم بۆ بخوێنێت زۆر بەشێوازێکی بێوێنە ئەوانیشی بەووشەی پڕمانا کرد.

ئێستا :

چی لەبارەی تۆی خوێنەرەوە بڵێین؟

ئایا کاتی ئەوە نەهاتوە هەڵوێستەیەك بکەیت و گەردو غوباری رابردو لەخۆت بتەکێنیت، دەست بکەیت بەبەدیهێنانی ئامانجەکانت؟!

ئایا کاتی ئەوە نەهاتوەدێوەزمەکەی ناخت بەئاگا بێنیت؟!

ئایا کاتی ئەوە نەهاتوەچێژ لەهەموو ساتەکانی ژیانت وەرگریت؟!

ئایا کاتی ئەوە نەهاتوەجێ پەنجەی خۆت لەدنیادا دیاری بکەیت؟!

دیارە کاتی ئەوە هاتوە ببزوێیت، ببزوە، خۆت فێری زمانەکان بکە، زمان واتا مرۆڤ، خۆت فێری کۆمپیوتەر بکە، ئەوە تەکنۆلۆژیای سەردەمە.

کەواتـە پـەیبردنت بـە بـەتواناکانی خـۆت، دوای ئـەوە خۆپەسـەندی، پاشـان دەرکردنـــی بڕیــار هەرئێـــستا لەگـــەڵ منـــدا بڕیـــار بـــدە، ووشـــەی بڕیــار لەئیغریقیـەوە هـاتوە واتـا یـەکلایی، واتـا بڕیـارێکی یـەکلایی نـەك بڕیـارێکی لاواز..

گـەر دەتـەوێت لەکێـشی خـۆت دابـەزێنیت، بـۆ لەئێستاوە بڕیـار نادەیـت؟!

بەخۆت بڵـێ، پێویـستە کێـشی خـۆم کـەم بکەمـەوە، ئـەوەی لەکێـشی خـۆی کەمکردۆتەوە لەهیچ شتێکدا لەمن باشتر نیە.

هـەروەها کـەباس لەجگەرەکێـشان دەکـەین کـەخراپترین دیـاردەی دزێـوە، گـەر سـەرنجێکی لایـەنی ڕۆحـانی بـدەین دەبیـنین لـەڕوە شـەرعیەکەیەوە حەرامـە، گـەر لەهـەر وڵاتێـك بیـت لەزانایـەکی لەخواترسـی ئـاینی پرسـیار بکـە، دەبینیـت هەرچـی زیـانی بـۆ بـیرو هۆشـو جەسـتە هـەبێت حەرامـە، بەدەسـتی خـۆت بۆچـی خـۆت ئەخەیتـە گێـژاو، چـونکە هـەموو شـتێك لەڕۆژی دواییدا گەواهیت لەسەر ئەدەن.

گەرلەلایـەنی دەرونیـەوە سـەرنجی بـدەین، ئەوکەسـەی جگـەرە دەکێـشێت ئـازاری دەرونـی خـۆی ئـەدات، پاشـان نرخاندنـە خودیەکـەی لاواز دەبێـت، گـەرمرۆڤ ژیـر بێـت ئـەوا ئـازاری دەرونـی خـۆی نـادات، چـونکە دەزانێـت زیـانێکی بەتەندروسـتی خـۆی گەیانـدوە، دوچـاری نەخۆشـی بیروچـونەوەت دەکـات، هـەروەها گورچـیلەکان سـست ئـەکات، دەبێتـە هـۆی ٢٢جـۆر لەنەخۆشـی شـێرپەنجە، هـەوها لاوازی سێکـسی لـەپیاودا، ئەمانـە هـەمووی لەبـەر کەسـێکی جگـەرەکێش، هـەموو جگەرەکێـشێك دەڵێـت: مـن چـێژی لێـوەردەگرم، بـەڵام ئـەم ئەنجامـە نـاخوازم، ئەمـە کارەسـاتە، کـەپێی

دەوترێت: بەهۆی ئەم کارەساتەوە دەچێتە ئاگر، پێت دەڵێت ئەمە مەکروهەو حەرام نییە، کەچی لەڕاستیدا حەرامێکی تەواوە.

بۆیە پەیبردن سەرەتای گۆڕانە، گەربتەوێت واز لەجگەرەکێشان بێنیت دیارە دەرکت بەزیانەکانو مەترسیەکانی کردوە، ئاسۆت فراوان دەکەیت، هێزو تواناکانت بەکاردەبەیت بۆ پاراستنی جەستەو تەندروستیت، چونکە بەناتەندروست بوون هیچت بۆناکرێت، دوای ئەوە دڵخۆش نابیت، سەرنجێك بدە دەبینیت زۆرینەی هونەرمەندە مەزنەکان مردوون بەهۆی جگەرەکێشانو مەیخۆری، هەروەها زۆربەیان نیگەرانن، بۆچی؟ بۆئەوەی پەی بەتواناکانیان نابەن پەی بەوە نابەن خوای گەورە چاودێریانە.

پەیبردن سەرەتای گۆڕانکاریە، کاتێ پەیت برد بەتوانا بێسنورەکانی خۆت، خۆت پێ پەسەند بوو بەتەواوی، لەئێستاوە بڕیارێکی یەکلایی کەرەوەتدا کەتواناکانت بەکاربێنیت بەئاسودەیی بژیت، ئەوە بڕیاری یەکلایی کەرەوەیە.

ئافرەتێك بەناوی(جوان) لای خۆم بەڕێوەبەری بازاڕبوو لەمۆنتریال، هەرکات هەرکەسێك لێی دەپرسی: چۆنیت؟ وەڵامێکی سەیری ئەدایەوە دەیوت: زۆرباشم، کەس ناتوانێت ئەمە بگۆڕێت کەلێی دەپرسرا، بۆ وادەڵێیت؟ دەیوت: بەباشی هاتووم، بەباشی ئەگەڕێمەوە، بەباشی بەردەوام ئەبم، لەسەرشەقامدا باشم، هەرچیم پێ بڵێن هەرباشم، ئەنجامەکانی ئەو ئافرەتە بەرزترین ئامانجێك بوون کەمن لەژیانمدا دیبێتم. بەڕێوەبەرێکی بێوێنە، لەوپەڕی زیرەکیدا، لەهەموو هاتوچۆیەکیدا هەمیشە نوێو تەواو وەکو ڕاوچی ماسی!

دووکەس خەریکی ڕاوە ماسی بوون، یەکێکیان ماسی دەگرت و ئەویتریان بۆی نەدەگیرا، ئەوەی بۆی نەدەگیرا شاتوی دەکرد بەقولاپەکەیەوە، ئەویتریان کرمی دەکرد بەقولاپەکەیەوە، ئەوی بۆی نەدەگیرا بەویتریانی وت: تۆچۆن دەیانگریت؟ وتی کرم دەکەم بەقولاپەکەمەوە. وتی: بۆچی؟ وتی: چونکە ماسی حەزی لەکرمە، ئەمیش لێی پرسی ئەی تۆ چی دەکەیت بەقولاپەکەتەوە؟ وتی: شاتو.

پێی وت بۆچی؟ وتی: چونکە خۆم حەزم لەشاتوە.

وتی: ئەمڕۆ هەرگیز تامی ماسی ناکەیت، چونکە دەبێت بەحەزی ماسیەکان ڕاو بکەیت نەك بەحەزی خۆت.

بەوشێوەیەش دەبێت ئەوەبدەیتە خەڵکی کەدەیانەوێت نەك ئەوەی تۆ ئەتەوێت، وەك ئەو کچە بەپێی خواستی خەڵکی هەڵسوکەوتی ئەکرد، چونکە پەی بەپێویستیەکانی خەڵکی بردبوو، بەسیستمێکی ئێکجار ڕێکو پێك کاری دەکرد، بەهەموو کەسێکی ئەوت زۆرباشم، کەسیش توانای گۆڕینی ئەو حاڵەی نییە، من زۆباشم سوپاس بۆ خوا، چونکە خوای گەورە بەجوانی بەدیهێناووم، بەجوانترین شێواز ئەفراندومی، دەبێت ئەوە بزانم، من بەسەر زەویدا ڕێدەکەم بەبێ لوتبەرزی، بێگومان هاوکاری زۆرینەی خەڵکیش ئەکەم.

ئێستا جارێکی دیکە دوبارەی دەکەمەوە یەکەمین شتێك پەیبردنە بەتوانا بێسنورەکانت، خۆپێپەسەند بونتە، پاشان بڕیاری یەکلایی کەرەوە بەبەکاربردنی تواناکانی ئێستات، کاتەکانت بەفیڕۆ مەدە لەقسەی بێهودەدا، کاتەکانت بەفیڕۆمەدە لەوسێ دەردە کوشندەیە لۆمەکردن، ڕەخنە گرتن، بەراوردکردن.. هەرچەند زیاتر بەکاریان ببەیت

زیاتر زاڵدەبن بەسەرتدا کاتەکانت لەکیس ئەدەن، کاتەکانت لەبری ئەوەی لەلۆمەدا خەرج بکەیت لەکارێکدا خەرجی بکە، لەبری ئەوەی لەبەراوردکردنێکدا خەرجی بکەیت خۆت بگۆڕە بەکەسێکی باش‌و چاك، لەبری ئەوەی لەڕەخنەگرتندا کاتەکانت خەرج بکەیت خەڵکی پەسەند بکەوەك ئەوەی کەهەن، هەوڵبدە ئاکارت بگۆڕیت.

دوای ئەمانە هەڵبژاردن دێتە کایەوە.

ئایا حەزدەکەیت بەکامەرانی بژیت یان بەنیگەرانی؟

لەخۆت‌و خەڵکی بپرسە، کەس نابینیت پێت بڵێت: حەز بکات بەنیگەرانیەوە بژی، یان حەز لەنەخۆشی و نەخۆشخانە بکات، هەموو کەسێك حەز لەکامەرانی‌و بەختەوەری ئەکات.

دوای ئەوە باپرسیاری دووەمت لێبکەم:

ئایا بەڕاستی دەسبەکاربویت بۆ گەیشتن بەبەختەوەری؟

گەرکەسێك پێت بڵێت: من حەزدەکەم بچمە بەهەشت، لێی بپرسە.

بەڕاستی خۆتت بۆ بەهەشت ئامادە کردووە؟

گەر جگەرەکێش بێت، یان فێڵ لەخەڵکی بکات، یان درۆزن بێت، یان زینا بکات، ئەمانە هەموویان بەرەو ئاگری دەبەن.

مادام خەریکی ئەم ڕەفتارانە بیت ناگەیتە ئەوەی ئەتەوێت بۆیە توشی نیگەرانی ئەبیت، چونکە ئەمانە پێچەوانەی دەرونینن، بۆیە کەبیر لەشتێك دەکەیتەوە تۆ ئەخوازیت‌و هەڵتبژاردوە بەڕاستی، کاتێ هەڵتبژارد دەیخەیتە ئاستی کردارەوە، چونکە ئەوە هەڵبژاردنە، بڕیاریش هەڵبژاردنی پێویستە، بۆنمونە تۆ ئەتەوێت دانیشیت قاچ بخەیتە سەر قاچ، بڕیارەکە بەر لەهەڵبژاردنەکە دێت، گەر ویستت

بەشـــێوازێکی نادروســـت دانیـــشیت، کاردەکاتـــە ســـەر لادیـــسکەکانی کەمـەرت، ئـەوکات دیکەیتـە هـەراو دەڵێـت مـن بەدبـەختم، کەچـی خـودی خۆیـشت بڕیارەکـەت دەرکـردوە ئـەوەت هەڵبـژاردوە بەوشـێوازە دانیـشیت، هـــەموو مرۆڤێـــك بڕیـــار ئـــەداتو هەڵدەبـــژێرێت، ئەوشـــێوازەی پێـــی دانیشتویت خۆت بۆخۆتت هەڵبژارد.

تـۆ بڕیارتـداو ئـەوەت هەڵبـژارد گـوێ بـۆمن بگریـت، تـۆ بڕیارتـداو هەڵتبـژارد کەکتێبەکـەم بخوێنیتـەوە، هـەروەها تـۆ بڕیارتـداو هەڵتبـژارد کـەتورەبیت، هـەروەها بنویـت، هـەروەها چارەنوسـی خـۆت دیـاری بکـەیت، تەنانـەت خۆتت پێ پەسەند بێت هەروەها پەی بەتوانا بێسنورەکانت ببەیت.

هەروەها...

پەیبردن..پێ پەسەند بوون..بڕیار..هەڵبژاردن...

ئایا ئەمانە بەسن بۆ بەئاگا هێنانەوەی تواناکانمان؟! هەرگیز.

دوای ئەوانـــە بەرپرســـیارێتی دێتـــە گـــۆڕێ، چـــونکە چـــونەژێرباری بەرپرسێتی سەرەتای هێزی خودیە.

ڕۆژێـك لـەڕۆژان بەڕێوەبـەری گـشتی یـەکێك لەشـوێنەکانی مۆنتریـاڵ بـووم، زیـاتر لـە٢٠٠٠ کارمەنـدم لەبەردەسـتدا بـوو، مـن بیرۆکـەی نـوێم دانەڕشـت بـەڵام کاروبـار بـەدڵی مـن نـەبوو، لـەناو ئۆتۆمبێلەکەمـدا بـووم بـەخۆمم وت: ئەمانە بۆچی لەمن تێناگەن؟

نـەبێت ئەوانـە دەربکـەم کـەگوێ بۆقـسە نـاگرن، لەوکاتـەدا گـوێم لێبـوو کەسـێکی بـەهێزی بـواری گەشـەی مرۆیـی جیهـانی وەك لەگـەڵ منـی بێـت دەیـوت: نـەباوکت نـەدایکت نەخوشـكو نـەبراکانت نەبەڕێوەبـەر هیـچیان بەرپرســی بـیرو هەسـتەکانی تـۆ نـین، تۆخۆتیـت بەرپرســیارێتی ژیانــت

لەئەستۆدایە، ئەم قسانە وەکو ئاوێکی سارد ڕژانە سەر ئەقڵو جەستەم، هەربەڕاستی سەیرێکی خۆمم کرد لەئاوێنەکەدا ببینیم هۆکارەکەی تەنها خودی خۆمە، خەڵك نییە، ئەوە من ناتوانم خەڵکی تێگەیەنم، من کاتێکم بۆدانا‌وون توانایان بەسەریدا ناشکێت، من بیرۆکەیەکم بۆ داناوون ئەوان لەسەری ڕانەهاتوون، کەچی هێشتا گلەییان لێدەکەم، سەرەنجام دەبێت بچمە ژێرباری بەرپرسێتی ژیانمەوە.

ئەو منداڵەی دێتە دنیاوە، خۆی مەمکی دایکی دەمژێت، فێری چۆنیەتی مژین دەبێت، کاتێ دایکی فێرە ڕۆشتنی دەکات، تەنها خۆیەتی هەڵدەستێت بەکردنی جوڵەی یەکەمجاری، هەرلەوکاتەوەی خوای گەورە دەمانخوڵقێنێت بەجۆرێك لەخۆمان بەرپرسبین.

پاشایەك دەیوست بزانێت خەڵکەکەی بەرپرسن لەخۆیان یان نا، فەرمانیدا بەپاسەوانەکانی تاشە بەردێکی گەورە بخەنە سەر ڕێگەیەك، بۆئەوەی بزانێت خەڵکی چۆن ڕەفتار دەکەن، تاشەبەردەکە زۆر قورس بو کەس بەتەنها نەیدەتوانی بیجوڵێنێت، کەسی یەکەم هاتو لەئۆتۆمبێلەکەی دابەزیو دەستی کردە جنێودانی پاشاو وڵاتو خەڵکی، پاشان دووەم هاتو هەوڵیدا لایبەرێت نەیتوانی ئەویش دەستیکردە جنێودانی پاشاو خەڵکی، ئەنجا سێیەمیش هات لەئۆتۆمبێلەکەی دابەزی هەوڵیدا لایبەرێت نەیتوانی، ئەمیان بیری کردەوە ئەمە چۆن لەسەر ڕێگەی خەڵکی لابەرێت، هەوڵیدا بەپارچە تەختەیەك بیجوڵێنێت بەڵام تەختەکەی شکا، خەڵکی کۆکردەوە کۆمەکی بکەن، هاتن بەدەمیەوە هاوکاریان کردو توانیان تاشەبەردەکە

لەڕێگەکە دوربخەنەوە، لەبن دارێکەوە کەسێك بەچەکێکی بانکەوە خۆی لێ ئاشکرا کرد، کابرا سەیرێکی چەکەکەی کرد نوسرابوو ٢ملیۆن دۆلار، کابرا پێی وتت تۆ پاشایت؟

پاشا وتی: بەڵێ من پاشام، کابرا وتی: لێرە چی ئەکەیت؟

وتی: من ئەو تاشە بەردەم لەوسەر ڕێگەیە دانا بۆئەوەی بزانم کێ دەچێتە ژێر بەرپرسیارێتی ئازاری خەڵکیەوە ٢ملیۆن دۆلاریشم کردۆتە خەڵاتی ئەو کەسە، بۆیە تۆچویتە ژێر ئەوبارەو ئەمەش شایانی تۆیە.

ئەمەش تەنها بە٢ملیۆن دۆلار تەواونابێت، بوڵکو ئەمەیە مادام دەچیتە ژێرباری ئەو بەرپرسیارێتیەوە ئەم خەڵاتە دەبێتە سەرەنجامت، تۆ پەیت بەتواناکانت برد، خۆتت پێ پەسەند بوو، بڕیارتداو هەڵیبژارد، چویتە ژێر بەرپرسێتیەوە، بەمجۆرە بەردەوامبونت لەگەڵ ئەمو ئەودا بەشێوازێکی یەك لەدوا یەك هاوسەنگو ساغ.

یەکەمین پەیبردن بەتوانا بێسنورەکان، دوای ئەوە خۆپێپەسەند بوون، دوای ئەوە بڕیار بەبەکاربردنی ئەم توانا بێسنورانە، پاشان هەڵبژاردنی ڕەفتارێکی گونجاو بۆجێبەجێ کردن، دوایی چونە ژێرباری بەرپرسێتی دوای ئەمانە پاککردنەوەی ڕابردوو..

کەس هەیە ڕابردوی پاك بکاتەوە؟

بێگومان، بەڵێ..ئێستا من پرسیارێکت لێدەکەم: ئاڕوداوێکی ناخۆشت بەسەرهاتوە لەڕابردودا؟

بێگومــان، بــەڵێ..هەریــەکێك لەئێمــە ڕوداوێکــی ناخۆشــی هەیــە، پرســیارێکی ترت لێدەکەم:

گــەر بگەڕێیتــەوە بــۆدواوە هــەمان کارەســاتت بەســەر بێتــەوە، ئایــا هــەمان هەڵوێــستت ئــەبێت؟ بێگومــان .. نــەخێر، بۆچــی؟ گەربکەویتــە هــەمان هەڵوێـــــستەوە لەئێـــــستادا دیـــــارە بەشـــــێوازێکی باشـــــتر لەگەڵیـــــدا دەجوڵێیتـــەوە، گـــەر بکەویتـــەوە هـــەمان هەڵوێـــست بەشـــێوازێکی هەڵـــە لەگەڵیــدا بجوڵێیتــەوە ئەوکاتــە لۆمــەی خــۆت ئەکــەیت ڕەخنــەی لێدەگریتو بــەراوردی ئەکــەیتو دڵتــەنگ دەبیــت، بــەڵام هــەر کەگەڕایتــەوە بــۆدواوە بۆهــەمان هەڵوێــست بەشــێوازێکی جیــاواز مامەڵــەی لەگــەڵ بکــەیت ئەوکاتــە دەبینیـــت ڕابـــردو گـــۆڕا بـــۆ پەنـــد لێـــوەرگرتن، بێگومـــان گەڕاویتـــەوە بۆئــەزمونێکی تــاڵ لــەڕابردوتا بەرســەرت هــاتووە. بەزەینتــدا بــچۆرەوە بــۆ ئــەوێ، زەینــت توانــای گەڕانــەوەی هەیــە بــەرەو دواوە ئــەزمونی ســاتەکان بژیەنـــــەرەوە، ئەمانـــــە دەبینیتـــــەوە: بیرکردنـــــەوەت، ..چـــــۆنیەتی بیرکردنــەوەت، دۆخــی جەســتەیت، چــۆن وەســتابویت، چــۆن دانیــشتبویت، دەربڕینـــەکانی ڕوخـــسارت، دەربڕینـــەکانی ڕوخـــسارت چـــۆن بـــوون؟ هەناســەکانت، ڕەفتارەکانــت، چــیت دەکــرد؟ هەســتەکانت، هەســتت بەچــی دەکرد.

ئێــستا واز لــەم ئەزمونــە تاڵەبێنــە، هەناســەیەکی قــووڵ هەڵمــژە، پاشــان بەهێواشــی بیــدەرەوە، ســەیرێکی ڕاســتو چــەپی خــۆت بکــە، ئەمــە پێی دەوترێ شکاندنی دۆخ.

پێغەمبــەر(ص) دەفــەرموێت:إذا غــضب أحــدکم وهــو قــائم فلــیجلس، فــإن ذهب عنه الغضب وإلا فلیضطجع

واتــە: گــەر کەســێك تــوڕە بــوو بــەپێوە بــوو بادانیــشێت، تاتوڕەییەکــەی نامێنێت، ئەگینا باپاڵکەوێت...

ئێستا لـەخۆت بپرسـە: لـەم ئەزمونـەوە چیت وەرگـرت؟ گـەرجارێکی دیکـە بگەڕێیتــەوە بــۆدواوە چــۆن ڕەفتــار دەکــەیت؟ پێــنج شــت بنوســە کەلــەم ئەزمونــەوە فێــر بویــت، گــەر جــارێکی دیکــە گەڕایتــەوە جەســتەت چــۆن دەبێــت، چ دەربڕینێــك لەڕوخــسارتدا دەبێــت، بــەچ شــێوازێك هەناســە ئــەدەیت، چــۆن دەبزوێیــت، بیرلەچــی دەکەیتــەوە، چ ڕەفتارێــك دەخەیتــە گەڕ؟

ئایــا هــەموویت نوســی؟ لەگــەڵ منــدا بگــەڕێوە بــۆ دواوە ڕەفتــار بکەبــەپێی ئــەو ســتراتیژە نوێیــە، ســەرنج بــدە بزانــە چــی ڕوودەدات، دەبینیــت بەشــێوازێکی باشــتر دەجوڵێیتــەوە، دۆخــی جەســتەیت باشــتر بــوە، دەربڕینــەکانی ڕوخــسارت باشــتر بــوە، جوڵــەکانت بیرکردنــەوەکانت ڕەفتارەکانــت ســەرجەمیان باشــتر بــوون، ئــەزانی بۆچــی؟ چــونکە لەڕوداوەکــەوە فێــر بویــت، مــادام تۆبــەو چــاکیە فێــر دەبیــت، ئــەو فێربونــەش بەکار دەبەیت، چیتر شتەناقۆڵاکان خۆیان بزر دەکەن.

بۆیە (کاڵ یونگ) بەپێشەوای دەروونناسی هەژمار دەکرێت دەڵێت:

واز لەهەستە سلبیەکان بێنە شارەزایی بەکار بێنە.

ئــەم دودەســتەواژەیە زۆر بــەهێزن، چــۆن لەهەســتە ســلبیەکان بــەدور بــین، شــارەزایی بــەکار بێــنین، بەبــەکار بردنــی شــارەزایی هەســتی ئیجــابی دەکــەین، بــەڵام نابێــت دوو هەســتت هــەبێت، یــان هەســتی ســلبی، یــان ئیجــابی، کاتــێ شــارەزایی بخەینــە گــەڕ بــیر لەهــەمان ئــەزمون بکەینــەوە

دەبینین هەستی سلبی خۆی دەشارێتەوە هەستی ئیجابی خۆی دەنوێنێت. بەمشێوازەش دەتوانی ڕابردوو پاك بكەیتەوە.

كاتێ بیر لەئەزمونێكی تاڵ دەكەیتەوە، بزانە چیت كردوە، چۆن هەڵسوكەوتت كردوە، جارێكیتر پیایدا بچۆرەوە، بەڵام بەوزانیاریەی فێری بویت، مامەڵەیەك وابزانە یەكەمجارتە ڕوبەڕوی ئەو كێشەیە دەبیتەوە، دەبینیت بەشێوازێكی نوێ مامەڵە دەكەیت، ئەمەش پاككردنەوەی ڕابردووە.

یەكەمین شت پەیبردنە، پاشان خۆ پێپەسەند بون، پاشان بڕیار، دوای ئەوە چونە ژێرباری بەرپرسێتی، دوای ئەمانە پاككردنەوەی ڕابردوو.

ئێستا ڕێكخستی هەنوكەیی: دوای ئەوەی ڕابردومان پاكردەوە، دەبێت ڕێكخستن لەئێستادا بكەین.

دوای ئەوەی ڕابردومان پاك كردەوە، دەبێت ئێستا ڕێك بخەین، چۆن ڕیكخستن لەئێستادا بكەین؟ ڕیكخستنی بەهاو یەكەمایەتیەكان،، پاكردنەوەی چواردەوری ماڵ.

جارێكیان لەمۆنتریالدا، ئافرەتێك هات بۆلام تەمەنی لەسییەكان تێپەڕی كردبوو، زۆر دڵتەنگ بوو، بیری لەتەلاق دەكردەوە، پێی وتم: دكتۆر، چی بكەم لەم حاڵەناڵەبارە ڕزگارم بێت؟

وتم: چەن شتێكت لێداوا دەكەم ئەنجامیان بدە. گەر ئەنجامیان نەدەیت، ئەوا جارێكی دیكەسەردانی من مەكەرەوە.

وتی: چی بكەم؟

کاسێتێکم پێداو پێم وت: بەئۆتۆمبێلەکەت بچۆ بۆ بنکەی پاکردنەوەی ئۆتۆمبێل جوان دەرەوەو ناوەوەی بشۆ، دوای ئەوەی پاکت کردەوە پەیوەندیم پێوە بکە، پاشان کاسێتەکەبخە سەرو، ئەنجا بەدەم ڕێگەوە بڕۆ بۆ دوکانێکی گوڵ فرۆشتن چەپکێك گوڵ بکڕەو پاشان پەیوەندیەکی ترم پێوە بکە، هەنگاو بەهەنگاو لەگەڵیدا بووم، کاتێ چەپکەگوڵەکەی کڕی پەیوەندی پێوە کردم، وتی دوای ئەمە چیتر بکەم؟

وتم: هەرکەگەشتیتە ماڵەوە پەیوەندیم پێوە بکەرەوە، پاشان وتی چی بکەم؟

وتم: گوڵەکان لەو ژورەدا دابنێ کەدەتەوێت ڕوناك بێت، گوڵەکانی لەهۆڵەکەدا دانا، حەزینەدەکرد هۆڵەکە پیس بێت پاکی کردەوە، پەنجەرەکانی کردەوە، مرۆڤ کاتێ پاكو خاوێن بێت بیرکردنەوەشی فراوان دەبێت، کاتێ هۆڵەکەی پاککردەوە، ژوری نوستنەکەشی پاك کردەوە تاوایلێهات هەموو ماڵەکەی پاك کردەوە، ئەنجا وتی: دکتۆر، من هەستێکی نائاسایم هەیە، گوڵەکان هەموو ژیانمیان ڕەنگاڵەیی کردووە، پاشان وتی: جارێکیتر قسەت لەگەڵ ئەکەمەوە چونکە وا مێردەکەم هاتەوە.

کاتێ مێردەکەی هاتە ژورەوە وایزانی بەهەڵەدا چووە، خەریك بوو بچێتە دەرەوە، ژنەکەی ماڵەکەی پاك کردۆتەوە، گرنگی بەخۆی داوە، جلی جوانی لەبەرکردوە، مێردەکەی وتی: کاتێ زەماوەندمان کرد کتو مت وەکو ئێستا وابوو، بەلام بیرمان چۆتەوە، من زۆر سوپاست

ئەكەم،چونكە خۆتت ماندوو كردوە، ئەويش چونە گەرماوەوە خۆی شۆرد هەمانشێوە ئەويش خۆی گۆڕی.

ئەمجارەيان پێی وتمەوە: من لەوپەڕی دڵخۆشيدام، دوای ئەوە چی بكەم؟

وتم: يەكەمين شت ئەوەيە چوارچێوەی بيركردنەوەكانت پاك بكەرەوە، وەك ئەوەی ناوی ئۆتۆمبێلەكەت پاك كردەوە پاشان بيرت لەدەرەوەی كردەوەو ئەويشت پاككردەوە، دوای ئەوە سەرنجێكی خۆت بدە، كاتێ گوێت بۆكاسێتە گرت گوێت لەچەن ووتەيەكی بەهێز بوو، يارمەتيدات وزەی ناوەكيت بخەيتە گەڕ، كاتێ ناوەوەو دەرەوەی ئۆتۆمبێلەكەت پاككردەوە، گەر كەسێك لێی نزيك بێتەوە بيەوێت پيسی بكاتەوە ئەوكات جنێوی پێئەدەيت، چونكە ئەتەوێ بەپاكی بمێنێتەوە، ژيانت بەڕەنگی ڕەش‌و سپی بوو بەلەوەی گوڵەكان بكرێت دوای ئەوەی كرێت گۆڕا بۆ ڕەنگەكان، بۆيە بيركردنەوەكانيشت گۆڕان، چونكە مرۆڤ كەبير لەوێنەيەك ئەكاتەوە توانای بيركردنەوەی ڕەنگەكانی هەيە، كاتێ داوام لێكرديت لەخۆشترين شوێنی ماڵەكەدا دايبنێيت، تۆيش لەهۆڵەكەدا داتنا، بۆئەوەی لەهەر شوێنێكی ماڵەكەدا بيت بتوانيت چاوت پێی بكەوێت، چونكە كاتێ مرۆڤ خۆی پاككردەوە، دەيەوێ لەباشترين قۆناغی ژيانيدا بێت، بۆيە هەستايت بەپاككردنەوەی ماڵەكەو نەتدەويست هيچ شوێنێكی بەپيسی بمێنێتەوە، بەتايبەت لەناخەوە تۆ خۆتت پاككردبويەوە، پاشان خۆتت بەجوانترين شێوە گۆڕی لەناخەوە وێنە ناوەكيەكەت پاكو بێگەرد كردبوو، بۆيە پاكی دەرەوەو ناوەوە وايلێكرديت هەستت بەڕەزامەندی‌و دڵخۆشی كرد، كاتێكيش مێردەكەت

هاتــەوە ئــەم حاڵــەی بینــی بــڕوای نــەدەکرد و حەزینــەدەکرد بەپیــسی بێتــە نــاو ئــەو پــاکیو بێگەردیــەوە بۆیــە ئــەویش هەونــشێوە خــۆی شــۆرد، ئــەم پــاك کردنــەوەی چوارچــێوەیەی خۆمــان لــەدەرەوە کــاریکردە ســەر پــاکی ناخمان.

بۆیــە خــوای گــەورەش دەفــەرموێت: إن الله لايغـير مـا بقـوم حتـى يغـيروا مـا بأنفسهم

یەکــەمجار پێویــستە خــەڵکی خۆیــان پــاك بکەنــەوە، بیرکردنــەوەکانیان پــاك بکەنــەوە، چــونکە بیرەەنــد بیرکردنەوەکــە لەزەینیدایــە، بیرۆکــەش هۆکــاری بیرکردنەوەیــە، تــەرکیز هۆکــاری ئاگاداربونەوەیــە، ئاگاداربونــەوە هۆکــاری هەســتەکانە، هەســتەکان هۆکــاری ڕەفتارەکانــە، ڕەفتارەکــانیش هۆکــاری دەرەنجامــە، دەرەنجــامیش هۆکــاری دروســتکردنی چارەنوســە، گــەر بتــەوێ چارەنوســت بگۆڕیــت، بگــەڕێوە بیرکردنــەوەکانت بگــۆڕە، گــەر ویــستت گۆڕانکــاری بێنیــت بەســەر ژیانتــدا ئــەوا لەپاککردنــەوەی خۆتــەوە دەســـت پێبکـــە لەناخـــەوە، دەرونـــاوی خـــۆت ڕێـــك بخـــە، کاتـــێ بیرکردنــەوەکانت ڕێکخــست یەکــەمجار لــەخۆت بپرســە: یەکەمایەتیــەکانت چــین؟ چــی لەهــەموو شــتێك گــرنگترەو شــایانی گۆڕینــە، بیرکردنــەوەکانت ڕێــك بخــە، یەکەمایەتیــەکانت ڕێــك بخــە، پێنــوس و پەڕەیــەك ئامــادە بکــە، بیرکردنـــەوەکانت، کـــارە یەکەمایەتیـــەکانت بـــەڕێکی بنوســـە پاشـــان سەرنجێك بدە بزانە هەست بەچی دەکەیت.

بزانــە دەرکــت بــەتوانا بێــسنورەکانی خــۆت کــردووە، خۆتــت بەتــەواوی پــێ پەســەندە، هەڵبــژاردنت کــردووە، چــویتە ژێربــاری بەرپرســێتیەوە، ڕابــردوت پاککردۆتـــەوە، ئـــەوەی بتوانـــێ بتگێڕێتـــەوە بـــۆ دولوە ڕابـــردوە(داتـــا)ی

سلبیە دەبێت لێیانەوە فێربیت بیانگۆڕیت بۆ شارەزایی، کاتێ مێشك بیرلەڕابردو ئەکاتەوە خولێکی زەینی پێچ ئەخوات دەگەڕێتەوە بۆ دواوە، دۆسیەیەك دەکاتەوە بۆ بەکاربردنی لەگەڵ جیهانەکەی دەرەوەو ناوەوە، پاشان هیچ شتێك ڕێگر نییە، دوای ئەمانە دەتوانم چی بکەم؟ من لەم ساتەدا ئەژیم بەهەموو مانایەکیەوە، بیرکردنەوەم ڕێکدەکەم، یەکەمایەتیەکانم ڕێکدەخەم، لێرەوە ئەتوانم ئایندەی خۆم دروست بکەم، قۆناغی دوای ئەمە ڕاستەوخۆ ئامادەیی تەواوە، وەرزشەوانێك کەدەچێتە هەر پاڵەوانێتیەکەوە دەبێت لەناوەوەو لەدەرەوە ئامادەبێت، ڕاهێنانی چاکی کردبێت، وەك دەزانن من خۆم پاڵەوانی میسر بووم لەیاری تێنسدا ئەمە کارێکی هەروا ئاسان نییە، ڕۆژانە ٦-١٠ کاتژێر مەشقم دەکرد، بیرمدەکردەوە چیم دەوێت، ئەوەی دەمویست هەڵسەنگاندنم بۆ دەکرد، پاشان وزەی جەستەیم هەڵدەسەنگاند، لانیکەم میلێکم دەبڕی، پاشان ڕاهێنانی سەر مێزم بەخۆم دەکرد بەهەموو بارودۆخە پێویستەکانیەوە.

ئەمەش واتا هەر پاڵەوانێك دەبێت بیرو هۆشو جەستەی ڕابهێنێت، مەشق لەسەر هەمولایەنەکانی یارییەکە بکات، پزیشکێکی برین پێچ دەبێت ئامادەیی ئەوەی هەبێت، ئەندازیارێك خانویەك دروست ئەکات دەبێت ڕاهاتبێت لەسەر ڕەگو ڕیشەی بناغەی خانوەکە، ئافرەتێکی دوگیان ئەبێت ئامادەیی کاتی منداڵ بونی هەبێت، هەموو جەستەو بیرو هۆشو تەندروستی ئامادەکردبێت، بۆ ئەوەی منداڵێکی ساغ بێنێتە دنیای بوون، ئەمەش مانای هەریەکێك لەئێمە دەبێت لەناخەوە خۆی پڕ چەك کردبێت، ئامادەیی هەبێت بۆململانێی ژیان،

کاتێ پێت دەڵێم: پەیبردنت بۆ ژیانێکی خۆش، خۆتت سەرانسەر پێ پەسەند بێت، تۆ بڕیار بدە ئەم توانایانە بەکار ببەیت، ئەمە سەرەتایە، ئەو ڕەفتارەی دەتەوێت هەڵیبژێرە، ئێستا تۆ لەناوەوەی، دوای ئەمە بچۆرە ژێرباری بەرپرسێتیەکی تەواو، لۆمەی خۆت مەکە، هەرچیت بەسەر بێت تۆخۆتت پاککردۆتەوە، ڕێگەی چارەنوست لەبەر گرتوەدوای ئەمانە دەبێت ڕابردوت پاك کردبێتەوە یەکەمایەتیەکانت ڕێك خستبێت و گرنگیت پێدابن.

ئایا ئەمانە بەسن بۆ دروستکردنی ئایندەت؟

نەخێر... ئەمانە بەس نین، چونکە دەبێت ئامادەبیت بۆ ئایندە، کاتێ دەتەوێ دەسبەکاربیت ئاستەنگەکان دێنە ڕێت، دەبێت ئامادە بیت، بزانیت پشتت بەخوا بەستوە، دەرنجامەکان لەدەستی پەروەردگاردان، کاتێ لەدەرەنجامەکان چرپویتەوە، ئەوکاتە باس لەبابەتەکە دەکەیت،" ئایندە دروست بکە" لێرەدا بەدرێژی لێی دەدوێین:

دنیا بینی:

ئیستا دنیا بینی مانای چیە؟ مەبەست.. مانای چیە؟ ئامانج ..مانای چیە؟ ڕێگەی ڕاست مانای چیە؟ گەشبین بن بەچاکە بادەستتان کەوێت مانای چیە؟..

فإذا عزمت فتوكل على الله... مانای چیە

يا أيها الذين آمنوا إستعينوا باصبر والصلاة إن الله مع الصابرين...

مانای چیە...

گەر بەمشێوەیە بیربکەیتەوە دەبێت ئامادەییت هەبێت، لەمیانەی ئامادەباشیەکاندا دەبێت ئامادەیی تەواوت هەبێت بۆ ئایندە. بیرتە

کاتێ وتم من ئامادەیی دەرونیم هەبوو کاتێ وەرزشم دەکرد، ئێستا وەرەو بائامادەییەکی زەینی وەرگرین، بۆئەوەی بەزەین ئامادە بین دەبێت ئەوەبزانین، ئەوی خۆتت بۆ ئامادە کردوە هیچی لەبارەوە ئەزانیت، یان هیچ شارەزاییەکت لەبارەیەوە هەیە، پێویستە بخوێنیتەوە زیاتر گەشە بەخۆت بدەیت، ڕۆژانە بیست خولەکێك خەریکی خوێندنەوە بیت، لەکۆڕو کۆبونەکاندا ئامادەبیت، خۆت فێر بکەیت، گەر ئۆتۆمبێلیت هەبێت گوێ لەکاسێت بکریت، گەر چەن زمانێکیتر بزانیت لەبارەی زانا بیانیەکانەوە بخوێنەوە، چونکە ئەوان لەوپەڕی هێزدان، ئۆتۆمبێلەکەت بکەبەزانکۆیەکی گەڕۆك، وەك "ئەنیشتاین" دەڵێت: زانین هێزە، هەروەها دەڵێت گەر زانابیت دەتوانیت تەڵەی مشك دروست بکەیت لەوەی هاوسێکانت باشتربێت ئەوانیش دێن بۆلات بۆئەوەی وەك تۆ دروستی بکەن.

دوای ئەوە دەبینیت مرۆڤ دانایی‌و توانای هەیە دەتوانێت خۆی بناسێت، یان لەجیهانی دەرەوە وەربیگرێت،، بەڕای من دەبێت دوڕێگە بزانیت، بەبەردەوام بونت قاڵ دەبیت لەشارەزایدا، نەرمو نیانو لێزانبە لەزانیندا، چونکە بەشارەزاییت تواناکان بەئاگا دێن، لەپەیبردنەوە بۆ خۆپەسەندبوون، بۆ بڕیار، بۆ هەڵبژاردن، بۆ بەرپرسیارێتی، بۆ پاککردنەوەی ڕابردوو، ڕکخستنی ئێستا، بۆ ئامادەیی تەواو، تەواو واتا ئەمڕۆ گەر پەرتوکێکم پێدایت بیخوێنیتەوە، پێنوسێکی سەوزو سور بگرە دەستت، نیشانەی بکە، بەخوێندنەوەیەکی خێرا بەکاتژێرێك تەواوی دەکەیت، دوای ئەوە بۆ شارەزایی تەواو، گرنگ نیە بەکاتژێرێك پەرتوکەکەتەواو بکەیت، ئەم پەرتوکە توێژینەوەیەکە، پەڕە پەڕەی

دەکــەیت، بەپێنوســە ســورەکە زانیاریــەکان نیــشانە دەکــەیت ئەوانــەی ئاسۆت بـۆ والا دەکـەن، لێـی فێردەبیـتو سـودمەند دەبیـت، کاتــێ زانیاریـە تایبەتیـەکانت لێـدەرکرد ئـەوکات شـارەزایی تـەواوت دەبێـت لـەبارەی پەرتوکەکەوە لەکۆتایشدا خۆتت پڕچەکی زانیاریەکان کردوە.

ئەوانــەی باسمــان لێـوەکردن هــەموویان هۆکـارن، ئێـستا بابـاس لەبەشـی ڕۆحانی بکەین:

ئـەویش "نیـاز" واتــە تـۆ مەبەسـتت ئەوەیـە تواناکانـت بخەیتەگـەڕ، نیـەتت ئەویــە هــەموو هەســتەکانت بەکارببــەیت، مەبەســتت ئەوەیــە دەســتی یارمــەتی بـۆ زۆرینــەی خــەڵکی درێـژ بکــەیت، نیـەتت ئەوەیـە هەرچـیەك ڕوبــدات دەســبەرداری ئامانجــەکانت نابیــت، مەبەســتت ئەوەیــە پــشت بــەخوای بالآدەســت ببەســتیت، فــإذا عزمــت فتوکــل علــی الله إن الله یحــب المتوکلین

گــەر بمانــەوێ یــەك لــەدوای یــەك وەریــانگرین، بەمــەرجێك، گــەر بڕیــار بــدەیت، هەڵبــژێریت، بەرگــەی بەرپرســیارێتی بگریــت، بڕیاربــدەیت هەســتەکانت بــەکار ببــەیت، هــەموو هۆکارەکــان بێنیــت، نەخــشەیەکی ســاغی پــێ بکێــشیت، ئامانجــەکانت بزانیــت، کارایــان بکــەیت، هــەڵیان ســەنگێنیت، هــەمواریان بکــەیت، جــارێکیتر بیانخەیتــەوە کێــشانەی بــەراوردکاری نــەرمو نیانیــت هــەبێت ئەمانــە هــەموویان بــۆ بابــەتێن" ئایندەت درروست بکە"

بەدرێـژایی تەمــەنت هەمیـشە بڵـێ: خــوای گــەورە مــن هــەموو هۆکارەکــانم هێنــا، پــشتم بــەتۆ بەســت، خــوای گــەورەش ئــەو جــۆرە پــشت پــی بەستوانەی خۆش دەوێت...

---

٨٠ د. ئیبراهیم ئەلفەقێ

هۆکارەکـــان نـــاوەکین، پـــشتبەخوابەستن لەناخدایـــە، جیهـــانی نـــاوەوە بـەرەو خـوا دەچـێت، جیهـانی دەرەوە تـەنها جولـە دەکـات بـەڵام بزانـە تـەنها نیـت، پـشتت بـەخوا بەستوە، ئـەم ڕستەیە زۆر گرنگـە، زۆرێـك هـەن هۆکارەکانیـــان هەیـــەو ســـەرکەوتو نـــابن، وادەزانـــن تـــەها بـــەهۆکارەکان ســـەرکەوتن دەســـتەبەر دەبێـــت، بـــەڵام ڕەخـــسێنەری هۆکارەکانـــە ســـەرکەوتن دەکاتـــە بەشـــیو، کەســـی ســـەرکەوتو دیاریـــدەکات کاتـــێ دەچـــیتەوەلای ڕەخـــسێنەری هۆکارەکـــان کەپـــەروەردگارە دەبینـــی ئەوانـــەی خۆشـــدەوێت کەپـــشتی پێدەبەســـتن، لێـــرەدا خـــۆت دەبینیـــت ڕیبێـــوارێکی ڕێگـــەی هێـــزی خودیـــت. ئێـــستا تواناکانمـــان بـــەکاربرد، بـــا دەسبەکاربین لەگەڵ یەکتر دوبارەی بکەینەوە لەسەرەتاوە.

- پـــەیبردن..دەرکـــت بـــەتواناکانی خـــۆت کـــردوە یـــان ..نـــا؟! ئایـــا پەشـــیمان دەبیتـــەوە بـــەهۆی قـــسەی خەڵکیـــەوە، یـــان پـــەیت بـــەتواناکانت بـــردوە، دەزانیـــت باشـــترین بـــەدیهێنراوی خـــوای پەروەردگاریت؟!
- پێپەسەند بوون: ئایا خۆتت بەتەواوی پێ پەسەندە یان...؟!
- بڕیار: ئایا بڕیارتداوە تواناکانت بخەیتە گەڕ یان...نا؟!
- هەڵبژاردن: ئایا ڕەفتارێکی گونجاوت هەڵبژاردوە یان..نا؟!
- بەرپرســیارێتی: ئایــا دەچــیتە ژێربــاری بەرپرســیارێتیەوە یــان لۆمــەی کــەس ناکــەیت، ڕەخنــە ناگریــت، بەراوردناکــەیت، ڕژدی نابــەیت، ئەمانــە هــەموویان کاتــت بــەفیڕۆ ئــەدەن‌و حــەرامن، یــان هــەر بەردەوامیت لەسەریان...؟!

- پـاك كردنـەوەی ڕابـردو: ئایـا خۆتـت لـەڕابردو پاككردۆتـەوە. ڕابـردوت پاكبكـەرەوە پەنـدی لێـوەرگرە، مـادام لیـوەی فێربیـت، بۆیـە هەرچـەن بـیری لێبكەیتـەوە دڵتـەنگ نابیـت، مـادام دڵتـەنگ نـەبیت، دەبنـە لێزانیی و ئەوا هەستە ناقۆڵاكان خۆیان دەشارنەوە.
- ڕێكخـستنی هەنوكـەیی: ئایـا ڕیكخـستنت بـۆ ئێـستا كـردوە؟! یەكەمایەتیەكانت چین؟! زیاتر چیت دەوێت؟! هەموویان بنوسە.
- ئامـادە بـە بـۆ ئاینـدەت: ئایـا ئامـادەیی تـەواوت هەیـە بـۆ ئاینـدە؟! شـارەزایی تـەواوت هەیـە؟! ئایـا لێهاتویـت؟! ئایـا دەسـبەكاربویت لەخوێندنـەوەی بیـست خولـەكی؟! ئایـا ڕۆژانـە گوێبیـستی كاسـێتێك دەبیـت؟! دەسـبەكاریت لەبیركردنـەوەی گونجـاوو نـەرێ؟ گـەر تەنگەژەیـەك لەڕیگەتـدا هەیـە بـیرت لـەوە كردۆتـەوە چـۆن یـەكلایی بكەیەتـەوە! مەچـۆرە نـاو گرفتێكـەوە بیتـە بەشـێك لـەو گرفتـە، دەمەوێ بەجۆرێك بیتە بەشێك لەو گرفتە لێوەی فێر بیت بۆ ژیان.
- نیـاز: ئایا نیـەتێكی بـێ خەوشـت هەیـە بـۆ پـەروەردگار، ئایـا نیـەتت هەیـە هـەموو توانـا بێـسنورەكانت بخەیتـە گـەڕ، ئایـا نیـەتت ئەوەیـە هـەموو هۆكارەكـان بگریتـە بـەر، گـەر بەچـۆكدا هاتیـت جـارێكی دیكـە هەسـتیتەوە، گـەر پێـنج جـار كـەوتیت شەشـەم جـار هەسـتیتەوە، گـەر حـەوت جـار كـەوتیت سـەری هەشـتەم هەسـتیتەوە.. بـەمجۆرە ئامانجـەكانت بـەدی بێنیـت، ژاپۆنیـەكان شـتێكی گـەورە دەڵـێن: گـەر كـەوتیت بەسـەر پـشتدا بكـەوە، دەتوانیـت سـەیری سـەرەوە بكـەیت، كاتـێ سـەیری سـەرووت كـرد بـەرەو سـەرەوەش هەڵدەسـیتەوە، بـەمجۆرەش بـەرەو ڕێگـەی ئاینـدەت دەبزوێیـت و ئامانجەكـەت بـەدی

دێنیت، مادام تۆنیەتت هێناوە دەبێت گوێڕایەڵی تەواویشت هەبێت، گوێڕایەڵی پەروەردگار بیت تاکو ئایندەت بۆ بسازێنێت، بگەیتە ڕاپەڕین، کاتێ خۆتت بەئاگا هێنا پەیت برد بە توانا بێسنورەکانت، خۆتت بەتەواوی پێپەسەند بو، بەم قۆناغانەدا تێپەڕت کرد، ئەوا گوێڕایەڵیەکی تەواوت بۆ پەروەردگار دەبێت، دەڵێیت: خوای گەورە من نیەتم هەیە گوێڕایەڵێکی تەواو بم، بۆ ئەوەی بەهەڵەدا نەچم لەم ڕێگەیەدا، بچم بۆ ڕێگەی جگەرەکێشانو مادە هۆشبەرەکاندا، مادام گوێڕایەڵی تەواو هەیە کەواتە بێخەوشی..

بێگەردیو بێخەوشی، هیچ شتێك نییە باشتر بێت لەبێخەوشی، مادام گوێڕایەڵی پەروەردگاریت، خۆشتدەوێتو پێی بڕواداریت دەبێت بێخەوشی بۆ دەربڕیت. مادام فێری بێخەوشی بویت کەواتە تۆ کەسێکی بێخەوشیت بۆ خوای پەروەردگار، بێخەوشیت بۆ خودی خۆت، بێخەوشیت بۆ خەڵکیش، بۆکارەکەیشت بێخەوشیت، کاتێ بێخەوشی بۆ شتێك دەربڕیت ئەویش هەمانشێوە بۆت دەردەبڕێتەوە خۆشی دەوێی، بیرت نەچێ هەرچیت بوێت دەیەوێیت، بۆی دڵسۆزبە بۆت دڵسۆز دەبێت، هەرچی لەناو بەریت لەناوت دەبات، مادام بیر لەشتێك دەکەیتەوە دەیخەیتە پەیبردنتەوە دەبێتە وجودێك لەویژدانتدا، گەربیخەیتە ئاستی کردارەوە دەبێتە وجودێك لەچارەنوستدا.

ئێستا هەنگاوی دوای ئەمانە ئەمەکداریە:

یان بڕوا بەخوا بوون، بێخەوش بوون بۆی، ئەمەکداری پەیوەستە بە(عیرفان)ەوە بزانە کەسێك داوەتێکی ئێوارەت دەکات، پێی دەڵێیت

سوپاس، عیرفان ئەمەیە پێزانینی بۆ دەردەبڕێت، پێزانینیش بەردەوامەو لەزەمەندایە، هەرگیز لەبیری مەکە، بزانە خوای پەروەردگار بەدیهێناویت، هەموو ئاسمان‌و زەوی‌و ئەوەی لەنێوانیاندایە بۆی ملکەچ کردویت ئەمانە شایانی پێزانینە، هەمیشە بڵێ سوپاس بۆ پەروەردگار وەك دەفەرموێت:

لئن شكرتم لأزيدنكم

ئەمەش پاك‌و بێگەردی‌و حوكمی پەروەردگارە،، ئێستا تەواو ئامادەین بۆ دروست كردنی ئایندەمان.

ئایا تۆیش ئامادەیت بۆئەوەی ئایندەیەك بۆخۆت دروست بكەیت؟! ئایا دەتەوێ بەبەختەوەری بژیت؟! ئایا حەزدەكەیت بگەیتە قۆناغێك هیچ كەمو كورتیەكی دەرامەتت نەبێت؟! ئایا حەز دەكەیت شوێن پەنجەت لەدنیادا دیار بێت؟!

كەواتە كاتی خۆیەتی:

تۆلەهەموو حاڵێكدا دەژیت، كەواتە بەدروستی بژی، لەهەموو حاڵێكدا دەخۆیت، كەواتە بەشێوازێكی دروست بخۆ، لەهەموو حاڵێكدا هەناسە ئەدەیت، كەواتە بەشێوازێكی دروست هەناسە بدە، لەهەموو حاڵێكدا دەچیتە هاوسەرگیریەوە، كەواتە بەشێوازێكی دروست بچۆرە ئەو قۆناغەو بەخۆشی تیایدا بژی، دەتەوێ وەچە بخەیتەوە، كەواتە باوكێكی سەركەوتوبە یان دایكێكی سەركەوتوبە، تۆ خاوەنی زانیاریت، ڕەخنە لەخەڵكی مەگرەو هەوڵبدە فێریان بكە، تۆ خاوەنی سەروەت‌و سامانیت، دەستی یارمەتی بۆ خەڵكی درێژبكە، كەواتە ئێستا كەناڵێكت كردۆتەوە لەنێوان خۆت‌و خوای گەورەدا، وریابە مەڵێ من ئەمەو ئەوەم

دا بــەلام کــەس هیــچی بــەمن نــەدا، بەرلــەوەی هەرچــی ببەخــشیت پێــشوازیان لێبکــە، هەرچــەن زیــاتریش ببەخــشیت لەئاینــدەدا زیــاتر دەبێت.

ئێستا بابچینە سەربەشی دووەمی بنەڕەتی ئەویش:

"چۆن ئایندە دروست ئەکەیت"

بۆئــەوەی ئایندەیــەك دروســت بکــەیت چــاك بزانــە تــۆ لەمــساتەدا دەژیــت لەوانەیــە دوایــن ســاتی ژیانــت بێــت، بەخۆشەویــستی خــوای گــەورەوە بــژی، بەگوێڕایــەڵی ئەوەوەبــژی، بێخەوشــی بــۆ دەربــڕە، ئەمەکداربــە بــۆی، هەســت بەچــێژی ئیمــان بکــە، چــونکە بەهــەموو جەســتەتدا بــڵاوەی کــردوە، هەســت پێبکــە، باکردەوەکانــت هاوتــای کردەوەکــانی پێغەمبــەر بێــت، کــەخوای گــەورە پێــی دەفــەرموێت: وإنــك لعلى خلق عظيم

چەن جوانە ووتەکەی شوقی:

إنما الامم الاخلاق ما بقيت فإن همو ذهبت أخلاقهم ذهبوا

ئەمەیــە ڕەوشــت، دوای ئــەوە بزانــەو لەپێغەمبــەرەوە فێربــە لــەهاوەڵانو پیاوچــاکان بەڕەوشــتی بــەرزەوە ژیــاون، پاشــان بخوێنــەرەوە وەك دەفــەرموێت (اقــرا) ئەمــە فــەرمانێکی ڕاســتەوخۆیە بــەردەوامی لەگــەڵ زەمەنــدا هەیــە، دەبێــت بخوێنیتــەوە، گەشــە بــەخۆت بــدەیت بــەردەوام، کاتــێ گــەورەمان حــەزرەتی جوبرەئیــل سروشــی بــۆ ســەروەرمان محمــد(ص) هێنــا فــەرمانی پێکــرد(اقــرا) پێغەمبــەر فــەرموی مــن خوێنــەوەارنیم، ســێ جــاری لێــی دوبــارە کــردەوە پاشــان فــەرموی: إقــرأ

باسم ربك الذي خلق، خلق الانسن من علق، إقرأ وربك الأكرم، الذي علم بالقلم، علم الأنسان ما لم يعلم.

ئەمەش نەرمیو نیانیە چونکە پێغەمبەر دەیویست لێرەدا بزانێت چی بخوێنێت، ئەمەش خۆشەویستی زانستو زانیاریە، دەبینین دوبارە دەفەرموێت:وعلم آدم الأسمأ كلها

هیچ زانیاریەك نیە ناوی هیچ كەسێك نیە، دەبێت خۆشەویستی زیاترت هەبێت بۆ پەروەرگار هەستەو ببزوێ دورکات نوێژ بکەو بابچینە سەر بەشی دووەم بۆئەوەی بزانین چۆن ئایندەمان دروست بکەین.

بەشی یەکەم :

ئایندەت دروست بکە

وقل إعملوا فسيرى

الله عملكم ورسوله والمؤمنون

ئایندەت دروست بکە: پەروەردگار دەفەرموێت:

وقل إعملوا فسيرى الله عملكم ورسوله والمؤمنون

خــوای گــەورە هانمــان ئــەدات بۆکــارکردن، گــەر کاربکــەیت دەســکەوتت دەبێــت، لــەخۆت ڕازی دەبیــت چــونکە خۆتــت بەرجەســتەکردوە، خــۆ بەرجەســتەکردنیش لەمیانــەی لەخۆگەیــشتندایە، لەخۆنرخاندنیــشدا تۆباشــتر دەبیــتو زیــاتر لــەخۆت ڕازی دەبیــت، وێنــە خودیەکــەی خــۆت چــاکتر دەبێــت، زیــاترو زیــاتر لــەخۆت ڕازی دەبیــت، زیــاترو زیــاتر خــۆت بەرجەســتە ئەکــەیت، متمانــەت بــەخۆت زیــاتر ئــەبێت، دەتــەوێ لەســەرەتاوە دەســکەوتت هــەبێت، ئەمــەش بەخشایــشی خــوای پــەروەردگارە، مــن بەســەر ئــەم زەویــەدا دەڕۆم وەك پــەروەردگار دەفەرموێت: **هو الذي جعل لكم الأرض ذلولا فأمشوا في مناكبها**

خــوای گــەورە زەوی بــۆ فەراهــەم هێنــاوینو فــەرمانمان پێــدەکات بەســەریدا بــڕۆین، دەیــەوێت لەســەری بجولێیــت، بڕیــار بــدەیت، نەخــشە بکێــشیت، بونیانــت بنێیــت جێبــەجێ بکــەیتو بــژیت تیایــدا وەك دەفــەرموێت: **وقــل أعملوا فسيرى الله عملكم ورسوله والمؤمنون**

ئێستا کــاتی ئەوەیــە ئاینــدە دروســت بکــەیت، تــۆ دروســتکەری ئاینــدەیت، بەبیرکردنەوەکانت بەڕەفتارەکانت، لێرەدا شوقی دەڵێت:

وما نيل المطالب بالتمني ولكن تؤخذالدنيا غلابا

نابێت کەسێك لەماڵەوە دانیشێتو چاوەڕوان بێت بەخت لەدەرگای بدات، بەخت زۆرجار لەدەرگا نەدات، بەڵام تۆ لەماڵ نیت، دەچێت لەماڵی هاوسێکەت نەدات.

کاتێ بیردەکەیتەوە بەڵکو بەخت یاوەرت بێت ئەمە تەنها بەئاواتەخواز بوون نابێت، ئایادەکرێت ئاواتەخواز بیت بچیتە کۆلێژی پزیشکی بەڵام لەدواناوەندیدا بکەویت، ئەمە هەرگیز نابێت، بەڵکو بەبیرکردنەوەی دروست دەبێت :

خلیل متران دەڵێت:

اعزم وكد فإن مضيت فلاتقف	واصبر وثابر فالنجاحمحقق
ليس الموفق من تواتيه المنى	لكن من رزق الثبات موفق

یەکێك لەفەیلەسوفەکانی ئیغریقی دەڵێت:

پێویستە مرۆڤ لەهەوڵو تێکۆشاندا بێت بۆ ئەوەی پەروەردگاری ڕێگەی سەرکەوتنی بۆ واڵاکات.

ئێستا با سەرێك بدەین لەستراتیژەیەکی تەواو بۆئەوەی ئایندەیەکی پرشنگداری پێ دروست بکەیت بەویستی پەروەردگار.

یەکەمین شتێك بیری لێبکەیتەوە ئەمەیە "مەبەست" ئەمەش واتا بزانیت چیت دەوێت بە ڕوونی، جا ئەگەر مەودای کورت بێت یان مەودایەکی درێژی هەبێت، هەندێ کەس جیاوازی ناکەن لەنێوان ئامانج، مەبەست، ئەندێشە، ئامانج بەردەوامی لەزەمەندا هەیە، مەبەست شتێکە دەتەوێ

پێی بگەیت، ئەی ئەندێشەکانت چیە؟ئەوشتە چیە دەتەوێ پێی بگەیت زیاتر لەهەموو شتێك لەژیانتدا؟
چۆن خۆت دەبینیت؟ لەڕوی دارایییەوە باشیت یان...نا؟
دڵخۆشیت یان...نا؟
ئەمانە مەبەستەکانتە، کاتێ چاوەکانت لێك دەنێیت ئەمانە دەبینیت، مەبەست شتێکە ئەتەوێت لەماوەی ١٠ بۆ ٢٥ساڵدا بێتە دی، لەوانەیە یەکێك لەئێمە بڵێت: تەمەنەکان بەدەستی خوای گەورەن، ئەمە تەواوە، بەڵام خوای گەورە ئەو مێشکەی پێداوین بۆ ئەوەی بیری پێبکەینەوەو نەخشەی پێ بکێشین، ئایا تۆ بیردەکەیتەوە نەخشە دەکێشیت؟
یان یەکێك بڵێت: من مەبەستەکەم ئەوەیە خاوەنی کۆمپانیایەکی ئەلکترۆنی گەورەبم، یان کۆمپانیایەکی گەشەی مرۆیی، ئەمەیان ئەندێشەیەکە، گەر لێی بپرسیت کەی ئەم مەبەستەت ئامادە دەبێت؟ دەڵێت لەماوەی دەساڵی داهاتودا، دوای ئەمە دەبێت لەم مەبەستەدا ئەندێشەیەکت هەبێت، ئەندێشە دەبێت بەپێی ڕەزامەندی خوای گەورە بێت، پەیوەست بیت پێیەوە لێی نزیك بیت، گەر وانەبێت ئەوا دەبێتە سەرکەوتنێکی دنیایی بەردەوامی نابێت، کاتی دەڵێم: مەبەستەکەت چیە؟ دەڵێت: کۆمپانیایەکی ئەلکترۆنی... مەبەست چیە. ئەویش نزیك بونەوەیە لەخوای گەورە، ئەمە چۆن دەبێت؟ چونکە بەهۆیەوە یارمەتی خەڵکی پێئەدەیت، فێریاندەکەیت خوای گەورەیان چۆن خۆشبوێت، لەخوای گەورەیان نزیك دەکەیتەوە، هەتیوێك لەئەستۆ دەگریتو فێری دەکەیت، یان یارمەتی خوێندکارێکی هەژار ئەدەیت، یان دەستی یارمەتی بۆ خێزانێك درێژ ئەکەیت..

ئەمانــە ســەرچەمیان لــەخوای گــەورەت نزیــك ئەكەنــەوە، بــەردەوامی بەســەركەوتنەكانت ئــەدەن، لــەهیچ شــتێكی دارایــی كــەمت نابێــت. وك عبداللــهی كــوڕی عــەمرۆ دەڵێــت: لــەدنیادا وابــژی وابزانــە هــەرگیز نامریــت، كارێك بۆ قیامەت بكەوابزانە سبەی دەمریت.

گــەر ســەرنج بــدەیت لــەم پەنــدە، دەبینیــت دەبێــت كارێــك بــۆ دنیــا بكــەیت پێویــستە بیبەســتیتەوە بەهەســتەكانت ئامانجــەكانت ڕەفتارەكانــت، بــەڵام گــەر بزانیــت ســبەی دەمریــت بــەم بــیرو ڕایەشــەوە بــژیت دەبینیــت دەبێــت لــەدنیا دابڕێیــت هەســتەكانو ڕەفتارەكانــت پەیوەســتی بــەڕۆژی دواییــەوە..

دەبێت چۆن لەیەك كاتدا دابڕاوو پەیوەست بین؟

ئەمــە واتــای پەیوەســت بیــت بەدنیاوەچــێژی لێوەرگریــت بــەوەی بیرلــەڕۆژی دوایــی بكەیتــەوە، مــردن ئــەم ســاتەیە، ئــەوا بەهاوســەنگیەوە بــژی، دنیــا وەك ڕێگەیــەك بــۆ ڕۆژی دوایــی بــەكار بێنــە، ڕۆژی دوایــش باڕێگەیــەكی ڕۆحــانی دنیــا بێــت، بــەمجۆرە ســەركەوتنێكی هاوســەنگ دەبیــت بەردەوامی دنیاو ڕۆژی دوایی دەبیت.

ئەمــەش دەمانگەیەنێتــە قۆنــاغی دواتــر بــۆ ڕێگــەی ئاینــدەمان ئــەویش

حەزێكی ئاگرینە:

مەبەســت خــۆراكی ڕەفتــارە، حــەزی ئــاگرین ســوتەمەنیەكی بەهێزەو بلێسەدارە پاڵ بەمرۆڤەوە دەنێت بۆكردار.

بەڵام چۆن دەتوانیت حەزێكی ئاگرین بەدەست بێنیت؟

وەڵام ئاسانە.. بە هۆكار:

كاتــێ مەبەســت ئاشــكرا بــوو ئــەوكات هێزێــك دەبەخــشێت پــاڵی پێــوە دەنێــت بــۆ پێــشەوە، گــەر پەیوەســت بیــت بــە ئــەركێكی ڕۆحانیــەوە زیــاتر

میلی بەدیهێنانت دەبێت، گەرلانیکەم پێنج هۆکار بدرێتە مەبەست پاڵت دەنێت بەرەو رەفتار:

کەواتە ئەو هۆکارانەی دەیدەیتە خۆت، ئەمەش لەپێناو بەدیهێنانی مەبەستەکەتدا دەبێتە هۆی حەزی ئاگرین.

بائێستا بپرسم:

ئایا مەبەستەکەت رون و ئاشکرایە؟

ئایا دەزانی چیت دەوێت؟

ئایا دەزانیت ئەندیشەی مەبەستەکەت چیە.ئایا ئەندێشەت بۆ بەدیهێنانی مەبەستەکەت ئەوەیە زیاتر لەخوای گەورە نزیک بیتەوەو پەیوەست بیت پێیەوە؟

ئایا حەزەکەت ئاگرینە بۆ بەدیهێنانی مەبەستەکەت؟

یان بریارتداوەمەبەستەکەت بەدی بێنیت جا بارودۆخ هەرچۆنێك بێت یان کاریگەریەکان یان قسەو قسەلۆکی خەڵکی.

ئەمەش ئەتگەیەنێتە قۆناغی دواتر لەرێگەی دروستکردنی ئایندەکەت ئەویش:

بڕوای خودی:

بڕوا مەرجی نیە ئەوشتە راستی بێت یان خەیاڵ، واقیعی بێت یان نا، بەڵکو مەرجەکەی ئەوەیە ئەوەی بڕوات پێیەتی، دانایە کەسێك مەبەستێکی ئاشکراو ئەندێشەیەکی رۆحانی حەزێکی ئاگرینی هەبێت، بەڵام بڕواناکات لەتواناییدا مەبەستەکەی بێنێتە دی، بۆیە ئەو مەبەستە نایەتە دی.

بـڕوای خـودی بـەهێز پاڵنەرێکـە بۆحـەزێکی ئـاگرین، ڕۆڵـی ئـەو پاڵنـەری مەبەسـتێکی ئاشـکرایە، دواجـاریش دەبێـت پەیوەسـت بێـت بەڕەزامەنـدی پـەروەردگارەوە ئـەکات بـەردەوام دەبێـت لەزەمەنـدا، سـەرکەوتنی دنیـاو قیامەت دەبەخشێت.

بائێستا بپرسم:

ئایا بڕوات وایە بەویستی خوای گەورە مەبەستەکەت بێتە دی؟

ڕێژەی بڕوابونت چەندە؟

ئەوشتە چیە دەتوانێت لەباوەڕت کەم بکاتەوە؟

گـرنگ ئەوەیـە بزانیـت بۆئـەوەی بتوانیـت مەبەسـتەکەت بێنیتـە دی، دەبێـت حـەزێکی ئاگرینـت هـەبێت، بـاوەڕی خودیـت پاڵنـەر بێـتو بەهێزبێت بۆئەوە.

لەمەسـتێکی ئاشـکراوە بـۆ ئەندێـشەیەکی ڕۆحـانی ..بـۆ حـەزێکی ئـاگرین..بـۆ بڕوایـەکی خـودی.. بـەردەوامی گەشـتەکەمان دەبـێن بـۆ دروستکردنی ئاینده تادەگەینە ئەم وێستگەیە ئەویش:

ئامانجەکان:

لەوێنـەی خودیـدا جیهـانی دەرەکـی جیاوازیـەکی نییـە لەگـەڵ جیهـانی ناوەکیـدا، هەرچـەند جیهـانی نـاوەکی لاوازبێـت جیهـانی دەرەکـیش لاوازە، وێنـەی خـودی ئـەو ێنەیـەی دەیکێـشیت بۆخـۆت بـەهۆی بڕواکەتـەوە، بـەهۆی بـیروڕای خـەڵکی، لەوانەیـە یـەکێك هانـت بـدات، یارمـەتیت بـدات، گـەر مامۆسـتاکەت هانـت بـدات ئـەوا لـەناخی خۆتـدا وێنەیـەکی خـودی بـەهێزت دەبێـت، چـاوەکانت لێـك بنـێو هەناسـەیەکی قـووڵ هەڵمـژە، وێنـەیك بۆخـۆت بکێـشە، ئـەم وێنەیـە هـەموو ئـەو ڕەنگانـەی

تیایە کەتۆ حەزیان لێدەکەیت، ڕوناکیەکی بدەرێ، ئەنجا خۆت بخەرەنێو وێنەکەوە تۆ ئامانجەکەت بەدی دێنیت، تۆ مەبەستەکەت بەدی دێنیت، بەئاشکرا ڕونی بکەرەوە، پاشان لێی وەرە دەرەوە وزەیەك بدەرە خۆت، هەموو ڕۆژێك، بەرلەنوستن بەتایبەت سەیرێکی ئەم وێنەیە بکە، ڕوون و بەهێزە، هەرکاتێك لەناخەوە سەرنجی ئەدەیت، زیاتریش لەدەرەوە دەیبینیت، هەموو ڕۆژێك بەیانی چاوەکانت لێك بنێ سەرنجی ئەم وێنەیە بدە تاکو لەبیروەریەکانتدا خۆی داکوتێت، بچێتە ئەقڵی ناوەکیەوە، تاکو دەبێتە نەریت و خوو، هەرکەسێك بیەوێت لەکەداری بکات ناتوانێت.

إن الله لایغیرو ما بقوم حتی یغیروا ما بأنفسهم

ناتوانیت جیهانی دەرەوە بگۆڕیت تاکو جیهانە ناوەکیەکەی خۆت نەگۆڕیت.. لەمەبەستەوە بۆ ئەندێشە.. بۆ نیاز.. لەبڕوای خودیەوە بۆ وێنەی خودی لەوێشەوە بۆ ئامانجەکان.

بۆنمونە تۆ دەتەوێت کۆمپانیایەکی گەورە بکەیتەوە، نیازی تۆ لەم کۆمپانیایە یارمەتیدانی کۆمەڵێکی خەڵکە، بڕوا خودیەکەت بەویستی خوا هەرچەند باودۆخی نالەبارو ئاستەنگ هەبێت بەدی دێنیت، گەرکەسێکیش پێشتر ئەمەی بەدیهێنابێت ئەوا من باشتر بەدی دێنم، گەر کەسێکیش نەبوو ئەمەی بەدیهێنابێت من دەبمە ئەو یەکەم کەسە.

دوای ئەمانە دەڵێین:

مەبەست دەبێت بکرێت بەچەند بەشێکی بچوکەوە، هەر مەبەستێك لەجیهاندا مادام دابەشکراوە بەچەند ئامانجێکی بچوکەوە ئەوا لەگەڵ ئامانجەکانتدا، تواناکانتدا، سەرچاوەکانتدا یەکدەگرێتەوە، پاشان

دەگەیتــە قۆنــاغی دوای ئــەوە، هــەرکات ئامــانجێکی ســادەت بــەدیهێناو دەســـتت کـــەوت، هـــەرکات پێـــشکەوتنی خۆتـــت بینـــی ئـــەوا وێنـــەی خودیەکـەت بـەرەو باشـترو باشـتر دەچـێت، متمانـەت بـەهاوڕیکانت پـتر دەبێـت، خـۆت بەرجەسـتە دەکـەیت، وەك پـەروەردگار دەفـەرموێت:وقـل إعملوا فسيرى الله عملكم ورسوله والمؤمنون

کاتـێ ئێمـە منـاڵ بـوین بـەباوكو دایكمـان دەوت: بـاوكم خۆشـدەوێت یـان دایكـم خۆشـدەوێت.. گـرنگ ئەوەیـە لـەبارەی خۆتەوەبـدوێیت، .. تائێـستا خــەڵكی حــەز دەكــەن لــەبارەی خۆیانەوەبــدوێن،.. مــن فێربــووم..مــن سـەفەرم کـرد..مـن چـەند زمانێـك دەزانم..مـن زۆر باشـم..مـن بـەهێزم.. مـن ئەمــەو ئــەوەم کــرد..هەریــەك لەئێمــە دەیــەوێت ڕوبــەڕوی کۆمەڵگــە بێتــەوە، بزانــە خــوای پــەروەردگار دەفــەرموێت: (وقــل إعملــوا فــسيرى الله عملكــم ورسوله والمؤمنون)

سـەرنج بـدە لەوشـەی(إعملـوا) دەبێـت بیرلـەکار بکەیتـەوە، دەبێـت لـەکاردا جەســتەت بجوڵێنیــت، کەبەدەســتت هێنــا ئــەوکات لــەخۆت ڕازیــت، وێنــە خودیەکـەت باشـتر دەبێـت، متمانـەت بـەخۆت بـۆ دروسـت ئـەبێت، خـۆت بەبەختەوەر دەزانیت لەژیاندا.

کاتـێ مـرۆڤ دەسـکەوتێکی دەبێـت، بـەرەو پـێش دەچـێت زیـاترو زیـاتر بۆیـە پەروەردگار دەفەرموێت: (فسيرى الله عملكم.)

واتـا ئـەی بـەنی ئـادەم مـن سـەیرت ئەکـەم نـەك تـەنها هـەر ئەمـە بـەڵکو (ورسوله والمؤمنون)

بۆیـــە پێویـــستە ببزوێیـــت، کەواتـــە وەرە بـــا مەبەســـتەکان بکەینـــەوە دابەشیان کەین بۆ ئامانجەکان:

تۆ دەڵێیت: من دەمەوێ کۆمپانیایەکی گەورە بکەمەوە، مەرامەکەت ئاشکرایە، مەبەستەکەش ئاشکرایە، ئەندێشەکەش ئاشکرایە، ئەویش نزیکبونەوەیە لەپەروەردگار، پەیوەست بوون پێیەوە، وێنەی خودیش ئەم ئاواتەم بۆدێنێتە دی.

ئەم کۆمپانیایەئایا پارەی پێویستت هەیە بۆ دروستکردنی؟

ئایا نەخشەیەکت بۆ کێشاوە؟

ئایا ئەو پارەیەی پێتە بەشدەکات یان کەمە؟

دەست پێبکە.. هەرچەن برێکی کەمیشت پێیە دەستپێبکە، پەرتوکێك بکڕە بزانە مانای ووشەی" پلانی ستراتیژە" چیە بۆئەوەی بگەیتە مەبەستی ئەو کۆمپانیایەو بەدی بێنیت.

فێری پەیوەندیکردن ببە، چونکە بێگومان دەبێت پەیوەندیت لەنێوان خۆتو خەڵکیدا هەبێت.

زمان فێربە، فێری کۆمپیوتەرو ژمێریاری ببە.

دوای ماوەیەك خۆت دەبینیت فێری شتگەلیك بویت، هەموو ئامانجێك لەئامانجێکی دیکەت نزیك دەکاتەوە.

وایدابنێ ئامانج وەکو پلەی پەیژەیەك وایە، گەربتەوێ سەرکەویت بۆ پلەی دەیەم، دەبێت لەپلەی یەکەمەوە دەست پێبکەیت، ئەمەش دەبێتە یەکەمین ئامانجت، هەر ئەمەشە دەتگەیەنێتە ئامانجەکانی ترت، هەر پلەیەك لەم پلانە، لەخزمەتی مەبەستەکەتدایە، بەمجۆرە تۆدەتوانیت کۆمپانیاکەت بکەیتەوە، لەئەندێشەوە هەموو ئامانجێك لەخزمەتی مەبەستدایە، ئەندێشە هەرام زیاد ئەکات هێزی پێدەبەخشێت،، هەر ئامانجێك مسۆگەر بکەیت بەپێی تواناکانی خۆتن،

تــۆ تــەنها تــەرکیز دەکەیتــە ســەر ئامانجەکــە، ئەندێــشە لــەنێو وێنــە خودیەکەتدایــە، ئەندێــشەی ئاشــکرا، هــەرکات وێنەکــە بێتــە پــێش چــاووت، ئــەوا بــەڕونی دەیبینیــت، ئەمــەش ئەوەیــە کەبــە ویــستی پــەروەردگار لــەماوەی بیــست ســاڵدا مــسۆگەری بکــەیت. ئەمــە پلانــەو ئەندێــشەیە کۆمــەکت ئــەکات، بــەڵام تــەرکیزت لەســەر ئامــانج بێــت، هاوکێــشەیەکی زۆر گرنگــە،بزانیت جیــاوازی بکــەیت لــەنێوان مەبەســتێك بتــەوێ لەئاینــدەدا مــسۆگەری بکــەیت، بــەڵام لەئێــستادا تواناکانــت دەڵــێن: کەئامانجــەکان مــسۆگەر بکــەین،، زۆرکــەس دەکــەوون کاتــێ ســەرنجی مەبەســت ئــەدەن وادەزانــن هێــشتا ماویــەتی، بــەڵام گــەر دابەشــی بکــەیت بۆچــەن ئامــانجێکی بــچوك، هــەموو تــەواوی وزەکانــت بخەیتــە گــەڕ لەئێــستادا بــۆ مــسۆگەر کردنــی، ئەوئامانجــەی لەبەردەمتــە ئەوەیــە ئــەتوانێ مــسۆگەری بکــات، هەرکەمــسۆگەر بــوو دەبینیــت پــەرتوکی زیــاتری بــۆ دەخوێنیتــەوە، کەســانێك دەبینیــت پێــشتر نــەتبینیون، ڕوبــەڕوی شــتگەلێك دەبیتــەوە پێشتر ڕوبەڕوی نەبویتەتەوە.

ئەمەیــە قەشــەنگی ئامــانج، هەرکــەبیرت لێکــردەوە، ئــەویش بــیرت لێدەکاتــەوە، بــەڵام تــۆ دەتــەوێ ڕاســتەخۆ بــاز بــدەیت بــۆ پلــەی دەیــەم، بەڵام تەرکیز بکەیتە سەر پلەی یەکەم باشترە.

یەکــەمین شــت مەبەســتە بەســراوەبە ئەندێــشەوە، هێــزی مــەرام دەبەخــشێت، لەخۆتــدا بــڕوای پێدەکــەیت، لەناخــەوە دەیبینیــت، دەیکــەیت بەچــەن ئامانجێکەوە.. ئەمەیان زۆرباشە.

دوای ئەمە ڕاستەخۆ دەست دەکەین بەجێبەجێ کردن، بەلام دەبێت شتێکی گرنگ بزانین ئەویش بوێریە، ئەمە ئەوشتەیە بەبێ ئەو هیچمان بۆ ناکرێت.

ئایا ئەم ئازایەتیە لەخۆیەوە دێت؟ نەخێر..

مرۆڤ خاوەنی بوێریەکە دەزانێت ڕێك چی دەوێت، دەزانێت بەڕێکی چۆن دەسبەکار بێت، بەڕێکی گۆی دەسبەکار بێت.

یارمەتی ژمارەیەك لەخەڵکی ئەدات، ئەم بەتەنها بوێریت پێدەبەخشێت...

ئەی چی بوێری ئەوەستێنێت؟

ترس...ترس لەنادیارەکان..ترس لەناڕەزاییەکان.. ترس لەگاڵتە پێکردن.. ترس لەدۆڕاندن.. بەڵکو ترس لەسەرکەوتنیش!!

کەسانێك دەڵێن:

ئەوکەسانەی سەرکەوتوون یان دزن یان فێلباز.. یان لەخوا یاخین، یان سەرکەوتن دەمکاتە کەسێکی خۆپەرست، بێگومان ئەم قسانە هیچیان ڕاست نین.

من دەمەوێت دوپرسار لەخۆت بکەیت کاتێ ڕوبەڕوی ترس دەبیتەوە ئەویش:

خراپترین شتێك چیە بەسەرمدا بێت؟

باشترین شتێك چیە بەسەرمدا بێت؟

بەردەوامبە سەرنجی هەردوچاوی ترس بدە، هەرکەسەیرت کرد لێی تێدەگەیت دەبینیت بۆت پێدەکەنێت، پێت دەڵێت: هەرگیز بۆ ئەوە نەهاتووم بتترسێنم، بەڵکو بۆ ئەوە هاتووم فێرت بکەم، من لەهەموو

شتێك باشترم بۆ فێربونت، بەڵام تۆ ناتەوێت فێر بیت، تۆ ناوت لێناووم ترس. بۆیە هەمانجۆری بیرکردنەوەکانی خۆتت بۆدێنم بەڵام گەر بیرم لێبکەیتەوە من خەڵاتی پەروەردگارم، من بونەوەرێکم بۆئەوەی فێرت بکەم چۆن پەند لەهەڵوێستەکان وەردەگریت، چۆن پێداگری زیاتر ئەکەیت، دیارە ئازایەتی دەبێت سوربونی لەگەڵدا بێت، تۆ بەسەر مەترسیەکاندا بەئازایەتی سەردەکەویت، ئازایەتی بیرکردنەوەکانت دەخاتە مەیدانی کردارەوە، دەتەوێ پەرتوکێك بخوێنیتەوە خێرا تەواوی بکە، کەسێکت خۆشدەوێت ئاگاداری بکەرەوە لەو خۆشەویستیە. وەك لەئەنەسی کوڕی مالیکەوە دەگێڕێتەوە:

پیاوێك لای پێغەمبەری خوا دانیشتبو، کەسێك بەڕێبواری بەلایاندا تێپەڕی، وتی: ئەی پێغەمبەری خوا من ئەو پیاوەم خۆشدەوێت، پێغەمبەر فەرموی: پێت وتووە؟

وتی: نا..

فەرموی: ئاگاداری بکەرەوە.

پیاوەکە بەدوای ڕێبوارەکەدا ڕۆشتو پێی وت: من لەبەر خوا تۆم خۆشدەوێت.

ئەویش وتی: ئەوکەسە خۆشی بوێت، کەمنت لەبەر ئەو خۆشدەوێت.

ئازایەتی ئەوەیە هەرکات بتەوێت ئاسودە بیت، تۆ خۆتت خستۆتە ئاستی کردارەوە، ئەمە ئەو ئازایەتیەیە کەلەبارەیەوە دەدوێین، ئەوەیە وات لێدەکات سەیری ترس بکەیتو بڵێیت: ناتوانیت هەڵوێستەم پێبکەیت، دەزانیت بۆچی؟ چونکە تۆ هاوڕێی منیت، خەڵاتی منیت، لەگەڵ مندایت، من دەمەوێیتو ئاواتەخوازم بۆت، دەبینیت ترسیش

پێتدەڵێت: من لەژیانی تۆدام بۆ ئەوەی باشتر بێت، پێشکەویت، بۆ ئەوەی لەم ڕەفتارە ناقۆلایانە بەدور بیت، گەجگەرە کێشیت واز لەجگەرە کێشان بێنە، چونکە ناگونجێت لەگەڵ تۆدا.

ئازایەتی هێزێکە دەتبزوێنێت بەرەوپێشت ئەبات، دەبێت وێنە خودیەکەت ئاشکرا بێت، ئامانجەکان بناسیتو دابەشیان کەیت، هەموو ئامانجێکیان لەخزمەت مەبەستێکدا بێت، هەموو ئامانجێك لەخزمەت ئەندێشەیەکدا بێت، ئەنجا دوای ئەوانە ڕاستەخۆ ئازایەتی، دەبێت هێزی بوێریت تێدا بەرجەستەبێت، بیرکردنەوەکانت بخەیتە مەیدانی کرداریەوە پاشان بەرەو پلانی ستراتیژی.

ڕێك وەکو کەسێك بیەێت سەفەرێك بکات، ئایا دەتوانێت بڕوات بەبێ پێویستیەکانی سەفەر؟ بێگومان نەخێر.. دەکرێت سەفەرێك بکەیتو نەخشەیەکی بۆدانەڕێژیت؟ یان بێ ئەوەی بزانیت بەرەو کوێ دەچیت، یان بێئەوەی شوێنێکی حەوانەوە دەستنیشان بکەیت؟ یان بێئەوەی کەلوپەلی پێویستی ئەوشوێنەت پێبێت؟ یان بێئەوەی بودجەیەك بۆخۆت دیاری بکەیت؟

ئەمەش واتا دەبێت پلانێکت هەبێت بەهەموو هەوڵێکەوە ئامادەبیت هەبێت بۆ ئەو سەفەرە، کامیانت بەلاوە گرنگە، نەخشەیەك بۆ سەفەر یان بۆ سەرتاپای ژیانت؟! لەگەڵ ئەمەشدا لەدەخولەك یان کاتژێرێك زیاتر تێپەرناکات بۆ نەخشە ژیانت، بۆیە دەڵێم:

ئێستا لەگەڵ مندا وەرە، پێنوسو پەڕەیەك هەلگرە بانەخشەکەمان بکێشین:

لـەپلانی سـتـرتیژیدا ئامانجەکـەت بێنـە، گریمانـەکان دابنـێ، چـی ڕو ئـەدات گـەر بیخەیتـە مەیـدانی کردارییـەوە، چـۆن بەگـژ ئاسـتەنگەکاندا بـچمەوە کەدەبنە لەمپەری ڕێم؟

یاسای زاڵبوون دەڵێت:

کاتــێ بیرلەگریمانــەکان دەکەیتــەوە بــۆ قــەیرانێکی داهــاتوو ئــەوا زیــاتر لەجێگرەوەیەکت دەبێت.

گــەر وانەکــەیت ناتوانیــت ڕوبــەڕویان بیتــەوە، یەکــەمین شــتێك لــەپلانی ســتراتیژیدا، ئەمەیــە بیرلەهــەموو گریمانــەکان بکەیتــەوە ئەوانــەی ڕێگریــت ئەکــەن لەمــسۆگەر کردنــی ئامانجەکانتــدا، ئەوئامانجــەی ئەتگەیەنێتــە ئەومەبەســتەی پێــشتر چــارەت بــۆ کردبێــت، بۆئــەوەی ڕێــكو پێــك بێــت، ئـەقڵت ڕاهێنراوێکـی زەینـی بێـت، بـەڵام جـەخار زۆرێـك لەخـەڵکی بـەمجۆرە بـیر ناکەنــەوە، بۆنمونــە قوتابیــەکی دواناوەنــدی دەڵێــت: مــن دەمــەوێت لەکۆلێــژی پزشــکیدا وەرگیرێــم، کەچــی کــەوەرناگیرێت دادەڕمێــت، بــەڵام لێرەدا جێگرەوەی تر هەن پێویستە قبوڵیان بکات:

جێگرەوەی یەکەم بچێتە کۆلێژێکی دیکە.

یان ئەوساڵەی دوبارە بکاتەوە.

بێگومــان زۆرێــك لــەجێگرەوەکانت هەیــە، بــەڵام گەرتــەنها یــەك هەڵبــژاردنت هەبێتو مسۆگەری نەکەیت، ئەوا دوچاری داڕمان دەبیت.

دوای جێگرەوەکــان دەســت دەکەینــە ئــەم هــەنگاوە: ئــەویش پلانــی ستراتیژییە...

جێبەجێ کردن:

دەست دەکەین بەجێبەجێ کردن، تۆ جێبەجێکاریت، ئەوا ئامانجەکە هەنگاو بەهەنگاو جێبەجێ بکە. لەهەر هەنگاوێکدا هەڵوێستەیەك بکە پاشان ڕاستەوخۆ بەرەو هەنگاوی دواتر بڕۆ، ئەویش هەڵسەنگاندنە، تۆ جێبەجێکاری بەهایەکیت ڕاستەخۆ جێبەجێی دەکەیت، کاتێ جێبەجێ دەکەیت، وادەزانیت هیچت نەکردوە، ئەنجامێکی کارەکەت دیار نیە، بۆیە بێ هیوایی ڕوت تێدەکات، بۆئەوەی بێ هیوا نەبیت، بزانە نرخاندن زۆر گرنگە، بۆنمونە ئەوانەی ئەیانەوێت کێشی لەشیان کەم بکەنەوە دەستدەکەنە جێبەجێکردنی سیستمێکی دیاریکراوی خواردنەکان، بۆ ماوەیەك پابەندی دەبن پاشان ماندوو وەرس دەبن دەگەڕێنەوە سەر هەمان شێوازی جاران، هۆکارەکەشی لەمیانەی ئەم ڕۆتینەوە خۆی هەڵناسەنگێنێت، ئایا ئەم ڕۆتینە بەڕاستی باشە؟

ئایا لەم ڕێگەیە بەشێوازێکی دروست ئەجوڵێمەوە؟ ئەوانەی پێش من سەرکەوتوو بون... بۆچی سەرکەوتن؟ چۆن سەرکەوتن؟ تۆ بڵێی منیش سەرکەوتوو بم؟ یان بیرکردنەوەکانم هۆکارن کەمن ناتوانم سەرکەوتوو بم، دەبینیت لەخۆتدا بیرکردنەوەکانت هەمواردەکەیت، ئەمەش هەنگاوی دوای خۆنرخاندنە، دەبینیت ئازایەتی بوونی هەیە، هەموو گریمانەکانت داناوە، هەموو جێگرەوەکانت داناوە، جێبەجێکاریت، کاتێ دەچیتە سەر جێبەجێ کردن هەمواركردن دەست دەکەیتە هەموار کردن.

گەر بەڕێگەیەکدا بڕۆیت، لەپڕ گۆلاوێکت توش بێت، لێی هەڵخلیسکێیت، هەڵدەستیت بەپاککردنەوەی خۆت، سەیری گۆلاوەك دەکەیتو بیردەکەیتەوە، یان بازی بەسەردا ئەدەیت، یان ئەگەر گۆلاوەکە

گـــەورەبێت بـــەلای ڕاســـتو چـــەپیدا دەڕۆیـــت، یـــان بـــەڕێی خۆتـــدا ئەگەڕێیتـــەوەو ڕێگەیـــەکی دیکـــە ئەدۆزیتـــەوە، بەمـــەشی هەڵـــسەنگاندنت کـــردوە، کەهەڵـــسەنگاندنت بـــۆ هەڵوێـــستەکە کـــرد هـــەمواری دەکـــەیت و ڕێگەکـــەدەگۆڕیت، بۆئـــەوەی بگەیتـــە مەبەســـتەکەت بەمـــشێوەیە ســـەبارەت بەمەبەستو ئامانجەکان.

هـــەنگاوێك ئەتگەیەنێتـــە ئـــەوی دوای خـــۆی، تادەگەیتـــە هـــەنگاوی دواتـــر ڕاستەخۆ لەپلانی ستزتیژیدا ئەویش زانینە...

تـــۆ دەزانیـــت پێـــشتر چـــی ڕویـــداوە، تەنانـــەت ئەگـــەر جـــارێکی دیکەڕوبداتـــەوە دەزانیت چۆن مامەڵەی لەگەڵدا دەکەیت..

ئەمـــەش مانـــای پلانـــی ســـتراتیژی بریتیـــە لەجێبـــەجێ کـــردنو هەڵـــسەنگاندن هەموارکردنو زانین..

جێبـــەجێکردنی هەمیـــشەیی لەزەمـــەنی بەردەوامـــدا، مـــادام تـــۆ هـــەر دەژیـــت، مـــادام زینـــدویتو هەناســـە ئـــەدەیت تـــاکو دوایـــن هەناســـە بـــەردەوام هـــەموو شـــتێك هەڵـــسەنگێنە، پاشـــان هـــەمواری بکـــە، هەرکـــەزانیاریت لەبارەیـــەوە کۆکردەوە جارێکیتر جێبەجێی بکەبەشێوەیەکی ڕێكو پێك.

هەمیـــشە لـــەبیری نەکـــەیت شـــتێکی زۆر گـــرنگ، ئـــەویش سوپاســـگوزاری پـــەروەردگارە چـــونکە خـــوای پـــەروەردگار ئـــەم هـــەموو بەخـــشینانەی پێبەخـــشیویت، چـــونکە هـــەنگاوی داهـــاتوو پێویـــستی بـــەهێزی تۆیـــە، بەرەنگاربونەوەیـــە، جـــا ئـــیتر ئـــەو بەرەنگاریـــە هەرچـــیەك بێـــت، مـــادام خۆراگریـــت بـــۆ توانـــدوە خـــوای پـــەروەردگاریش دەفـــەرموێت:"إنمـــا یوفـــون الصابرون أجرهم بغیر حساب"

ئەوانەی خۆ ڕاگرو ئارامگرن دەچنە بەهەشت بەبێ چەندو چون، چونکە خوای پەروەردگار ئەو خەڵاتەی پێبەخشیویت ئارامگربیت، بۆئەوەی پاداشتت زۆرتر بکات، لێت ببورێت، کاتێ گەشتیتە قۆناغی دواتر ڕاستەخۆ دەبێت لەدواوە دەڵێیت: سوپاس بۆ ئەوپەروەردگارەی وایلێکردم سەرکەوتوبم، ئارام بگرم لەسەر ئەم کۆسپە، گەر ئەم کۆسپە نەبوایە نەمدەتوانی هێندە بەهێزبم .

پلانی ستراتیژی پلان و هەڵسەنگاندنەو هەموارکردن و فێربوون و جێبەجێ کردنە، لەهەمان کاتدا تۆ هەڵدەسیت بەبەکاربردنی هەموو ئەمانە سوپاسی پەروەردگار بکە بەدرێژایی ئەم گەشتە، بڵێ:

اللهم لك الحمد والشكر كما ينبغي لجلال وجهك وعظيم سلطانك وتعداد مخلوقاتك وسعة عرشك حتى ترضي يا أكرم الاكرمين، يارب أنا صابر.

قۆناغی دووەم: هێزی سییانیە پێکهاتوە لەپابەندبوون، سووربوون، ڕێکخستن:

لەوانەیە پابەندیەکی تەواوت هەبێت بۆ لەخەوبێداربونەوەی بەیانیان زوو بۆ دەسکەوتنی شتێك، ئەمە پێی دەوترێت پابەند بوون، لەوانەیە کاتێك بێت بەسەرتدا تیایدا ماندوو بیت، نەتوانیت بێداربیتەوە، لێرەدا قۆناغی سووربوون هەیە، سووربوون واتلێدەکات جەخت بکەیتەوە لەسەر پابەندبوون، پێداگری لەسەر شتێك بکەیت بۆ پلەیەکی زۆر باڵا، سووربیت تا ئەو ئاستەی کەسێك نەتوانێت لەو کارەی ئەنجامی ئەدەیت ڕۆژێك لەڕۆژان پەشیمانت بکاتەوە، ئەمەشیان ڕێکخستە. ڕۆژانە کارێك بکەیت بەبێ دابڕان،ئەمەش واتا کەعائیشە بۆمان دەگێڕێتەوە: ئەی پێغەمبەری خوا، چکارێك خۆشەویستە بەلای خوای گەورەوە؟

فـــەرموی : بـــەردەوامی هەرچـــەن کـــەمیش بێـــت. ئەمـــەش پێـــی دەوترێـــت ڕێکخـــــستن، بەردەوامیـــــەکی پێداگرانەیـــــە پێـــــداگری پێداگریـــــە بەپابەندبوونـــــەوە .مەبەســـــت دەتگەیێنێتـــــە ئەندێـــــشە، لەخزمـــــەتی مەرامێکدایـــە،، هـــەموو کەســـانێك پابەنـــدبوونیان هەیـــە بـــۆ ئـــەوەی دەوڵەمەنـــدو ســـەقامگیری دەرونـــی بـــن، بـــۆ ئـــەوەی بـــچنە بەهەشـــت هـــەمووما‌ن پابەنـــدین بەدینـــەوە، کەواتـــە بابپرســـین، مـــرۆڤ بـــە چ شـــتێکەوە پابەنـــد دەبێـــت، دەبێـــت پابەندبونەکـــەی گونجـــاو بێـــت واتـــە ئیجـــابی بێـــت،، لەوانەیـــە کەســـێك هـــەبێت پابەنـــد بێـــت بـــەڵام پابەنـــد بوونەکـــەی نابـــەجێ بێـــت واتـــە ســـلبی بێـــت، وەك پابەنـــد دەبێـــتو ســـور دەبێـــت ڕێکخـــستن دەکـــات لەسەر خووی جگەرەکێشان.

مـــن توێژینەوەیـــەکم کـــرد بـــەناوی" ســـەرکەوتنی بێـــسنور" لـــەبارەی تۆمـــاس ئەدیـــسۆنو پابەندبونەکەیـــــەوە دووا‌وم ٩٩٩٩ جـــــار شکـــــستی خـــــوارد بۆئـــەوەی بگاتـــە داهێنـــانی گڵـــۆپی کارەبـــایی، پابەنـــدبوونی کولۆنیـــل ســـاندرز کەلـــە١٠٠٧ چێـــشتخانەدا شکـــستی خـــوارد، پابەنـــد بـــوونی والـــت دیزنـــی کلـــە٣٠٢ بانکـــدا ڕەواجێکـــی نـــەبوو، هـــەروەها پابەنـــد بـــوونی هۆنـــدا ئـــەوی شـــتێکی خـــراپ لـــەدنیادا نـــەما بەســـەری نەیـــەت، هـــەروەها پابەنـــد بـــوونی هـــاجر لەســـەفاو مـــەروادا ٧ کـــەڕەت، تـــاکو خـــوای گـــەورە ئـــاوی لـــەژێر پێیـــەکانی ئیـــسماعیلی کوڕیـــدا بـــۆ هەڵقوڵانـــد، ئەمانـــە هـــەموویان خـــاوەنی پاڵنـــەر، وزەو قـــاڵبوون، پاشـــان خـــستنە قۆنـــاغی کـــردارەوە، خـــۆڕاگرو پابەندو پێداگرو ڕێکخەر بوون.

دەبینیت کەسێك کاتێ پەکی دەکەوێت، بەخوا دەڵێت: ئیتر بڕستم لێبڕا ماندوێتی بەسە، ئێستا کاتی ئەوە هاتوەتەوەی دەمانەوێ مسۆگەری بکەین..

من خودی خۆم کاتێ ئەندێشەو خەیاڵێکم دەبێت، نایەڵم کەس بزانێت تەنانەت ئەوانەی لەگەڵ خۆمدا کار دەکەن، بەلام ئامانجەکەیان پێدەڵێم، چونکە گەر باسی بیرۆکەکانت بکەیت لەوانەیە بۆچونی هەڵەی یەکێك پشتت سارد بکاتەوە، یان وازت لەو بیرۆکەیە پێ بێنێت، پێشتر ئەندێشەکانم بەخەڵکی دەووت، چونکە ئەمانە هانیان ئەدام بۆ مسۆگەر کردنی، بەلام کەبۆم مسۆگەر نەدەکرا گاڵتەیان پێدەکردم، بەلام ئێستا دەڵێم: دیدو بۆچون شتێکی هەڵەیە، چونکە کاتێ دەدوێیت وزەیەك خەرج دەکەیت بەبێ مەودا، بەلام دەبێت ئەم وزەیە لەکارێکدا بەکاربێنیت، ئەو توندیەی لەئاخاوتندا بەکاری دەبەیت دەبێت لەکرداردا بێت نەك لەقسە.

پلانی ستراتیژی دەبێت جێبەجێو هەڵسەنگاندنو هەمووارکردنو زانین و جارێکیتر جێبەجێ بکرێتەوە لەگەڵ هەموو ئەمانەدا سوپاسو پێزانین بۆ پەروەردگار بکرێت، بۆنمونە تۆ پابەندبونو هێزێك بۆ فێربوونی زمان وەگەڕ دەخەیت، تۆ بەڕاستی پابەندیت، دەتەوێ فێر بیت، بەلام لەقۆناغێکدا جەنجاڵیەك یان نەخۆشیەك ڕوتێنەکات ناتوانی تەواوی بکەیت، ئەمە پابەند بوونێکی لاوازە، چونکە گەر پێداگری لەسەر کارەکەبکەیت ئەوا پابەند ئەبیت پێوەی، بەلام پێداگریو پابەندی هەفتەیەك یان دوان یان مانگێکەو دەوەستێت، ئەنجا ڕێکخستن دێتە گۆڕێ، ڕێکخستن واتا بەردەوامی، هەرچەن پابەند بیت بەشتێکەوە

سووربیت لەسەر پابەندبونەکەت، دوپاتی ئەو پێداگریە بکەیتەوە، بەمەش ئەو سێ قۆڵیە دێنە کۆتایی ئەمە ناوم لێناوە هێزە سیانیەکە.

پاشان قۆناغی دوایی ... نەرمو نیانیە:

بەهەموو شێوەیەك مەحاڵە ئاینده دروست بکەیت بێنەوەی میانەڕەو بیت لەکاتێکدا هیچ کام لەوانەی ئەتەوێ مسۆگەری بکەیت...

سەرنجی خەسڵەتێکی هاوبەشم داوە لەکەسایەتیە سەرکەوتوەکانی جیهان لەکاتێکدا بەرنامەی "چاوپێکەوتن لەگەڵ کەسانی سەرکەوتوو" م لەیەکێك لەکەناڵەکانا پێشکەش ئەکرد، چاوپێکەوتنم لەگەڵ ٣٠ کەسایەتی سەرکەوتودا ساز کرد، هەریەکێکیان لەوی تریان نایابترو دەگمەنتر بوون، لەبارەی زۆرێك لەهۆکارەکانە دەدوان، سەرەنجام هەمویان بەبێ جیاوازی ئەم سێ خەسڵەتەیان تێدا بوو:

- بڕوا بەخوا بوون.
- ئەندێشەی ئاشکرا.
- ئازایەتی بێسنور.

هێندە میانەڕەویان تێدا بوو، گەر توشی هەڵیەکیش بوبێتن، پەندیان لێوەرگرتوە، دەسبەرداری نەبوون تاکو مسۆگەریان کردووە.

میانەڕەوی، وەك یاسایەك لەیاساکانی نەست دەڵێت: کەسی میانەڕەو دەتوانێت زاڵبێت بەسەر هەستەکانیدا، زیاتر ئامانجەکانی بپێکێتو مسۆگەریان بکات لەکەسێکی توندڕەو.

چونکە کەسی میانەڕەو دەزانێت چۆن بیربکاتەوە بەشێوەیەکی جیاواز، گەر بیری لەڕێگەیەك کردەوە نەیگەیاندە شوێنی مەبەست، ئەوا ئاراستەی بیرکردنەوەی بەجۆرێکی دروست ئەگۆڕێت، ئەمەش ئەو

ڕێبازەیە کەژاپۆنییەکان لەسەری دەژین، ئەوان بە سێ ووشەی سەرەکی گرەویان بردۆتەوە:

- سڵاوو هەواڵ پرسین.
- سوپاس کردن.
- بەردەوام بەرەو باشتر چوون.

منیش سەرنجی ووشەی چوارەمم داوە ئەویش نەرمیو میانەڕەوی بەردەوام، دەبێت هەموو ڕۆژێك خۆت باشتر لەدوێنێ بکەیت، گەر بیرت لەرێگەیەك کردەوە نەیگەیاندیتە شوێنی مەبەستەکەت، ئەوا نەرمبەو ئاراستەی بیرکردنەوەکەت بگۆڕە.

ئەمەش واتای هاوسەنگ بوونە، رێکخستنە، پێداگریە لەسەر مسۆگەر بوونی ئامانجەکان، گەیشتن بەمەبەستە، نەرمی لەڕەفتاردا، کاتێ دەڵێیت من میانەڕەوم و ئەنجامێکی دیکەت بۆهاتە پێش ئەوەنەبوو تۆ بیرت بۆکردبویەوە ئایا دەسبەردار دەبیت و لێی رادەکەیت؟

زۆر ئاگاداری ئەم خاڵەبە، چونکە خاڵێکی ئێکجار گرنگە، دەبێتە کێشەیەکی گەورەی زۆرینەی خەڵکی، بەلام لەخۆت بپرسە:چی واتلێدەکات بیر لەئامانجێکی نوێ بکەیتەوە، ئایا بەهێزە سەبارەت بەتۆوە لەبەهادا؟

ئێستا کەپێت دەڵێم: تۆ خاوەنی پابەند بوونو پێداگریو رێکخستنو نەرمییەکی تەواویت لەو رەفتارەی وەرتگرتوە، هەنگاوێکی دواتردێت ئەویش ئارامگرتنە.

ئارامگرتن: ناتوانیت هیچ شتێك بکەیت، ئایندەیەك دروست بکەیت بەبێ ئارامگرتن، چونکە ململانێی ئاستەکەکان دەکەیت، من تۆزێك باسی

ئـــارامگریم بۆکردیـــت، دەبێـــت هۆکارەکـــان بـــەکار ببـــەیت، ڕوبـــەڕوی ئاسـتەگەکان ببیتـەوە، بـەڵام دەبێـت حەتمـەن ئـارامگریِ لەگەڵـدا بێـت، تـۆ پـــشتت بـــەخوای پـــەروەردگار بەســـتوە، هەمووشـــتێکت کـــردوە، بـــەڵام پـــەروەردگار ئاســـتەنگێك دەخاتـــە بـــەردەمت بۆئـــەوەی بتبینێـــت چـــۆن مامەڵــە لەگــەڵ گرفتەکــەدا دەکــەیت، بــەئارامیت یــان نــا..تــۆ دەڵێــت: پــەروەردگار مــن کــردم.. ئــارامم گــرت..لــەتۆ ترســام.. پــەروەردگاریش دەفەرموێت:

ومن يتق الله يجعل له مخرجا ويرزقه من حيث لايحتسب

واتــە بــێ چــەندو چــوون لــەماڵ لەتەندروســتی لەکەســایەتی لەهەرشــتێك، تــۆ پارێزکــار بویــت پارێزکــاریش واتــە تــەقوا، تــەقوا لەئیمانــەوە سەرچــاوە دەگرێــت، ئیمــان ئەتگەیەنێتــە گوێڕایــەڵی، گوێڕایــەڵی بــۆ بێخەوشــیو دڵــسۆزی، بێخەوشــی بــۆ ئەمەکــداریو پێــزانین، ئەمانــەش ســەرچەمیان بــۆ پەروەدگار.

پاشــان هــەنگاوێکی دیکــە ئــەویش بەدەســت هێنــان یــان شایــستە بــوون، ئێــستا تــۆ ئامانجــەکانت بەدەســت هێنــاوون، ووشــەی بەدەســت هێنــان، شــیاو بــوون وەك تــۆ هــەموو شــتێکت کــردوە، مەبەســت، ئەندێــشە، مــەرام، بــڕوا بــەخۆ بــوون، وێنــەی خــودی، جێبــەجێ کــردنو پــلان دانــان، پلانــی ســترا تیــژی، ئامانجــەکانت مــسۆگەر بــوون، دوای ئــەم هــەموو ماندوبوونــە بـــەخۆت ئـــەڵێیت: مـــن شـــایانی بـــووم، مانـــدوو بـــومو شـــیاوی هـــەموو ســـەرکەوتنێکم، پـــەروەردگار سوپاســـی بـــێ پایـــان بۆتـــۆ، زۆرێـــك لەخـــەڵکی ئامانجـــەکانیان بـــەدیهێناوە وێـــڕای ئـــەوەش هـــەر دڵخـــۆش نـــین، چـــونکە لەســـەر بەهایـــەکی بـــاڵا دروســـت نـــەبووە، زۆر بـــەخێرایی پێیگەشـــتوە، ئـــیتر

هەست بەوشیاو بوونە ناکات بەردەوامیش نابێت بۆیەهەرگیز هەستی دڵخۆشبوون ناکات.

پاشان قۆناغی دواتر دێتە پێش ئەویش هاوکاریکردنی خەڵکیە..

دوای ئەوەی خوای پەروەردگار ئامانجەکانی بۆ فەراهەمو فراوان کردیتو کۆمەکی کردیت بۆ مسۆگەر کردنیان، بێگومان دەبێت هاوکاری خەڵکی بکەیت، گەربتەوێت بیرۆکەکانت بەردەوامیان لەزەمەندا هەبێت، پێویستە بیدەیتە کەسانیتر،وەك بە"زەینۆ"یان وت: تۆ یەکێکیت لەدانایانی ئەم چاخە... ئەویش وتی: من دانا نیم تاکو دانایانێك دروست نەکەم، بۆ ئەوەی بگەیتە پلەی دانایی، پێویستە دانایان دروست بکەیت، تۆ ئامانجت مسۆگەر کردووە، چیتر تۆ دەبیتە ئاڵقەی گەیاندن لەلایەن خواوە، تۆ لەخوای پەروەردگاری وەردەگریتو دەیبەخشیتە کەسانیتر، تۆبۆ ئایندەت هەموو هۆکارەکانت بەکاربرد، هۆکارەکانیش لەناخی دڵەوەن کەپێنج هەستەکانە، پشت بەخوابەستن، لەئاسودەیی دڵ و دەرونەوەیە، چونکە لەنێو دڵدا یادەوەری هەیە وەك پەروەردگار دەفەرموێت: ختم الله علی قلوبهم.

واتە تۆرێکی گەیشتنو پەیوەندی بەخواوە لەدڵەوە سەرچاوەدەگرێت، بۆیە گەر نەمێنێت بەوجۆرە دەفەرموێت، تۆ هەموو هۆکارەکانت بەکار بردووە ئەوانی خوای پەروەردگار بۆی فەراهەم هێناویت، لەخوێندنەوە، لەگوێگرتن لەکاسێت، بینینی فیلمی ڤیدیۆیی، ئامادە بوونی کۆڕو سیمینارەکان، سەیرکردنی بەرنامەو توێژینەوەکان هەموو ئەوانی لێیانەوە فێر بوویت، ئەمانەت هەموو خستۆتە مەیدانی کردارییەوە، نەخشەت بۆکێشاوە، هەڵسەنگاندووە، هەموارتکردووە، لێیانەوە

فێربوویـت، جـارێکیتر لەبێژنگـدراوە خـستوتەتەوە مەیـدانی کـارەوە، دوای ئەمانە پشتت بەخوا بەستوە، وەك پەروەردگار دەفەرموێت:

فإذا عزمت فتوکل علی الله إن الله یحب المتوکلین

پـشت بـەخوا بەسـتوان ئەوانـەن هۆکارەکـان بەگەڕدەخـەن، ئـەنجا پـشت بـەخوا دەبەسـتن، ئـەویش ئـەمجۆرە پـشت بـەخوا بەسـتوانەی خـۆش دەوێـت، کاتـێ دەسـت دەگریـت بەهۆکارەکانـەوە دەچـیتە ریـزی پـشت بـەخوا بەسـتوانەوە ئەوانـەی پـەروەردگار خۆشـی دەوێـن، دڵنیابـە خـوای پەروەدگار خۆشی دەوێیت لەدنیاو قیامەتدا سەربەرزت ئەکات....

كۆتایی:

من زۆر سەرسام دەبم کاتێ ئەم وتەیەی شوقی دەخوێنمە:

ومانیل المطالب بالتمني ولكن تؤخذ الدنيا غلابا

ئەمەش واتا گەرتۆ لەماڵەوە دانیشیت، هیچ شتێك نەکەیت، ئەوا هیچ دەسکەوتێکت نابێت، پەندێکی ئینگلیزی دەڵێت: بیرلەهیچ شتێك نەکەیتەوە،هیچ شتێکیش نەکەیت، ئەوا هیچت دەسگیر نابێت، بەهیچیش نابیت....

ئێستا با لێت بپرسم: ئایا دەکرێت هەموو ئەمانە بکەیتو نەتوانیت ئامانجەکەت مسۆگەر بکەیت؟

بێگومان دەکرێت! چونکە گەر ئامانجەکەت مسۆگەر نەکەیت ئەوا دوهۆکارت لەبەردەمدا بوون:

یان هۆکارەکانت بەکاربردون بێئەوەی بگەرێیتەوە بۆلای رەخسێنەری هۆکارەکان واتە پەروەردگار، یان توشی لوتبەرزیو غرور بویت، چونکە سەرکەوتن دەکرێت بتگەیەنێتە سەرکەوتن، یان بەرەو هەڵدێرت ببات، ئەم هەڵدێرە خوازراوە، بۆئەوەی بیرلەتوانا راستەقینەکانت بکەیتەوەئەوانەی خوای گەورە پێی بەخشیویت بۆ ئەوەی بەرەو لای خوای گەورە بگەرێیتەوەو پشتی پێبەبەستیت یارمەتی زۆرینەی خەڵکی بدەیت، چونکە لەیاریدەدانی هەرکەسێکدا هەستی کامەرانی ئەکەیت هاوکات خوای گەورە زیاترو زیاترت پێدەبەخشێت، بەدرایژایی

گەشتەکانت بەسەر دنیادا پێویستە بزانیت تۆ کێیت بزانیت تۆ باشترین بەدیهێنراوەکانی خوای پەروەردگاری، هەمیشە بەهای خۆت بزانە.

جارێکیان ڕاوچیەك ڕاوی شتە سەیرو سەمەرەکان دەکات، ڕاوی مانگایەکی شێوە نامۆ دەکات، یان ئاسکێکی ژیکەڵە دەیانباتەوە پەروەردەیان دەکات، ڕۆژێکیان ڕێی دەکەوێتە سەرشاخێك، هێلکەی داڵێك ئەدۆزێتەوە، دەیەوێت تاقی بکاتەوە، دەیهێنێتو تێکەڵی هێلکەی مریشکێکی بەکڕی دەکات، دوای ماوەیەك مریشکەکە هێلکەکان هەڵدێنێت، هاوشان هێلکەی داڵەکەیشی تێدایە، بێچوەداڵەکە وادەزانێ مریشکەکە دایکی ئەویشە، وەك جوچکەکان دێتە دەرو چینە دەکات، دەنوك لەزەوی ئەداتو دانەوێڵە ئەخوات، دەیەوێت وەك جوچکەکان بجوکێنێت بەڵام ناتوانێت، چونکە دەنگی لەدەنگی ئەوان زۆر جیاوازتر، ڕۆژێکیان باڵندەیەك بەئاسمانەوە دەبینێت ڕەگێکی زێڕینی هەیە، دوباڵی درێژی هەیە، زۆر بەئاسانی دەفڕێت بەئاسماندا، سەیرێکی دەکاتو بەخۆی دەڵێت:تۆ بڵێی منیش وەك ئەو بتوانم بدەم لەشەقەی باڵو بفڕم؟ هەموو مریشکەکان لێی دێنە دەنگو پێی دەڵێن: وسبە وس...لێی دور بکەوەرەوە، چونکە ئەوەداڵە ئەتخوات، بۆیە لەگەڵ مریشکەکاندا هەڵدێت، بەڵام شتێك لەناخەوە پێی دەڵێت: بۆ وەکو ئەوباڵندەیە ناکەیت؟ بەخوا دڵم پێم ئەڵێت دەتوانیت وەك ئەوباڵندەیە تۆش بفڕیت، بۆیە بەیانیەکیان زوو ڕاپەڕی، سەیرێکی باڵندەکەی ئاسمانی کردوو ویستی لاسایی بکاتەوە باڵەکانی وەکو ئەو کردەوە سەیرێکی خۆی کردو وتی: منیش وەك ئەو باڵەکانم درێژن، خۆ من لەمریشکەکان ناچم! زۆر لەوان گەورەترم بیرێکی تری کردەوە بازێك

بدات، مریشکەکان بۆی هاتن پێیان وت: بۆ بڕوا بەخۆت ناکەیت کەتۆش وەك ئێمە مریشك بیت؟ ڕاکە بادالەکە نەتخوات، بەلام ئەم گوێی بۆ قسەکانی ئەوان نەگرت بەردەوام بوو لەسەر بازدانەکانی خۆی بۆ فڕین، مریشکەکان پێی پێدەکەنین و گالتەیان پێدەکرد، بەلام ئەم لەهەولدانەکانی دەستبەردار نەبوو تاکو دای لەشەقەی بالو توانی بفرێت، دلنیا بوو لەوەی ئەم مریشك نییەو دالە،، منیش ئەمەم لەتۆ دەوێت بەلام تۆ دال نیت بەلکو جوانترینو باشترین بەدی هێنراوی پەروەردگاریت، مەهێلەمریشکەکان گالتەت پێبکەن، وریابەو ئاگاداری ئەوانە بە خەونەکانت دەدزن، مەهێلە بکەویتە ژێر کاریگەری قسەو قسەلۆکی خەلکیەوە، هەرچۆن ئاستەنگ بێنە ڕێت لەلایەن خوای پەروەردگارەوەیە، هەرچەندیش خۆڕاگرو ئارامگربیت خوای گەورەش زیاترو زیاترت بۆ فەراهەم دێنێت.

وتەیەکی هۆمیرۆس دەلێت:

پێویستە مرۆڤ هەول و کۆشش بکات تاکو خوا سەرکەوتن بکاتە یاوەری. بەدرێژایی تەمەنت لەریزی چاکەکاراندابە وەك پەروەردگار دەفەرموێت: ولا نضيع أجر المحسنين...

خوای گەورە خەلاتی چاکەکاران دەکات چونکەبەخشندەو چاکەکارن، هەمیشە خۆت بخەرە قۆناغی کرداریەوە، خۆت بخە ریزی تێکۆشەرانەوە، تاکو کۆشش زیاتر بکەیت پەروەردگاریش زیاترت پێدەبەخشێت، وەك پەندێکی عەرەبی دەلێت: هەرکەس بەدوای هەرشتێکدا بگەڕێت دەستگیری دەبێت... تۆ خۆت ماندوو دەکەیت

پــەروەردگاریش ناهێڵێــت مادوێتیەکــەت بەهــەدەر بــچێت، الله لایـضیع أجــر من احسن عملا

موتەنەبی دەڵێت:

علی قدر أهل العزم تأتي العزائم وتأتی علی قدر الكرام المكارم

وتعظم في عین الصغير صغارها وتصغر في عین العظیم العظائم

بــەردەوام هەرچــیەك لەژیانتــدا ڕوبــدات بەهۆیەکەوەیــە ئــەم هۆیــە خزمــەتت ئەکات..

ئێـستا بــەر لــەوەی بێمــە کۆتــایی دەمــەوێ ســتراتیژیەکی جوانــت پێبــدەم، چـــۆن هەســـت بـــەخاو بونەوەدەکـــەیت ئایندەیـــەکی جـــوانیش بۆخـــۆت دروست دەکەیت؟

هــەمو کارەکانــت واز لێبێنــەو جارێــك ئــەم دێڕانــە بخوێنــەوە پاشــان تــەنها خۆت پێی هەستە.

هەناســـەیکی قـــووڵ بەچـــوار کـــەڕەت هەڵمـــژە، پاشـــان بەهەشـــت کـــەڕەت لەلوتـــەوە بیـــدەرەوە بەهێواشـــی، بەهێواشـــی ماســـولکەکانی چـــاوت خـــاو بکـەرەوە، لەپەنجـە گـەورەی قاچـی ڕاسـتەوە ئـەنجا پەنجـە گـەورەی قاچـی چــەپت، هەســت بــەخاو بونــەوەیان بکەهەســت بــە حەوانەوەیــە بکەبــەرەو ئـــــەژنۆکانت ســـــەردەکەوون، ئـــــەژنۆی ڕاســـــتت بحەوێنـــــەوە، هەســـــت بەخاوبونــەوەی تــەواوی بکــە، ئــەژنۆی چــەپت بحەوێنــەوە، هەســت بــەخاو بونــەوەی تــەواوی بکــە، هەســت بــەو خــاو بونەوەیــە بکەبــەرەو ســینگت هەڵدەکـشێت بەهێواشــی، دەســت بــدە لەهــەموو بەشــێکو ماســولکەیەکی لەشــت تادەگاتــە ســکت، ســکت بەتــەواوی بحەوێنــەوە لــەناوەوە لــەدەرەوە هەســت بــەخاو بونــەوەی بکــە، هەســت بــەو ئاســودەییە بکــە کەئێــستا

دەگاتــە ســینگت، هەســت بکەســینگت تــەواو خــاو بۆتــەوە، شــانی ڕاســتت بحەوێنــەوە، هەســت بــەخاو بونــەوەی بکــە، شــانی چــەپت بحەوێنــەوە، هەســت بــەخاو بونــەوەی بکــە، بــاڵی ڕاســتت بحەوێنــەوە، هەســت بەخاوبنــەوەی بکــە، بــاڵی چــەپت بحەوێنــەوە، هەســت بــەخاو بونــەوەی بکــە، پەنجــەکانی دەســتی ڕاســتت بحەوێنــەوە، هەســت بەخاوبونــەوەیان بکــە، پەنجــەکانی دەســتی چــەپت بحەوێنــەوە، هەســت بەخاوبونــەوەیان بکــە، هەســت بــەو ئاســودەییەی گــەروت بکــە، بــچۆرە ســەر دەمــو چــاوو ڕوخــــسارت، هــــەموو بەشــــێکی دەمــــو چــــاوت بحەوێنــــەوە هەســــت بەخاوبەنــەوەیان بکــە، ئــەنجا ئاســودەیی بگەینــە ســەرت هــەموو ئەندامەکانی لەشت باخاوببنەوە.

ئێــستا دەمــەوێ وابزانیــت لەدەپلــەی پلیکانەیەکــەوە دابــەزیویت بــەهێوری هــەموو پلەیــەك زیــاترو زیــاتر خــاوت دەکەنــەوە، تالەکۆتاییــدا هەســت بەخاوبونەوەیــەکی سەرتاســەری ئەکــەیت، لێــرەدا دەبینیــت دەرگایــەك لەبەردەمتدایــە، تــۆ دەزانیــت شــێوەی ئەودەرگایــە چــۆنە، مــەرج نیــە دەرگاکــە بەوردەکاریەکانــەوە ببینیــت، بــەڵام شــێوەی دەرگاکــە بەچــاکی دەزانیــت، لــەدیو ئــەم دەرگایــەوە ڕێگەیــەك هەیــە دەتگەیەنێتــە ئاینــدە... دەرگاکــە بکــەرەوە، ڕوناکیــەك دەبینیــت هێورکــەرەوەی جەســتەو دەمارەکــانو دەرونتــە، دەســبەکاربەو بــڕۆ بەڕێگەیــەدا ڕۆژانو ســاتەکانو خولەکــەکان لەبــەر تیــشکی ئــەم ڕوناکیەکیــەدا دەڕۆن، هەرهــەنگاوێك هەڵــدەگریت ئامانجێــك دەپێکیــت، هــەموو ئامنجێــك بــەئامانجێکی دیکــەت ئەگەیــەنێت، زیــاتر گرێــت ئەداتــەوە بەمەبەســتو ئەندێــشەکانەوە، دەبینیــت مەرامەکــەت بــەهێز دەبێــت، زیــاترو زیــاتر بــڕۆ تادەگەیتــە

خەونـــەکانت ئامانجـــەکانت بـــەدی دێنیـــت، بـــەلای ڕاســـتدا ســـەیرێکی دواوە بکـــە، ئـــەو ســـتراتیژانە دەبینیـــت کـــەبۆ بـــەدیهێنانی مەبەستەکانت بـــەکارت هێنـــاوون، دەڵێـــت: سوپاســـی بـــێ پایـــان بـــۆ پـــەروەردگار، ســـەیرێکی لای چـــەپت دەکـــەیت، ئـــەو ئاســـتەنگانە دەبینیـــت کەبەســـەریاندا تێپـــەڕیویت چـــۆن توانـــا تێپەڕانـــدنیانت هـــەبوو، لێرەشـــدا دەڵێـــت: سوپاســـی بـــێ پایـــان بۆ پەروەردگار، ئیتر ئێستا تۆ ئامانجو خەونەکانت بەدەست هێناوە.

سەرنج بدە:

تـــۆ ئێـــستا لـــەکوێیت؟! چـــی لەبەردەکـــەیت؟! کـــەش‌و ئـــاوو هـــەوا چـــۆنە؟! چـــی دەبیـــستیت؟! هەســـت بەچـــی دەکـــەیت؟! لێـــرەوە وێنەیـــەکی گـــەورە بۆخـــۆت دروســـت بکـــە، هـــەموو ئەوڕەنگانـــەی تێبکەکـــەپێت خۆشـــە، هەرچـــۆنێك پێباشـــە ڕونـــاکی بخـــەرە ســـەر وێنـــەك، بـــەئارەزوی دڵـــی خـــۆت گەورەی بکە.

ئێستا:

کـــارێکی وابکەبـــچیتە نـــاو وێنەکـــەوە، هەســـتی پێبکـــەیت، لەناویـــدا هەناســـە بدەیت، تاکو لەگەڵ وێنەکەدا دەبیتە یەك.

ئێستا:

لەوێنەکـــەوە وەرەدەرەوە، لێگـــەڕێ بـــا کـــەفو کـــوڵی بەســـەرتدا برژێـــت، ئەوجا سێ جار بڵێ: الحمد لله... الحمد لله... الحمد لله.

پاشـــان بگـــەڕێوە بـــۆ ڕێگەیـــەی لێـــوەی هاتیـــت، خولەکـــەکان، چـــرکەکان، ســـاتەکان، ڕۆژەکـــان، بگـــەڕێوە بۆشـــوێنی خـــۆت، لێـــرەوە تەماشـــای ئـــەوێ بکـــە، دەبینیـــت وێنەکـــەت بەرجەســـتە بـــووە، مەبەســـتەکەت بەرجەســـتە بـــووە، لێـــرەوە برانـــەو بڵـــێ: تـــەنها مەســـەلەی کاتـــە، بەویـــستی

پەروەردگار مەبەستەکەم دێنمە دی، پاشان لەهەمان دەرگاوە بچۆرەوە ژورەوە، ئەوەی لێی هاتیتە دەر، ئەو دەپلەیە دەبینیت کەلێی دابەزیت، بەهەر پلەیەکدا سەرکەویت بەهاو مانای خۆی هەیە، بەپلەی یەکەمدا سەرکەوە ئەوپلەیەی خۆپێ پەسەندبون، هەست دەکەیت تۆ خۆتت بەتەواوی پێ پەسەندە، ئاستەنگو پێش هاتەکان هەرچیەك بن، یان قسەو قسەلۆکی خەڵکی، تۆ بەتەواوی خۆتت پێ پەسەندە، دەزانیت تۆ باشترین بەدی هێنراوی خوای پەروەردگاریت، پلەی دووەم، ئەویش وێنە خودیەکەتە، لێرەدا خۆت پەروەردە دەکەیت بۆ مسۆگەر کردنی ئامانجەکەت، بەپلەی سێیەمدا سەردەکەویت، ئەویش خۆ نرخاندنە، خۆتو ئەزمونەکانت هەڵدەسەنگێنیت، بەپلەی چوارەمدا سەردەکەویت ئەویش بڕوات بەتواناکانی خۆت بۆ بەهێز دەکات، بەپلەی پێنجەمدا سەر دەکەویت، ئەویش شایستەیی خۆتت بۆدەردەخات کەتۆ شایانی بەدیهێنانی خەونو ئامانجەکانی خۆتیت، بەپلەی شەشەمدا سەردەکەویت ئەویش، حەزە، حەزێکی ئاگرینت بۆ دروست دەبێت، بەویستی پەروەردگار دەتگەیەنێتە لوتکە، بەپلەی حەوتەمدا سەر دەکەویت، ئەویش تواناکانتە، لێرەدا رۆژانە تواکانی خۆت ئەبینیتەوەو سڵ لەهیچ شتێك ناکەیتەوە، بەپلەی هەشتەمدا سەر دەکەویت، فێری ستراتیژەی نوێ دەبیت تاکو تواناکانت لەکرداردا بەکار ببەیت، بەپلەی نۆیەمدا سەر دەکەویت، ئەویش متمانەیە، متمانە بەخۆبونت ئێستا لەبرەودایە لەهەر کاتێکی دیکە، بەپلەی دەیەمدا سەر دەکەویت، ئەویش وزەی رۆحانییە، دەبێت هەموو وزە رۆحانیەکانت بەرەو پەروەردگاربن بەتینی دڵو دەرونو گیانەوە.

ئێستا :

هەناسەیەکی قووڵ هەڵمژە، لەگەڵ دانەوەیدا بڵێ سوپاس بۆ پەروەردگار سێ کەڕەت، چاوەکانت هەڵبێنەوە، هەموو ڕۆژێك بەرلەنوستن کەمێك ئاو بخۆرەوە، هەناسەیەکی قووڵ هەڵمژە بەهێواشی بیدەرەوە، چاوەکانت لێك بنێ لەناخەوە بەخۆت بڵێ: من ئەتوانم ئامانجەکانم بەدی بێنم بەویستی پەروەردگار...

من ئامانجەکانم بەدی دێنم، خەونەکانم بەدی دێنم بەویستی پەروەردگار، مەبەستەکەم ئاشکرا دەکەم، پەروەردگار دەمپارێزێت، ڕێنمونیم دەکات بۆڕێگەی چاك لەهەموو کاتێك لەهەموو شوێنێك، منیش لەخوای گەورە دەپاڕێمەوە بەتواناکەم ئایندەیەی پرشنگدار بۆخۆم دروست بکەم، من بڕیامداوە تواناکانم بەئاگا بێنمەوە ئایندەم دروست بکەم...

لەکۆتاییدا:

بەردوام لەیادت بێت:

هەموو چرکەیەکی ژیانت بەجۆرێك بژی وەك دوایین چرکەی ژیانت بێت، بەخۆشەویستی خواوە بژی، بەڕەوشتی پێغەمبەرەوە بژی، بەتێکۆشانەوە بژی، بەخۆشەویستیەوە بژی، بەهای ژیان بزانە.

دکتۆر ئیبراهیم ئەلفەقیّ
لەچەند دێڕێکدا

د. ئیبراهیم ئەلفەقیّ:

– دامەزرێنەرو سەرۆکی ئەنجومەنی کۆمەڵگەی کۆمپانیاکانی ئیبراهیم ئەلفەقیّ.

جیهانیە کەپێکهاتوون :

– مەڵبەندی کەنەدی بۆگەشەی مرۆییCTCHD

–مەڵبەندی کەنەدی بۆ هێزی وزەی مرۆیی CTCPHE

– مەڵبەندی کەنەدی بۆخەواندن بەئاماژەCTCH

– مەڵبەندی کەنەدی بۆداتای زمانەوانی دەماری CTCNLP

– دانەرو دامەزرێنەری زانستی دینامیکی چاندنی دەمارNeuro Conditioning dynamic(NCD)

–دانەرو دامەزرێنەر زانستی هێزی وزەی مرۆیی Power Human Energy

– پسپۆری جیهانی ڕاهێنەری بڕوا پێکراوله:

– داتای زمانەوانی دەماری.

– خەواندنی موگناتیسی .

– ئەنبار کردن .

– ڕیکی.

ڕاهێنەرو بڕواپێکراوی گەشە مرۆییەکانە بۆ کۆمپانیاو دامەزراوەکانی حکومەتی کیبیك لەکەنەدا .

– دکتۆرای هەیە لەزانستی میتافیزیك لەزانکۆی لۆس ئەنجلوس لەوڵاتە یەکگرتوەکانی ئەمریکا.

- بڕوانامـــەی شـــەرەفی یەکـــەمی بەدەســـت هێنـــاوە لەبـــەڕێوەبردنو فرۆشیاریو بازاڕەوە لەدامەزراوەی ئەمریکی بۆ هۆتێلەکان .
- ٢٣ بڕوانامـــەی دبلـــۆم، ســـیان لەپـــسۆڕی بـــالآ لەگەشـــەی مرۆیـــی بەڕێوەبردنو فرۆشتنو بازاڕ.
- جێگری بەڕێوەبەری گشتی هەنـدێك لەهۆتێلـە پێـنج ئەسـتێرەییەکانی مۆنتریالی کەنەدیە.
- خـــاوەنی کۆمـــەڵێك دانـــراوە کەوەرگێڕراونەتـــە ســـەر پێـــنج زمـــانی ئینگلیـزی، فەرەنـسی، عـەرەبی، کـوردی، ئەنـدۆنیزی، پڕفرۆشـترین دانراوی جیهانین.
- پێگەیەنـەری ٨٠٠ هـەزار کەسـە لەسـیمینارو خولەکانیـدا، وانـە بیـژو ڕاهێنەرە بەسێزمانی جیهانی ئینگلیزی، فەرەنسی، عەرەبی.
- پاڵـەوانی پێـشوی کۆمـاری میـسریە لـەیاری تێنـسداو لەسـاڵی ١٩٦٩ لەسەر ئاستی جیهانی پاڵەوانێتی بەدەست هێناوە لەئەڵمانیا.
- ئێستا لەگەڵ خێزانەکەی أمال ئەلفەقێ، هەردوکچە دوانەکەی نانسیو نـەرمین نـەوەکانیان مالـكو زیـادو کـایلاو جەنـەت لـەمۆنتریالی کەنـەدا دەژین.

چی دەڵێین لەبارەی ئیبراهیم ئەلفەقێ وە:

- بەڕای من دکتۆر دکتۆر ئیبراهیم ئەلفەقێ باشترین وانە بێژی جیهانییە..

بنادیت دیکارت بێژەری-ک ب ل- لویزیانا ولاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا.

- زیاتر لەقەشەنگی سەلیقەیەکی دەگمەنی لەپێشکەشکردندا هەیە..

دکتۆر کلیمنت جونسون-پزیشک- تکساس- ولاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا.

- چێژبەخش و بەتوانیەبەهێزو خێراییەک دەگاتە مێشکی گوێگرەکان پێشینەی نیە

کریستیان ماکدونالد-بەرپرسی ماپرز-مونتریال-کەنەدا.

- دکتۆر ئیبراهیم ئەلفەقێ فێری هونەری ژیانی کردم، ڕێگەی بەختەوەی بۆ ڕوناک کردمەوە.

میشیل جویان-نوسەری ڕۆژنامەی لەکوفیت-مونتریال -کەنەدا.

- کۆڕەکانی دکتۆر ئیبراهیم ئەلفەقێ، ئەزمونەکانی تەمەنن، هەمووکەسێک دەبێت فرسەتی چونە کۆڕەکانی ئەوی هەبێت.

روز سولازو- مونتریال- کەنەدا

- دکتۆر ئیبراهیم ئەلفەقێ ڕێگە ژیانێکی تری بۆ ڕوونکردمەوە.

سوزیت جورجدو- کۆمپانیای فرۆکەوانی - کەنەدا.

- دەگمەنەو بێوێنەیە، بەیەکێک لەوانەبێژە جیهانیەکان هەژمار دەکرێت.

فرانس مارتل- بێژەر- تەلەفیزیۆن-کیبیک- کەنەدا

- دکتـــور ئیـــبراهیم ئەلفـــەقێ.. تـــوانی لـــەماوەی هەشـــت کاتـژێردا، خولیایـەکی بێوێنـە لـەناخی ئامادەبوانی دروسـت بکـات، هـەروەها تـوانی ئەندێشەو ڕێگاکانیـان بـۆ ڕونـاک بکاتەوە، کاریگەریەکی وای لەسەرمان دروستکرد لەناخەوە خۆشمان بوێت پەیوەست بین پێیەوە، ئەم هاوکێشەیەش لەوپـەڕی ڤورسـیدایە، هـەرگیز کەسـم نـەدیوە بتوانـێ لەماوەی یەک ڕۆژدا هێندە سەرکەوتو بێت.

اودیت اسکندر-سەرۆکی ئەنجومەنی کۆمپانیای میسرو ڕۆژهەلأتی ناوەراست- میسر

- دەگمـەن‌و جیـاوازە، شـێوازێکی دڵڕفێنـی هەیـە، کۆرەکـەی چویە ناخی دڵمەوە، ڕێڕەوی ژیانی گۆڕیم.

عیزەت فرحات- بەڕێوەبەری دلهانە مرۆیەکان-جونسون واکس -میسر.

- دکتۆر ئیبراهیم ئەلفەقێ، زەنیارێکی تایبەتـە، نەستی مرۆڤ پـڕ دەکـات لـەوزە، بزوێنـەری خەڵکـەبۆ ئـەوجی ژیـانێکی دینامیتی بەرەو باڵا.

ڕۆژنامە نوس -مونا عبدالجلیل-کویت.

- زۆر دەگمەنـە، لـەو بـاوەڕەدا نـەبووم، هێنـدە خـاکی بێـت، هێندە گرنگی بدات بە ڕاهێنراوەکانی خۆی.

عبدالله حارس رومەیسی- سەرۆکی بەشی مۆزیک- کەناڵی تەلەفزیۆنی دوبەی- ئیماراتی یەکگرتوی عەرەبی.

- دکتۆر ئیبراهیم ئەلفـەقێ، جێگـەی شـانازی هـەردو نەتـەوەی عەرەبی‌و ئیسلامیە.

هەیسەم عبدالغنی- جێگری بەڕێوەبەری گشتی- کۆمپانیای سعودیە، هێنان‌و بردنی کاغەز- شانشینی عەرەبی سعودی.

کچێکی تەمەن 19 ساڵ سەردانی کردم بۆ نوسینگەی ڕاوێژکاریەکەم، دەگریا، گریانێکی نائاسایی، کاتێ باسی باوکی دەکرد تەنانەت وتی: زۆر ڕقم لێیەتی، بەرگەی ناگرم، خۆکوژیم پێباشترە لەم حاڵەم، زۆریش هەوڵی خۆکوژیداوە لەبەر توندو تیژی باوکی. جارێکیان چاوم بەباوکی ئەو کچە کەوت لەیەکێك لەکۆڕەکانمدا، هەرکەبینیمی دەسپێشخەری کردو وتی: زۆر پێویستم بەتۆ هەیە بۆ ئەوەی هاوکاریم بکەیت لەو کێشەیەدا، من دەمەوێ زیاتر لەکچەکەم نزیك بمەوە، بەلام ئەو ڕوم تێناکات منیش ناتوانم بەوجۆرە مامەڵەی لەگەڵ بکەم. بڕوانە ئەو دەیەوێ بەوپەڕی توانایەوە ئەرکی خۆی جێبەجێ بکات لەهەموو حاڵەتێکیدا ئەو باوکە. کچەکەش حەزی لەدورکەوتنەوەیە، حەزی بەچونە دەرەوەیە حەزدەکات درەنگ بچێتەوە بۆ ماڵ، بیری ڕاستەقینەی نەدەکردەوە، لەوانەکانیدا دەرنەدەچوو، چاوەڕوانی هیچ شتێکی ئەرێی نەدەکرد تەنها لەنەرێکان پێشوازی دەکرد، گوایە باوکی دەیەوێت کۆتوبەندی بکات، یان توندو تیژ بێت لەگەڵیدا.

لە بلاوكراوەكانی خانەی چاپ و بلاوكردنەوەی چوارچرا